٧ رۆژنامە

www.rozhnama.com

رۆژنامەیەکی رۆژانەیە کۆمپانیای وشە و دیزاینکات

ژمارە 530 سێشەممە 11/ 8/ 2009 | نرخ 500 دینار | No.530 Tue 11/ 8/ 2009

پرۆفیسۆر عەلی قەرەداغی:

بنەمای سەرمایەداریی وەک فیکر رووخاوە

ل٨و ٩

وەزیرێکی کورد: بەدەگمەن لە ئەنجومەنی وەزیراندا باسی کەرکوک کراوە

هەستیار قادر

نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق ئۆبالی جێبەجێنەکردنی مادەی (١٤٠) دەخاتە ئەستۆی پەرلەمانو سەرۆکایەتی کۆمار، وەزێرێکی کوردیش لە بەغدا ڕەخنە لە ئەدای ئیدارەی کەرکوک دەگرێتو دەڵێت: «لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقدا بە دەگمەن باس لە کاری لیژنەکانی تایبەت بە کەرکوک کراوە».

لە بەیاننامەیەکدا نوری مالیکی وەزیرانی سنووری عێراق رایگەیاند: کە ئەوەی پەیوەستبێت بە حکومەتەکەیەوە سەبارەت بە جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)ی دەستووری هەمیشەیی عێراق، ئەنجامدراوە لە پێکهێنانی لیژنەو تەرخانکردنی پارە بۆی، ئەوەی دەمێنێتەوە دەکەوێتە ئەستۆی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی کۆمارو پەرلەمانو دەڵێت: «کێشەی دەستنیشانکردنی سنووری پارێزگا جێناکۆکەکان لە بەرپرسیارێتی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی عێراقەو ئەو ئەنجومەنەش ئاماژەی بــەوەداوە، کە بەهۆی نەبوونی تەوافوقەوە لە نێوان ئەندامەکانیدا ناتوانێت پێشنیاز بکات بۆ دیاریکردنی ئەو سنوورانە»

لــەوبــارەیــەوە عەلی محەمەد وەزیــری دەوڵەتی عێراقی ئاماژە بەوە دەکات، کە لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا بە دەگمەن لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیراندا باس لە کاری لیژنەکانی تایبەت بە کەرکوک کراوە، بە ڕۆژنامەی راگەیاند: «هێندەی ئاگاداربم تەنیا یەکجار لە سەرەتای ساڵی (٢٠٠٧)دا لە ئەنجومەنی وەزیران باس لە کاری لیژنەکانی تایبەت بە کەرکوک کراوەو ئەو کێشانە تەنیا لە ژوورە داخــراوو ئاستە نایاساییەکانداو لەنێوان یەکێتیو پارتیو لایەنەکانی دیکەدا باسکراوە».

عەلی محەمەد بەشێک لە هۆکاری سەرنەگرتنی کاری لیژنەکانی تایبەت بە کەرکوکی خستە ئەستۆی ئیدارەی کەرکوک، وتیشی: «بەپرسانی کەرکوکو سەرکردایەتی سیاسیی کورد بە ئێستاشەوە نەیانتوانیوە پێکهاتەکانی کەرکوک دڵخۆش بکەن بۆ هاوکاریکردنیان لە مادە دەستوورییەکانی پەیوەندیدار بە کەرکوکەوەو تائێستاش یەکێتیو پارتی دوو ئاسایشو دوو ئیدارەی جیایان لە کەرکوکدا هەیە».

بەغدا، جەلەولا چەک دەکات

هەستیار قادر

سوپای عێراق هەڵمەتی لە چەکداماڵین لە ناحیەی جەلەولا دەستپێدەکاتو بەڕێوەبەری ناحیەکەش ئاماژە بە مەترسییەکانی ئەو هەنگاوە دەکات لەسەر ژیانی کوردانی ناوچەکەو دەڵێت: «بە کشانەوەی هێزی پێشمەرگە، کورد لە سنووری جەلەولا گورگانخواردوو کرا».

بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست ڕۆژنامە کەوتوون، هێزەکانی سوپای عێراقی بە فەرمانی حکومەتی عێراقی هەڵمەتێکی بەرفراوانی چەکداماڵینیان لە سنووری ناحیەی جەلەولا دەستپێکردووەو بەپێی وتەی سەرچاوەیەکی ئاگاداریش ئەم هەنگاوە مەترسی بۆ سەر کوردەکانی ئەو ناوچەیە هەیە، کە بۆ بەرگریکردن لەخۆیان لەدژی هێرشی پاشماوەی بەعسییەکانو گروپە توندڕەوەکان چەکیان هەڵگرتووە.

ئەنوەر حەسەن میکائیل، بەڕێوەبەری ناحیەی جەلەولا وێڕای پشتڕاستکردنەوەی ئەو زانیارییانە بۆ ڕۆژنامە ئاماژەی بەوەدا، کە ئەو هەنگاوەی سوپای عێراقی هەڵەیەو مەترسی بۆ کەسایەتیو لایەنە سیاسییە کوردییەکانی ناوچەکە هەیە، وتیشی: «لە دوای کشاندنەوەی هێزی پێشمەرگە لە شەوی (١٣-٢٠٠٨/٩/١٤) لە سنووری ناحیەی جەلەولا، کورد لەو ناوچەیە گورگانخواردوو کراوەو بەو پێیەی ئێستا سوپاو پۆلیسی عێراقی لە جەلەولا حوکم دەکەن، تەنیا (١٠٪)ی ئەو هێزانە کــوردن، کە ئەوانیش بێ دەسەڵاتن».

بەڕێوەبەری ناحیەی جەلەولا ئاشکرایکرد، کە لایەنە سیاسییە کوردییەکانی جەلەولا سکاڵایان ئاراستە کردووە سەبارەت بەو کێشەیە، بەڵام سەکردایەتی چالاکییەکانی دیالە سوورن لەسەر چەککردنی جەلەولا.

هیچ لیستێک تانەی لە ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکان نەداوە

هاوڕێ عەبدوڵڵا

بەرپرسی پەیوەندییە جەماوەرییەکانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان رایگەیاند: «دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان، تائێستا هیچ لیستێک تانەی لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان نەداوە».

بەوپێیەی کە لیستی کوردستانی لە هەڵبژاردنەکانی (٢٥)ی تەممووزی رابــردوودا بۆ بەدەستهێنانی زۆرترین دەنگی هاوڵاتیان پەنایانبردە بەر کاری ساختەو تەزویرات، لیستە رکابەرەکانی لیستی کوردستانی ژمارەیەک سکاڵایان لە کۆمسیۆن تۆمارکردو دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامە بەراییەکانی هەڵبژاردنەکان، چەند لیستێک ئەنجامە بەراییەکانی پرۆسەکەیان ڕەتکردەوەوهەرەشەیهەڵوێستوەرگرتنیان لە دژی کۆمسیۆن کــرد، بــەڵام دوای ئەوەی کۆمسیۆنی باڵا ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکانی کوردستانیان ئاشکراکرد، کۆمسیۆن ماوەی (٣) ڕۆژی بۆ لیستەکان دیاریکرد بۆ تانەلێدان لە ئەنجامەکان، لەگەڵ ئەوەشدا تائێستا هیچ لیستێک تانەی لە ئەنجامە کۆتاییەکانی پرۆسەکە نەداوەو ئەمڕۆش دواکاتە بۆ تانەلێدان.

عەبدولڕەحمان خەلیفە، بەرپرسی پەیوەندییە جەماوەرییەکانی کۆمسیۆن رایگەیاند: «دوای ئەوەی کۆمسیۆن ماوەی (٣) ڕۆژی دیاریکرد بۆئەوەی ئەگەر هەر لیستێک ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی قبووڵ نییە، تانەی لێبدات، بەڵام تائێستا هیچ لیستێک تانەی لە ئەنجامەکان نەداوە».

هەینی رابــردوو کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستانی ڕاگەیاندو بەپێی ئەو ئەنجامەش لیستی کوردستانی (٥٩) کورسی، لیستی گۆڕان (٢٥) کورسی، لیستی خزمەتگوزاریو چــاکســازیــی (١٣) کــورســی، لیستی بزووتنەوەی ئیسلامیی (٢) کورسیو لیستی ئازادیو عەدالەتی کۆمەڵایەتی (١) کورسییان بەدەستهێنا.

لەسەر بیروڕای جیاواز

لە هەولێر (١٠٠) کارمەند مووچەکانیان دەبڕدرێت

سامان بەشارەتی

نزیکەی دوو مانگە لە ناو شاری هەولێر بەهۆی پشتگیرییان بۆ لیستی گــۆڕان (١٠٠) کارمەندی پۆلیسو ئاسایشو پێشمەرگە لە سەر کارەکانیان دەرکــراون، ئەمە لە کاتێکدایە بەرپرسانی حکومیی ئاماژە بەوەدەکەن تەنیا کادیرانی حیزبی دەرکراون لە سەر بیروڕای جیاواز.

بەرپرسانی حکومیی بانگەشەی ئــەوە دەکــەن کــە کــەس بەهۆی بیروڕای جیاوازەوە لەسەر کارەکەی دەرنەکراوە، بەڵام لە ماوەی دوو مانگی رابــردوودا تەنیا لە شاری هەولێر (١٠٠) هاوڵاتی لە هێزەکانی ئاسایشو پۆلیسو پێشمەرگە لەسەر کارەکانیان دەرکــراونو مووچەکانیان براوە.

ئازاد جۆڵا، لێپرسراوی لیژنەی ناونووسکردنی ئەو کەسانەی لە سەر بیروڕای جیاوازو لایەنگرییان بــۆ لیستی گــۆڕان، دەرکــراون، لە شــاری هەولێر بە ڕۆژنامەی راگەیاند، «بەپێی ئەو فۆرمانەی لای ئێمە پڕکراونەتەوە تەنیا لەناو شاری هەولێر (١٠٠) هاوڵاتی لە هێزەکانی پێشمەرگەو پۆلیسو ئاسایش لە سەر کارەکەیان لابراونو مووچەکانیان براوە، تەنیا لەبەرئەوەی لایەنگریی لیستی گۆڕان دەکەن».

وتیشی: «زۆرێــکــی دیکە لە هاوڵاتییان ناچارکراون دەبێت دەست لە کاربکێشنەوە یان دووریان دەخەنەوە لە کارەکەیان بۆ ئەوەی دەست لە کارەکەیان بکێشنەوە».

نانبڕینو لــە ســەرکــارلابــردن لەلایەن دەسەڵاتەوە تەنیا لەسەر بیروڕای جیاواز، وەک هەندێک لە چاودێرانی سیاسیی ئاماژەی پێدەکەن «ئەوپەڕی لوتکەی فاشیزمە».



ـــــــیۆن

ئۆپۆزسیۆن دەسەڵات دەخاتە سەر ڕێگای ڕاست

ستارە عارف

لەهەڵبژاردنی ڕۆژی ٧/٢٥دا لیستی گۆڕان وەک هێزێکی ئۆپۆزسیۆن ٢٥ کورسی بەدەستهێنا، بێجگە لەلیستەکانی دیکە کە کۆی گشتی کورسییەکانی ئۆپۆزسیۆن لەپەرلەمانی داهاتوودا بە گۆڕانو خزمەتگوزاریو لایەنەکانی دیکەی دەرەوەی دەسەڵاتەوە ٤٤ کورسی دەبێت، چاودێرانیش پێیانوایە، ئۆپۆزسیۆن وەک چۆن ئەرکی قورسی لەسەر شانە، هەموو مافێکی ئاسایی هەیە وەک هەموو لایەنەکانی دیکە.

مافەکانی ئۆپۆزسیۆن چین؟

بەبڕوای د.ساڵح عومەر عیسا مامۆستای زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی سەلاحەدین ئۆپۆزسیۆن چۆن ئەرکی هەیە مافیشی هەیە، نابێت دەسەڵات بەهۆی ئەوەی زۆرینەی دەنگەکانی بەدەستهێناوە، مافی کەمینەکان پێشێل بکاتو کۆنترۆڵی ڕەوشەکە بکەن، چونکە ئەگەر کەمینە مافی پێشێلکرا بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دەبێتە دیکتاتۆری زۆرینە، چونکە لەناو سیستمی دیموکراسیدا پێویستە هەموو کەسێک بەیەکسانی مافیان بپارێزرێت، کەمینە یان زۆرینە، بەڵام واقیعەکە وایە ئەوەی زۆرینەی دەنگ بهێنێت دەتوانێت حوکم بکات، لەو کاتەدا ئەو دەسەڵاتە دەبێت مافی هەمووان وەک یەک بپارێزێت.

محەمەد ڕەفعەت ئەندامی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان پێیوایە، هەموو ئەندام پەرلەمانێک ئۆپۆزسیۆنیش بێت وەک هەریەک لەوانی دیکە مافی یاسایی هەیەو کەس ناتوانێت مافی قسەکردنی لێوەربگرێتەوە لەکاتی بەدواداچوونی بۆ گەندەڵیو ڕەخنەگرتنو قسەکردنی لەپەرلەماندا.

مەولود باوەمراد ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، دوو چوارچێوە بۆ ئۆپۆزسیۆن دادەنێت، چوارچێوەیەکیان ئۆپۆزسیۆنێکی کراوەیە لەناو خەڵکداو ئەویدیکەیان ئۆپۆزسیۆنی ڕێکخراوە لەناو پەرلەماندا، واتە ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانیو نا پەرلەمانی، ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی ئۆپۆزسیۆنێکی فەرمی ناو دەسەڵاتی سیاسییە، مافەکانی هەمان ئەو مافانەیە کەهەموو پەرلەمانتارێک هەیەتی، مادام بەمتمانەی گەل لەپەرلەمانداییەو نوێنەری خەڵکە، کەواتە مافی لێپێچینەوەو یاسادانانو بەدواداچوونو چاودێریکردنی وەک هەموو پەرلەمانتارێکی ئاسایی هەیە.

ئۆپۆزسیۆنی دەرەوەی پەرلەمان ئۆپۆزسیۆنێکە لەچوارچێوەی سیستمی سیاسیدایەو هەموو ئەو مافانەی هەر هاوڵاتییەک لەچوارچێوەی سیستمێکی سیاسیدا هەیەتی، هەموو ئەو مافانەی هەیە وەک ڕەخنەگرتنو هاوڵاتیبوونو مافی زانیاریو بەرخورداربوون، بەڵام مەرجی گرنگ ئەوەیە کە ئۆپۆزسیۆن دەسەڵات بە بەشێک لەسیستمە سیاسییەکە حیساب بکات، ئەگەر دەسەڵات وا تەماشای ئۆپۆزسیۆن بکات کە ڕکابەری خۆیەتیو ململانێی سیاسیی لەگەڵدا دەکات، ئەمە شتێکی سروشتییە، بەڵام ئەگەر دەسەڵات بەهێزێکی نامۆو لەدەرەوەی سیستمی سیاسیی سەیری ئۆپۆزسیۆن بکاتو بەخیانەتکارو دەستی ئەمو ئەو تۆمەتباری بکات، ئەو کاتە دەشێت بڵێین زەمینە بۆ ململانێ نامێنێتیو پێی دەوترێت فەزای لەناوبردنو نەهێشتن، نەک فەزای گفتوگۆکردن لەسەر کامە باشەو دروستەو لەبەرژەوەندیی خەڵکدایە حکومەت بیکاتو کامە خراپە ڕێگەی پێنەدرێت.

ئەرکی ئۆپۆزسیۆن چییە؟

بەبڕوای د.ساڵح عومەر عیسا، ئۆپۆزسیۆن ئەرکی ڕەخنەگرتنە لەکەموکورتییەکانی دەسەڵاتو چاودێریکردنی حکومەتی هەرێمە، ئەمەش دەبێتە هۆی بەهێزبوونی حکومەتی هەرێمو ئەو یاسایانەش کە وەک پڕۆژە دەچێتە پەرلەمانەوە، دەبێت دەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆنیش بەشێوەیەک پشتگیریی لێبکەن کە بەرژەوەندی زۆرینەی تێدا بێت، دەسەڵات دەبێت ڕێز لەئۆپۆزسیۆن بگرێت، نابێت هەموو دەزگاکانی حکومەتی هەرێم لەدژی بەکاربهێنێتیو بیچەوسێنێتەوە، پێویستە لەپێناو بەرقەرارکردنی ئاسایشدا هیچ جۆرە فشارێک لەسەر هێزی ئۆپۆزسیۆن نەبێتو ئۆپۆزسیۆنیش لەناو خەڵکدا ئامادەییەکی تەواوی هەبێت کەکارەکانی خۆی جێبەجێ بکات.

لەبارەی ئەرکەکانی ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانییەوە مەولود باوە مراد پێیوایە، ئەرکەکان بەستراوە بەو بەرنامەیەوە کە پێشکەشی دەکات، هەروەها بەو سیستمو یاساو پەیڕەوو ڕێنماییانەی کەپەرلەمانو بەڕێوەبردنی ئیدارەی پەرلەمانی پێوە بەستراوە، ناتوانرێت بووترێت کوتلەیەکی پەرلەمانیم هەیەو بکرێت بەگژ هەموو شتێکدا چونکە کۆمەڵێک یاسا هەیە کە دەبێت ڕەچاوبکرێت، ئەرکێکی دیکەی ئۆپۆزسیۆن ئەوەیە، کە هەمیشە پەیوەست بێت بەخەڵکەوە، واتە قسەو ڕەخنەو سەرنجەکانی ئۆپۆزسیۆن ڕەنگدانەوەی کێشەو داواکانی خەڵک بێت لەپەرلەماندا نەک ململانێی حیزبی، دەبێت لەپەرلەماندا، هەر گفتوگۆو سووربوونەوەو ململانێیەکی تێدا بکرێت، لەدوا چارەدا پەرلەمان کۆڵەکەی ڕاگرتنی ئاسایشی کۆمەڵگا بێتو ببێتە ئەو چوارچێوەیەی کە هەموو گفتوگۆو ناکۆکیو داخوازییەکمانی پێ چارەسەر بکرێت، نەک پەرلەمانێک بێت کورسییەکانی وەک بلۆکی ڕەنگاورەنگ ڕیز کرابێتو چارەسەری پێنەکرێت.

کەریم بەحری ئەندامی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان پێیوایە، لەپەرلەماندا ئۆپۆزسیۆن هەم ئەرکو مافی هەیە، هەم مافی هەموو ئیمتیازێکی هەیە کە بۆ ئەندام پەرلەمانانی دیکە دەستبەرکراوە، ئەرکیشیان قورسترە، لەوانە ئۆپۆزسیۆن بۆی هەیە لە پەرلەمانتارانی دیکە وردتر چاودێریی کارەکانی حکومەتو لێپێچینەوەی بکات، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی شەفاف کار بکات، ئەو ئەرکەشی لەسەر شانە کەلەکاتی مەسەلە چارەنووسسازەکاندا ڕۆڵی هەبێت، دەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆن پێکەوە هێڵی سوور تێنەپەڕێنو هاوڕا بن لەسەر ئەو خاڵانەی کەپێی دەوترێت ئاسایشی نەتەوەیی گشتیی، کە بەهیچ شێوەیەک سازشی لەسەر ناکرێت.

محەمەد ڕەفعەت پێیوایە، ئۆپۆزسیۆن لەپەرلەماندا چەند ئەرکێکی هەیە لەوانە، چاودێریکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕووی ئیداریو داراییەوە، دەرکردنی ئەو یاسایانەی کە پەیوەندیی بەخەڵکی کوردستانەوە هەیە، تاووتوێکردنی بودجەی هەرێم بەشێوەیەکی شەفاف کە هاوڵاتییانی لێ ئاگادار بکرێتەوە، ڕێگە نەدات وەک ساڵانی پێشوو حکومەتی هەرێم بودجە تێپەڕێنێت، ئەرکی ئێستای پەرلەمان دروستکردنی حکومەتێکی یەکگرتووە بە یەکگرتنەوەی وەزارەتەکان، بەتایبەتی وەزارەتی دارایی کە لەنێوان هەردوو حیزبەکەدا دابەشکراوە، لەگەڵ خستنەکاری دیوانی چاودێری دارایی کە لەمانگی نیسانی ٢٠٠٨ەوە یاساکەی بۆ دەرچووەو سەرۆکی هەرێم واژۆی کردووەو هەروەها دیاریکردنی کەسێک بۆ سەرپەرشتیکردنیو بەستنەوەی بەپەرلەمانی کوردستانەوە.

> **پێویستە لەپێناو بەرقەرارکردنی ئاسایشدا هیچ جۆرە فشارێک لەسەر هێزی ئۆپۆزسیۆن نەبێتو ئۆپۆزسیۆنیش لەناو خەڵکدا ئامادەییەکی تەواوی هەبێت کەکارەکانی خۆی جێبەجێ بکات**

ـــــــو مەرجەعەی ـــــــدیی خەڵک بکات»

یەکبخەنو یەکبگرنو بەرنامەیەکی کار دابنێنو بەپێی ئەولەویەت ڕیزبەندی بۆ کێشەکانی خەڵک دابنرێت، بۆئەوەی بتوانن چاودێرێکی وریا بن بەسەر کارەکانی حکومەتەوەو بتوانن لە کێشە هەنووکەییەکانی خەڵک بپرسنەوە، لە خولەکانی ڕابردوودا ئەوەی دەبوو بە ئەندام پەرلەمان دەچووە بورجێکی دیکەوەو نەدەهاتە ناو خەڵکەوە، بۆیە بەپێویستی دەزانم ئەندامانی پەرلەمان بە بەردەوامیی لەناو خەڵکدا بن».

هەرلەوبارەیەوە سالار مەحمود، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە لیستی کوردستانی، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ئەم قۆناغە نوێیە بە قۆناغی دەرکەوتنی زیاتری ئۆپۆزسیۆن دادەنرێت، ئێستا قۆناغێکی نوێ هاتووەتەکایەوە بۆ زیاتر دەرکەوتنی ئاراستەی ئۆپۆزسیۆن، لەخولی پێشووشدا ئۆپۆزسیۆن هەبووە، بەڵام لەم قۆناغەدا دەرکەوتنی ئۆپۆزسیۆن ئاشکراترو ڕێکخراوترە، پێویستە ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانیی لەسەر بنەمای گفتوگۆو پێشکەشکردنی پڕۆژە ببێتە ئەو کوتلەو هێزەی پەیامو بەرنامەی خۆی ئەدابکات، سالار پێیوایە «ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانیی بەرپرسە لە بەرامبەر گەشەپێدانی بنەماکانی دیموکراسیو خزمەتکردن بە خەڵکو کۆمەڵگە بەپێی یاسا»، هەروەک دەڵێت: پێویستە ئۆپۆزسیۆنو دەسەڵات بەرپرسیارانەو یاساییانە چالاکی خۆیان ئەنجامبدەن، دەبێت لە ئێستا بەدواوە چی ئێمەو چی ئۆپۆزسیۆن بەدوای خاڵی هاوبەشدا بگەڕێین، ئەوەی پەیوەندیی بە دەرکردنی یاساو هەموارکردنی یاساو خزمەتکردنی خەڵکەوە هەیەو کارێک بکەین کە خزمەت بە هەمووان بکات، «من گەشبینم، ئێمەو ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەماندا لە ململانێی بەهێزدا دەبین بۆ زیاتر خزمەتکردنی خەڵکی کوردستان».

لەماوەی هەژدە ساڵی دەسەڵاتی کوردیدا تائێستا نەتوانراوە مافە سەرەتاییەکانی ژیان بۆ هاوڵاتییانی هەرێمی کوردستان دابینبکرێتو جگەلەوەش تائێستا حیزب حکومەت بەڕێوەدەباتو لە سایەی ئەو بەڕێوەبردنەشدا هەرێمی کوردستان لە هەموو ڕوویەکەوە ڕووبەڕووی چەندین قەیران بووەتەوە، دوای هاتنە پێشەوەی ئۆپۆزسیۆن لەم قۆناغەدا ئۆپۆزسیۆن ئەرکێکی قورسو گرانی دەکەوێتە ئەستۆ.

هەروەک کاردۆ محەمەد دەڵێت: ئەمە قۆناغی وەرچەرخانێکی گەورەیە لە ژیانی سیاسیی کوردستانداو ئەوانەی ڕۆڵی پێشەنگیان بینی لەم گۆڕانکارییانەی ڕوویاندا لە کوردستاندا، ئەرکیان زۆر قورسەو دەبێت ماندوونەناس بن لە کارکردنو جێی باوەڕو شانازیی خەڵکی کوردستان بنو نوێنەرایەتییەکی ڕاستەقینەی هاوڵاتیان بن.

د.سەباح بەرزنجی وتی: «ئێمە هەم لە ڕوانگەی شەرعییو هەم لە ڕوانگەی یاساییەوە سەیری مەسەلەکان دەکەین، پێمانوایە لەم قۆناغەدا ئەرکێکی قورس دەکەوێتە سەرشانی ئۆپۆزسیۆن، لە هەمانکاتدا دەبێت حکومەت مەمنوونی ئۆپۆزسیۆن بێت، چونکە کەموکوڕییەکان پیشاندەدات».

ـــــــە ونکردنی قفڵی سیاسیی کێشەکە»

ئامادەنەبوونی ئەو (٥) شاهیدەی ئاسایشی سلێمانیو هەولێر لە دانیشتنی دادگاییەکەدا، ئەنجامو ڕێڕەوی دانیشتەکەی گۆڕی.

ئەحمەد میرە

بەکر حەمەسدیق عارف، یاساناسو پارێزەری کەیسی ئەحمەد میرە بۆ ڕۆژنامەی ڕوونکردەوە: «داوامان لە دادگا کردووە (٥) شاهید کە (٤)یان لە ئاسایشی سلێمانیو ئەوی دیکە لە ئاسایشی هەولێرە، بانگبکرێنو لە دانیشتنەکە ئامادەبن، بۆئەوەی باس لەو واقیعە بکەن کە پێشتر لێکۆڵینەوەیان لەسەر کردووە، بەڵام بەهۆی ئامادەنەبوونی ئەو شاهیدانە لەبری ئەوەی کەیسەکە بەپێی یاسای دژە تیرۆر مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، بە مادەی (٥٦) جینائی لە یاسای سزادانی عێراقی مامەڵەی لەگەڵداکرا. وتیشی: «ئێمە ئەو بڕیارەی دادگای سلێمانی تەمیز دەکەینەوەو هەوڵدەدەین ئەو دۆسیەیە بە مادەکانی یاسای دژە تیرۆر مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، ئازادکردنی کەسی سێیەمیش کە دەیتوانی ئیسپاتی بکات ئەو کەسو لایەنانە کێن کە ئاراستەیان کردوون بۆ تیرۆکردنی ئەحمەد میرە، ئەنجامێکی خراپی لێکۆڵینەوەکانە».

سەرنووسەری گۆڤاری لڤینیش ئاماژە بەوە دەکات لەئەنجامی دادگای سلێمانی بێدەنگ نابنو ئەگەر لێپرسینەوە نەکرێت، لە دادگای فیدراڵی شکات لە دەزگاکانی ئاسایشو پۆلیسی هەرێم دەکەن.

ئەحمەد میرە، سەرنووسەری گۆڤاری لڤین، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «لەماوەی (١٠) مانگی ڕابردوودا دەیان بەڵگەنامەمان کۆکردووەتەوە، کە دەیسەلمێنێت لایەنێکی سیاسیی لەپشت هەوڵی تیرۆرکردنەکەمەوەیە، بەڵام ئەو بڕیارەی دادگای سلێمانی زۆر سیاسیی بوو، لەبەرئەوە ئەو بڕیارە تەمیز دەکەینەوە» وتیشی: «ئەگەر دادگاکانی کوردستان لێپرسینەوە نەکەن، لە دادگای فیدراڵی شکات لە دەزگاکانی ئاسایشو پۆلیس دەکەین، چونکە ئەو بڕیارە دەریدەخات دادگای سلێمانی هیچ جۆرە ئەزموونێکی لە مامەڵەکردن لە مەسەلەی تیرۆردا نییە، بەتایبەت ئازادکردنی کەسی سێیەم واتە ونکردنی قفڵی سیاسیی کێشەکەیە، کە مەحاڵە لێی بێدەنگ بین».

میرە دەڵێت: «حکومەتی هەرێمو دادگا بێلایەن نەبوون، چونکە قفڵی سیاسیی کێشەکەیان دەرهێناوەو دەیانەوێت دیوە سیاسییەکەی ون بکەن، پابەندنەبوونی شاهیدانی ئاسایش کە ئاگاداری ڕووداوەکەو ئاراستەکردنو پەیوەندیی بە قەزیەی سۆرانی مامە حەمەوەیە، کۆدی کەیسەکەی شاردووەتەوە».

ئەحمەد میرە، پێی سەیرە سەرۆکی دادگای تاوانەکانی سلێمانی ئەو پرسیارەی لە تاوانبارەکان نەکرد، بۆچی باندێک هەڵدەستێت بە تیرۆرکردنی کەسێکو لەشارێکی دیکەوە دێت!؟ ئایا بە میزاجی خۆیان ئەو کارەیان کردووە، یان لایەنێک هانیداون؟، بەڵام لەکۆتاییدا دڵنیابوو لەوەی شەقامیش دەتوانن وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە، کە لایەنێکی سیاسییو دەزگایەکی ئەمنییو موخابەرات لە پشتیانەوەیە.



ئۆپۆزسـیۆن

نەخشەی سیاسیی بە هەرەسی هاوپەیمانی گۆڕا

فەلاح نەجم

پاش ئەو گۆڕانە چاوەڕوانکراوەی بەسەر نەخشەی سیاسیی هەرێمی کوردستاندا هات، لەسەر حسابی قورسایی پارتیو یەکێتی، هێزێکی ئۆپۆزسیۆن وەک دیوارێکی کۆنکرێتی کەوتە بەردەم ئەو دوو هێزە، کە ئێستا هێزەکانی دەرەوەی ئەو دوو حیزبە خاوەنی (٤٤) کورسیین. چاودێرانی سیاسیی دەڵێن: «ئەمە مێژوویەکی نوێیە بۆکورد، چونکە نەخشەی سیاسیی هەرێمی کوردستان گۆڕا».

لە هەڵبژاردنی (٢٥)ی تەممۆزی ئەمساڵی پەرلەمانی کوردستاندا، لیستی گۆڕان (٢٥) کورسی بەدەستهێنا، لیستی چاکسازیو خزمەتگوزاریی (١٣) کورسی، لیستی بزووتنەوەی ئیسلامیی (٢) کورسی، لیستی عەدالەت (١) کورسی، رافیدەین (٢) کورسی، تورکمان (١) کورسی، ئەگەر سەرجەم هێزەکانی دەرەوەی پارتیو یەکێتی بەشداریی لە حکومەتدا نەکەن، ئۆپۆزسیۆن دەبێتە خاوەنی (٤٤) کورسی.

سیروان رەشید، ڕۆژنامەنووس پێیوایە «ئۆپۆزسیۆن دەسەڵاتو هەیمەنەی پارتیو یەکێتی کەمکردەوە، دەستەواژەی زلحیزب بۆ ئەم دوو پارتە لە چوارساڵی داهاتوودا بەکارنایەت».

لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی ساڵی ١٩٩٢دا پارتیو یەکێتی (٥٠بە٥٠)، واتە بە هەردووکیان خاوەنی (١٠٠) کورسی بوون، هەڵبژاردنی ٢٠٠٥، (٣٩بە٣٩) واتە (٧٨) کورسی، هەڵبژاردنی ٢٠٠٩ ڕێژەکەیان دابەزی بۆ (٥٩) کورسی، کە ئەمەش گەورەترین گۆڕانە بەسەر نەخشەی سیاسیی ئەم هەرێمەدا هاتووە، بەردەوام جەماوەری ئەم دوو هێزە لە دارمانو هەرەسدایە، بەتایبەت لە هەڵبژاردنی (٢٥)ی تەممۆزی ئەمساڵدا.

سیروان رەشید دەڵێت: «ئۆپۆزسیۆن بۆ ئێستای کوردستان وەک هەناسە زەرورە کە خاوەنی (یەک لەسەر سێی) کورسییەکانی پەرلەمانە، کیفایەتە بۆئەوەی کە فشار بخاتە سەر هاوپەیمانیی دوو حیزبە فەرمانڕەواکە بۆئەوەی بەرنامەکەیان جێبەجێبکەن، کە بریتییە لە گۆڕانکاریی لە ئەجێندای سیاسییو باشکردنی خزمەتگوزاریی بۆ هاوڵاتییان».

چاودێرانی سیاسیی کاتێک دڵنیابوون لە گۆڕانی نەخشەی سیاسیی کوردستان کە ئەنجامی بەرایی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ئاشکرابوو، کە لیستی گۆڕان زۆرینەی دەنگەکانی پارێزگای سلێمانی بەدەستهێنا، وەک بزووتنەوەیەکی جەماوەریی ناوی دەرکرد، پارێزگای سلێمانی لە رووی گەورەییەوە چوارەمین پارێزگای عێراقە، هاوکات پێش هەڵبژاردن بە قەڵای یەکێتی ناوی دەرکردبوو.

ڕێبین هەردی، نووسەرو شیکەرەوەی سیاسیی دەڵێت: دەبێت ئیرادەی ئەم ئۆپۆزسیۆنە نەلەرزێت، عەقڵییەتی ئەم دوو پارتە ناچار بە گۆڕان بکات، «ئەگەر ئۆپۆزسیۆن بەشێوەیەکی عەقڵانی ڕەفتار بکات، ئەم گۆڕانە زۆر زووتر لەوە رووەدات کە تەسەور دەکرێت».

هەرچەندە لە هەڵبژاردنی ئەمجارەی هەرێمی کوردستاندا بەرەی ئۆپۆزسیۆن نەیتوانی زۆرینەی کورسییەکان بباتەوە، بەڵام بووە خاوەنی هێزێکی جەماوەریی بنکە فراوان، کە شارەزایانی بواری سیاسیی بە سەرکەوتنێکی گەورەو گۆڕانێکی گەورەی دادەنێن لە دەسەڵاتی سیاسیی هەرێمدا.

ئەو شیکەرەوە سیاسییە پێیوایە «ئەم دوو هێزەی ئێستا دەسەڵاتی کوردستانیان بەدەستەوەیە، هێشتا بۆیان دەرنەکەوتووە کە پێگەی هێزی ئۆپۆزسیۆن چەند بەهێزە، دژایەتیکردنی نەک هەر ئاسان نییە، بەڵکو ئێجگار ئەستەمە، ئۆپۆزسیۆن هێندە بەهێزە، بەهیچ شێوەیەک قابیلی فەرامۆشکردن نییە».

لیستی گۆڕان وەک هێزێکی خاوەن جەماوەریی لە کوردستان، چاوەڕواندەکرێت سەرکردایەتی بەرەی ئۆپۆزسیۆن بکات، کە ئەگەر ئەو لیستانەی لە دەرەوەی پارتیو یەکێتین بەشداریی حکومەت نەکەن ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەمان دەبێتە خاوەنی (٤٤) کورسی.

عوسمان بانیمارانی، ئەندامی خولی سێیەمی پەرلەمان لە فراکسیۆنی گۆڕان، لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامە وتی: «وەک ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەمانی کوردستان دەبینە بەربەستێکی تۆکمە لەبەردەم کاروبارە خراپەکانی حکومەتو دوو پارتە دەسەڵاتدارەکەدا».

پاش دروستبوونی بەرەی ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەمانی کوردستان، ئەو گەندەڵییو کارە نا شەفافانەی لە پەرلەماندا دەکرا ڕێگەی پێنادرێت، چونکە نزیکەی نیوەی ئەندامانی پەرلەمان سەر بە پارتیو یەکێتی نین.

ئەو ئەندام پەرلەمانەی سەر بە فراکسیۆنی گۆڕان وتیشی: «ئێمە پێدادەگرین لەسەر بەرژەوەندییەکانی خەڵکو دەسەڵاتیش دەبێت گوێمان لێبگرێت، مافی ئۆپۆزسیۆن بەپێی یاسا بپارێزرێت».

> «ئەم دوو هێزەی ئێستا دەسەڵاتی کوردستانیان بەدەستەوەیە، هێشتا بۆیان دەرنەکەوتووە کە پێگەی هێزی ئۆپۆزسیۆن چەند بەهێزە، دژایەتیکردنی نەک هەر ئاسان نییە، بەڵکو ئێجگار ئەستەمە»

«دەمانەوێت پەرلەمان ببێتە ئـ
بە یاسا بەرگریی لە بەرژەوەنـ

هاوڕێ عەبدوڵڵا

ئەندامانی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان، بەپێویستی دەزانن هێزێکی یەکگرتووی ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەماندا دروستببێتو پێیانوایە ئۆپۆزسیۆن کۆمەڵە ئەرکێکی دەکەوێتە ئەستۆ بەتایبەتی لەو بوارانەی کە پەیوەندییان بە خزمەتکردنی خەڵکەوە هەیە.

هەڵبژاردنەکانی تەممۆزی هەرێمی کوردستان بووە خاڵی وەرچەرخان لە ژیانی سیاسیی هەرێمی کوردستان بەوپێیەی چەند لیستێکی جیاوازهاتنەمەیدانووەکوئۆپۆزسیۆن خۆیان ناساند، لێرەوە خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان جیاواز لە خولەکانی دیکە هێزێکی ئۆپۆزسیۆن لەخۆدەگرێت.

ڕۆژی هەینی رابردوو کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق، ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستانی ئاشکراکرد، بەوپێیە لیستی کوردستانی (٥٩) کورسیو لیستی گۆڕان (٢٥) کورسیو لیستی خزمەتگوزاریو چاکسازی (١٣) کورسی، لیستی بزووتنەوەی ئیسلامیی (٢) کورسی، لیستی ئازادیو عەدالەتی کۆمەڵایەتی (١) کورسییان بەدەستهێنا.

دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان هەریەک لە لیستەکانی گۆڕانو لیستی خزمەتگوزاریو چاکسازی، بڕیاری ئۆپۆزسیۆنبوونیان داوەو لیستی بزووتنەوەی ئیسلامیو لیستی ئازادیو عەدالەتی کۆمەڵایەتی خۆیان یەکلایی نەکردووەتەوە، بەوپێیەش زیاتر لە (٤٠) کورسی بۆ ئۆپۆزسیۆن دەبێت.

کاردۆ محەمەد، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی گۆڕان، دەڵێت: بەلای منەوە ئەرکی سەرەتایی ئۆپۆزسیۆنێکی جدیی ئەوەیە وابکات پەرلەمان کارابکرێتەوەو هەموو کێشەو گرفتەکانی خەڵک بگەیەنێتە پەرلەمان، وەکو بەرنامەی ستراتیژیی، دەبێت ئۆپۆزسیۆن کۆمەڵێک پرۆژەیاسای گرنگ ئامادەبکات، «ئێمە وەکو لیستێکی ئۆپۆزسیۆن سەرەتای کارمان گەڕانەوەی ئەو خەڵکانەیە کە بەهۆی هەڵبژاردنەوە لە کارەکانیان دوورخراونەتەوەو دەمانەوێت بە پرۆژەیاسایەک مافی هەموو کەسانە بگێڕینەوە کە بەهۆی هەڵبژاردنەکانەوە زەرەرمەندبوون، ئیتر لە ڕێگەی ئەو یاسایەشەوە ڕێگریی لە نانبڕینی خەڵک بکرێت».

هەروەک وتیشی: «ئاراستەی کارکردنی ئێمە بە ئاراستەی جیاکردنەوەی حکومەت لە حیزب دەبێت، کە تائێستا حیزب دەستی هەبووە لە کاروبارەکانی حکومەتو پەرلەماندا، لەگەڵ مەسەلەی کاراکردنی پەرلەمان، کە ئەویش خۆی لە چاودێریکردنی حکومەتو یاسادانانو بودجەدا دەبینێتەوەو «دەمانەوێت پەرلەمان ببێتە ئەو مەرجەعەی کە یاسایەک دابنێت بۆئەوەی بەرگریی لە بەرژەوەندیی خەڵک بکات». هەروەها شەفافیەت لە بودجەدا، بەتایبەت بودجەی حیزبەکان بە یاسا دیاریبکرێت، جگە لەوانە کاری ئۆپۆزسیۆنە بچێتە ناو خەڵکەوەو بە بەردەوامیی کێشەکانی خەڵک بهێنێتە ناو هۆڵی پەرلەمانەوە، دەبێت ئۆپۆزسیۆن کار بۆئەوە بکات عەقڵیەتی سیاسیی بۆ شێوازی حوکم بگۆڕێت.

کاردۆ وتیشی: «ئەرکی ئێمە ئەوەیە بپرسین بۆ دەبێت دوای (١٨) ساڵ لە حوکمڕانی، کارەبا لە سێ شوێنەوە بهێنرێت، بۆ دەبێت خەڵکی کوردستان ئاوی خاوێن نەخۆنەوە، دەبێت ئێمە لە حکومەت بپرسینەوە لە کەمیی دەستەبەرکردنی خزمەتگوزاریی بۆ هاوڵاتییان».

بە وتەی ئەندامانی پەرلەمانی داهاتوو ئەو لیستانەی کە خۆیان وەکو ئۆپۆزسیۆن ناساندووە، دەبێت بە جدیی هەوڵبدەن بۆ ئاوڕدانەوە لە ژیانی هاوڵاتییانو بەردەوام لە پەرلەماندا داکۆکی لە داواکارییو خواستی خەڵک بکەن.

د.سەباح بەرزنجی، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە لیستی خزمەتگوزاریو چاکسازی، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «بە رای من ئەرکی یەکەمی ئۆپۆزسیۆن هەموارکردنەوەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانە، چونکە ئەو پەیڕەوەی ئێستا هی خولی یەکەمی پەرلەمانە، جگە لەوە لیستە ئۆپۆزسیۆنەکان خۆیان

> «دەبێت حکومەت مەمنوونی ئۆپۆزسیۆن بێت، چونکە کەموکوڕییەکان پیشاندەدات»

بڕیاری کەیسەکەی ئەحمەد میرە تەمیز دەکرێتەوە
«ئازادکردنی کەسی سێیەم، واتـ

دلێر عەبدولخالق

دادگای تاوانەکان لە سلێمانی سزای دووان لە تاوانبارانی باندی تیرۆرکردنی ئەحمەد میرەی سەرنووسەری گۆڤاری لقینی دەرکردو یەکێکی دیکەشی ئازادکرد، لەبەرامبەریشدا ئەحمەد میرە ئاماژە بەوە دەکات، ئەو بڕیارە تەمیز دەکەنەوە، چونکە بەرلەوەی یاسایی بێت، سیاسیی بوو، دەڵێت: «ئازادکردنی کەسی سێیەمیش بۆ ونکردنی دیوە سیاسییەکەی پشت کێشەکەیە».

لەمانگی تشرینی یەکەمی (٢٠٠٨) باندێکی تیرۆریستی لەسلێمانی هەوڵی تیرۆکردنی ئەحمەد میرە، سەرنووسەری (گۆڤاری لقین)یان دا، بەوهۆیەشەوە ئاسایشی سلێمانی (٤) کەسی بە تۆمەتی ئەو کارە دەستگیرکرد، کە یەکێکیان بێتاوان دەرچوو، سیانەکەی دیکەش دەستگیرکران، دوای بەڕێوەچوونی چەندین دانیشتن لە دادگای سلێمانی لەسەر ئەو کەیسە، دواجار لە ڕۆژی (٢٠٠٩/٨/٩) دادگای تاوانەکان لە سلێمانی بەپێی یاسای سزادانی عێراقی دوو لە تۆمەتبارەکانی بە (٦) ساڵ زیندانیی حوکمداو کەسی سێیەمیش ئازادکرا، لە کاردنەوەی ئەو ئەنجامەی دادگای سلێمانی، سەرۆکی پارێزەرانی پارێزگای سلێمانی پێیوایە «ئەو کەیسە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زیاتر هەبوو، هەروەک دەبوو بەپێی یاسای دژەتیرۆر حوکمی بکرایە، نەک یاسای سزادانی عێراقی».

بەپێی حوکمەکانی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٠٦) بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لەهەرێم، سێ جۆر سزا بۆ تاوانی تیرۆر لە هەرێم دیاریکراوە، ئەوانیش حوکمی لەناوبردن، زیندانیی هەتا هەتاییو زیندانیی کەمتر نەبێت لە (١٥) ساڵ، هەروەک لە بڕگەی یەکەمی مادەی چوارەمی یاساکەدا هاتووە «هەر کەسێک دەسەڵاتی فەرمانپێکردنی هێزی ئاسایشی ناوخۆو زێرەڤانی هەرێم، داوای لێکردن یان رایسپاردن، بە پاڵنەرێکی تیرۆرکاریی کار لەسەر تەگەرەتێخستنی فرمانەکانی میریی بکەن سزادەدرێت بە (١٥) ساڵ زیندانیی».

بورهان رەشید، سەرۆکی لقی سلێمانی سەندیکای پارێزەران بەرۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئەو کەیسە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زیاتر هەبوو، بۆئەوەی بزانرێت مەسەلەی ئەحمەد میرە چ پەیوەندییەکی بە مەسەلەی تیرۆرکردنی عەبدولستار شەریف وسۆرانی مامە حەمەوە هەیە». بورهان ئەماژەی بەوەشکرد «پێویستبوو لێکۆڵینەوەکان لەچوارچێوەی یاسای دژە تیرۆردا بکرایە، نەک یاسای سزادانی عێراقی»، هەروەک سزادانی ئەو دوو کەسەش بۆ ماوەی (٦) ساڵ زیندانیی لە ئاست گەورەیی تاوانەکەدا نییەو وتی: «ئەدای ئاسایشی سلێمانی لەو کێشەیە باش نەبوو».

پارێزەری کەیسەکەش پێیوایە،

> «لەماوەی (١٠) مانگی رابردوودا دەیان بەڵگەنامەمان کۆکردووەتەوە، کە دەیسەلمێنێت لایەنێکی سیاسیی لەپشت هەوڵی تیرۆرکردنەکەمەوەیە»

ئاونگ

لەگەڵ چەند خەمخۆرێکی وشەی کوردی، سەرقاڵی خۆ ئامادەکردنین بۆ دەرکردنی گۆڤارێک بەناوی (ئاونگ). بڕیارە ئاونگ گۆڤارێکی ڕۆشنبیریی گشتی بێتو لە هەولێری پایتەخت بە زمانی کوردی دەربچێت، بە خاوەنداریو سەرنووسەریی د.زانا ئەحمەد محەمەد نوور.

بۆ ئاگاداریی گشت لایەنە پەیوەندیدارەکان.
بۆ پەیوەندیکردن:
zanaahmad@yahoo.com
د.زانا ئەحمەد
(٢٠٠٩/٨/٤)

هاوپەیمانێتییەکانی عێراق
سنووری نەتەوەو تایفەو مەزهەب تێدەپەڕێنن

بەهادین یوسف

سەرەتای مانگی یەکی ساڵی داهاتوو، هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئەنجامدەدرێت، جیاواز لە هەڵبژاردنەکانی پێشوو کە زۆربەی هاوپەیمانێتییەکان لەسەر بنەمای نەتەوەیی‌و تایفی بوون، چاوەڕێدەکرێت، جۆری هاوپەیمانێتییەکان گۆڕانی گەورەیان بەسەردا بێت‌و چەندین هێزو کوتلەی نوێ بێنە سەرشانۆی سیاسیی عێراق، لەگەڵ ئەوەشدا دارشتنەوەی یاسایەکی نوێ یان هەموارکردنی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیش کاریگەریی دەبێت لەسەر جۆری هاوپەیمانێتییەکان.

یاسای هەڵبژاردن

خولی ئێستای ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەپێی یاسای ژمارە (١٦)ی ساڵی (٢٠٠٥) هەڵبژێردراوە کە بەپێی ئەو یاسایە لیستی داخراو پەیرەودەکرێت‌و عێراق دەکرێتە (١٨)بازنەی هەڵبژاردن‌و هەر پارێزگایەو رێژەیەک کورسی بۆ دیاریدەکرێت لە ئەنجومەنداو ژمارەی کورسییەکانی ئەنجومەن، (٢٧٥)کورسییەو (٢٣٠)کورسی بەسەر بازنەکانی هەڵبژاردندا دابەشدەکرێت‌و (٤٥)کورسییەکەی دیکەش قەرەبووی ئەو دەنگانەیە کە دابەشبوون‌و دواتر بەسەر لیستە سەرکەوتووەکاندا دابەشدەکرێن، رێژەی (٢٥٪)بۆ ژنان دیاریدەکرێت‌و هەروەک تەمەنی پاڵێوراو نابێت لە (٣٠)ساڵ کەمتربێت، لەئێستاداو پاش رێکنەکەوتنی کوتلە سیاسییەکان لەسەر دەرکردنی یاسایەکی نوێ پێش دەستپێکردنی پشووی هاوینەی پەرلەمان، دوای دەستپێکردنەوەی دوا وەرزی دانیشتنەکانی ئەم خولەی ئەنجومەنی نوێنەران، دەبێت لەماوەی (٤٥)رۆژدا واتە تا (٢٠٠٩/١٠/١٥) یاساکە هەمواربکەنەوەو ئەو داواکارییانەی کوتلەکان هەیانە لە یاساکەدا جێبەجێبکرێتەوە، سەرەڕای ژمارەیەک تێبینی هونەری لەسەر شێوازی دابەشکردنی دەنگەکان‌و دەنگە زیادەکان‌و (قاسمی انتخابی) ژمارەی ئەو دەنگانەی کە بۆ بەدەستهێنانی کورسییەک پێویستە، زۆربەی کوتلەکانی پەرلەمان دەیانەوێت سیستمی هەڵبژاردنەکە بگۆڕدرێت بۆ لیستی کراوەو ژمارەی کورسییەکانی پەرلەمان زیادبکرێت، لەگەڵ داواکاریی بەشێک لە تورکمانەکان بۆ دانانی سیستمی کۆتا بۆ کەمینەکانی عێراق‌و دابەشکردنی کورسییەکانی کەرکوک لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەیەکسانی لەنێوان پێکهاتەکانی کوردو عەرەب‌و تورکماندا.

هەڵوەشاندنەوەی ئیئتیلاف

لیستی ئیئتیلافی یەکگرتووی شیعە کە لەئێستادا خاوەنی (٨٥) کورسی ئەنجومەنە، پێکهاتووە لە (ئەنجومەنی باڵای ئیسلامیی (١٥) کورسی، رێکخراوی بەدر (١٥) کورسی، حیزبی دەعوە بارەگای گشتی (١٢) کورسی، حیزبی دەعوە رێکخستنی عێراق (١٣) کورسی، سەربەخۆکان (٢١) کورسی، تەزامون (٨) کورسی‌و ئیتحادی ئیسلامیی تورکمان (١) کورسی)، سەرەڕای جیابوونەوەی چەند فراکسیۆنێک لێی، یەکەم لیستی پەرلەمانەو لەسەر بنەمایەکی مەزهەبی‌و لەسەر داوای عەلی سیستانی گەورە مەرجەعی شیعەکان بۆ هەڵبژاردنی (٢٠٠٥)پێکهێنرا، بەڵام ئێستا بەهۆی بەهێزبوونی پێگەی نوری مالیکی، سەرۆکی حیزبی دەعوەی خاوەنی بەهێزترین پێکهێنەری لیستەکەو ناکۆکییەکانی لەگەڵ ئەنجومەنی باڵای ئیسلامیی یەکێکی دیکە لەپێکهێنەرەکانی لیستەکە، ئەگەری هەڵوەشاندنەوەی لیستی ئیئتیلاف دەکرێت بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو.

هەروەک چاوەڕێدەکرێت نوری مالیکی پێش ئەنجامدانی هەڵبژاردنی داهاتوو جیابوونەوەی خۆی لە کوتلەی ئیئتیلاف رابگەیەنێت، ئەمەش کاریگەریی گەورەی دەبێت لەسەر گۆڕینی پێکهاتەی سیاسیی عێراق، سامی عەسکەری، ئەندامی کوتلەی شیعە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق‌و نزیک لە نوری مالیکی، سەرۆک وەزیرانی عێراق ئاماژەی بەوە کردووە، ئێستا ناکۆکی لێک نەگەیشتن هەیە لەنێوان کوتلەکانی لیستی ئیئتیلافدا کە ئێستا ئەنجومەنی باڵای ئیسلامیی عێراق دەیەوێت بەهەمانشێوەی ساڵی (٢٠٠٥) پێکبهێنێتەوە تەنیا لەنێوان لایەنە شیعییەکاندا، هەرچەند ئەوەی نەشاردووەتەوە کە تائێستا یەک هەڵبژاردنیان لەبەردەستە، ئەویش پێکهێنانەوەی ئیئتیلافی شیعەیە، لەحاڵەتێکدا ئەگەر سەرۆک وەزیرانی عێراق‌و ئەنجومەنی باڵای ئیسلامیی نەگەیشتنە رێکەوتن، ئەو کاتە باشترین بەدیل ئەوەیە هاوپەیمانێتییەکی بەهێزی نیشتمانیی لەنێوان سەرۆک وەزیران‌و هاوپەیمانەکانیدا پێکبهێنرێت.

لەئێستاشدا بۆ مانەوەی لە پێگەی خۆی‌و وەرگرتنەوەی پۆستی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، نوری مالیکی دەیەوێت هاوپەیمانی لەگەڵ بەشێک لە سوننەکان‌و کوردەکاندا دروست بکات.

بە گوێرەی بۆچوونی چاودێرانی سیاسیش لەماوەی چوار ساڵی رابردوودا حیزبی دەعوەو نوری مالیکی چەندین دەستکەوتی سیاسیی گەورەیان بەدەستهێناوە لەسەر حسابی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامیی، بەتایبەتیش دوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان کە نوری مالیکی بە لیستی دەوڵەتی یاسا بەشداریکردو توانی هەڵبژاردن لەنیوەی پارێزگاکانی عێراقدا بباتەوە.

لەئێستاشدا ئەنجومەنی باڵای ئیسلامیی‌و حیزبی دەعوە- رێکخستنەکانی عێراق‌و رێکخراوی بەدرو سەربەخۆکان‌و کوتلەی سەدری‌و کوتلەی تەزامون‌و رەوتی چاکسازیی نیشتمانیی‌و کۆنگرەی نیشتمانیی عێراق رێکەوتوون لەسەر پێکهێنانی ئیئتیلافی یەکگرتووی عێراق‌و لەبەرامبەریشدا نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق داوایکردووە، راگەیاندنی ئەو هاوپەیمانێتییە دوابخرێت بۆ ئەوەی چەند لایەن‌و رەوتێکی دیکەی دەرەوەی پێکهاتەی شیعە لە ئیئتیلافەکەدا بەشداریی پێبکەن، هەرچەندە عەلی سیستانی، گەورە مەرجەعی شیعەکان داوای لەلایەنە شیعییەکان کردووە، لیستی ئیئتیلاف پێکبهێننەوە، لەگەڵ ئەوەی داواش دەکات لیستی کراوە لەبری لیستی داخراو لە هەڵبژاردنەکاندا پەیرەوبکرێت‌و عێراقیش بکرێتە چەند بازنەیەکی هەڵبژاردن، نەک یەک بازنە.

هاوپەیمانیی کورد

لیستی هاوپەیمانیی کوردستان کە لە (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستان، حیزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان، حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، کۆمەڵی ئیسلامیی لە کوردستان، حیزبی شیوعی کوردستان، حیزبی ئەخای تورکمانی، یەکێتیی دیموکراتی کلدان، سەربەخۆکان)پێکهاتووە، ئێستا خاوەنی (٥٣)کورسی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقە، سەرەڕای ئەوەی لیستی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستانیش (٥)کورسی لیستێکی کوردی بەهێزە.

لەگەڵ تۆمارکردنی ناوی قەوارە سیاسییەکاندا بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجومەنی نوێنەران، تائێستا روون نییە ئاخۆ کورد بە لیستی هاوپەیمانیی کوردستانەوە بەشداریی دەکات کە لە هەڵبژاردنەکانی سەرەتای ئەمساڵی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا بەیەک لیست بەشداریکرد، یان هەڵبژاردنەکانی مانگی تەممووزی پەرلەمانی کوردستانیش کاریگەریی دەبێت لەسەر هاوپەیمانێتی نێوان کوردو چۆنێتی بەشداریکردنی لە هەڵبژاردنی ساڵی داهاتووی ئەنجومەنی نوێنەراندا.

بەپێی رێککەوتنی ستراتیژیی نێوان یەکێتی‌و پارتی کە لە تەممووزی ساڵی (٢٠٠٧)ئیمزایانکردووە، لە هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجومەنی نوێنەرانیشدا پێکەوە لیستی هاوبەش درووستدەکەن بۆ ئەو هەڵبژاردنە، هەروەک چۆن لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانیشدا بەیەک لیست بەشداریانکرد، بەڵام پرسیاری سەرەکی ئەوەیە تاچەند دەتوانن ئەو لایەنە سیاسییانەی دیکە کۆبکەنەوە لەدەوری هاوپەیمانێتییەکەیان.

لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا دەرکەوتنی هێزی نوێی ئۆپۆزسیۆن لە دەرەوەی هەردوو حیزب تارادەیەک گۆڕانی گەورەی دروستکردو جۆری هاوپەیمانێتییەکانی گۆڕی، ئەمەش کاریگەریی دەبێت لەسەر هاوپەیمانێتی بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو، لە ئێستادا هەردوو حیزبی ئیسلامیی (یەکگرتوو، کۆمەڵ) کە لەگەڵ زەحمەتکێشان‌و سۆسیالیست بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لیستێکیان دروستکرد، بەنیاز نین بچنە پاڵ یەکێتی‌و پارتی بۆ هەڵبژاردنی عێراق‌و بەگوێرەی رۆژنامەی هاوڵاتی کە لەسەر زاری ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی کۆمەڵەوە بڵاویکردووەتەوە، هەردوو حیزبە ئیسلامییەکە ئەوەیان براندووەتەوە کە لەگەڵ هەردوو لایەنی دەسەڵات هاوپەیمانی نەکەن، بەڵام ئێستاش بڕیاری چۆنێتی بەشداریکردنیان نەداوە. راپۆرت‌و یاداشتە هاوبەشەکانی ساڵی (٢٠٠٧)ی نێوان هەرچوار حیزبەکەی ناو لیستی خزمەتگوزاری‌و چاکسازیی هاوپەیمانیی نێوان ئەو چوار لایەنەی بۆ هەڵبژاردنی کوردستان لیکەوتەوە، هەرچەندە چاوەڕواندەکرا ئەو هاوپەیمانێتییە ببێتە پرۆتۆکۆڵ‌و ستراتیژیی لەنێوان ئەو چوار لایەنەدا، بەڵام بەرای چاودێرانی سیاسیی دوو لایەنە ئیسلامییەکە ئەنجامێکی باشیان لەم هاوپەیمانێتییە نەچنییەوەو لەبەرامبەردا بە قازانجی بزووتنەوەی ئیسلامیی شکایەوەو توانی بەشێکی دەنگی ئیسلامییەکانی کوردستان بۆخۆی ببات، بۆیە ئێستا چەند ئەگەرێکیان لەبەردەستە، هەردوولا پێکەوە هاوپەیمانێتییەکی ئیسلامیی دروستبکەن، یان ئەزموونی یەکگرتوو لەهەڵبژاردنی (٢٠٠٥)ی عێراق دووبارە بکەنەوە، یان بچنە چوارچێوەی هاوپەیمانێتییەکی نیشتمانیی کوردستانییەوە لەگەڵ هێزو لایەنی سیاسیی دیکەدا.

کۆبوونەوەی تاڵەبانی لەگەڵ سەرکردەکانی لیستی خزمەتگوزاریدا، هاوکات بوو لەگەڵ راگەیاندنی ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکان بۆ رازیکردنیان بە بەشداریی لەکابینەی داهاتووی حکومەتی هەرێم، هەروەها داواکاریی تاڵەبانی بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانیی بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی عێراق،هەرزوولەکۆبوونەوەکەدا داوای یەکەمی تاڵەبانی لەلایەن هەرچوار سەرکردەکەوە رەتکرایەوە، بەڵام داواکاریی دووەمی بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانیی تائێستا لەلایەن ئەوانەوە لێکۆڵینەوەی لێدەکرێت‌و لەوبارەیەوە هیچ لێدوانێکیان رانەگەیاندووە.

دەرکەوتنی لیستی گۆڕان‌و بەدەستهێنانی (٤/١)ی دەنگەکانی دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان، سەرەڕای ئەوەی باڵانسی هێزی نێوان لایەنەکانی گۆڕی، لەهەمانکاتدا کاریگەریی گەورەی دەبێت لەسەر هەڵبژاردنەکانی داهاتوو و جۆری هاوپەیمانێتییەکان، چونکە سەرکردەکانی ئەو لیستە رایانگەیاندووە، لە ئێستادا سەرقاڵی پێکهێنانی لیستێکی سەربەخۆن بۆ هەڵبژاردنی خولی داهاتووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو دەرئەنجامانەو دەرکەوتنی هاوپەیمانێتی‌و هێزی نوێ، لەئێستادا ئەگەر زۆرە بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی عێراقیش بەپێچەوانەی هەڵبژاردنەکانی پێشووەوە، کورد بەچەند لیستێک بەشداریی بکات‌و دەرئەنجامی بەدەستهاتووشیان کاریگەریی لەسەر جۆری هاوپەیمانێتییەکانی داهاتووی نێو ئەنجومەنی نوێنەران دروست بکات.

تەوافوق، تەوافوق ناکات

لیستی تەوافوق سێیەم لیستی بەهێزی پەرلەمان لە ئێستادا خاوەنی (٤٠)کورسی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەو پێکهاتووە لە (کۆنگرەی ئەهلی عێراق (١٠) کورسی، حیزبی ئیسلامیی عێراق (٢٢) کورسی‌و ئەنجومەنی دیالۆگی نیشتمانی (٨) کورسی).

هاوکات لەگەڵ تۆمارکردنی ناوی قەوارە سیاسییەکان بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، لێکنزیکبوونەوە لەنێوان ساڵح موتلەگو ئەیاد عەلاویدا هەیەو ئەنجومەنی دیالۆگی نیشتمانی، خەڵەفە عەلەییانیش نایەوێت جارێکی دیکە بچێتەوە ناو چوارچێوەی بەرەی تەوافوق‌و حیزبی ئیسلامیی عێراقیش، دەیەوێت هاوپەیمانێتییەکی تۆکمە لەنێوان لایەنە سوننی‌و ناسوننییەکاندا پێکبهێنێت‌و ببێتە میراتگری بەرەی تەوافوق‌و نوێنەرایەتی سوننەکانی عێراق بکات.

خەڵەف عەلەییان، ئەمیندارِی گشتیی ئەنجومەنی دیالۆگی نیشتمانی، رایگەیاند، هاوپەیمانی لەگەڵ بەرەی تەوافوقی سوننەکان نابەستن‌و ئێستا لەگەڵ لایەنەکانی پرۆسەی سیاسیی‌و دەرەوەی پرۆسەی سیاسیی لە گفتوگۆدان بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانی‌و دەرگای گفتوگۆش لەگەڵ ئەنجومەنەکانی رابوون(سەحوە)ش کراوەیەو بۆ هەر لایەنێکیش کە ئاراستەیەکی نیشتمانی دوور لە تایفی هەبێت، دەرگا بەرووایاندا کراوەیە.

هاوکات، عەبدولکەریم سامەرایی، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حیزبی ئیسلامیی‌و ئەندامی بەرەی تەوافوق لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، رایگەیاند: بەرەی تەوافوق لەهەوڵی پێکهێنانی هاوپەیمانێتییەکی نیشتمانیی بەهێزدایە لەنێوان هەموو هاوپەیمان‌و رەوت‌و کەسایەتییەکاندا، کە مەرج نییە نوێنەرایەتی سوننەکان بکەن، بۆ ئەو مەبەستەش گفتوگۆو دانوستاندنی فراوان هەیە لەگەڵ لایەنە دیارو بەهێزەکان‌و کەسانی پسپۆڕو کەسایەتییەکان، هەندێکیشیان بەشداریی هەڵبژاردنی ساڵی (٢٠٠٥)یشیانکردووە، لە چواچێوەی بەرنامەیەکی نیشتمانیدا بۆ هەڵبژاردنەکان‌و پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو.

لەلایەکی دیکەوە، ئەیاد عەلاوی سەرۆک وەزیرانی پێشووتری عێراق‌و سەرۆکی کوتلەی عێراقییە، نەیشاردووەتەوە کە ئێستا بۆچوونێکی هاوبەش هەیە لەنێوان ئەو و ساڵح موتلەگ، سەرۆکی بەرەی دیالۆگی نیشتمانی‌و هاوپەیمانیی نێوان بزووتنەوەی ویفاق‌و عێراقییەو بەرە کراوەیە بەرامبەر هێزو کەسایەتییەکانی دیکە، ئەوانەشی لەدەرەوەی پرۆسەی سیاسین.

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لەرۆژی (٥-٢٠٠٩/٨/١٤) ناوی قەوارە سیاسییەکان تومار دەکات بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، کە بڕیارە رۆژی (٢٠١٠/١/١٦) ئەنجامبدرێت‌و دوای راستاندن‌و پەسەندکردنی قەوارە سیاسییەکان، قۆناغی پێکهێنانی هاوپەیمانێتیی لەنێوان قەوارەکاندا دەستپێدەکات‌و لەو ماوەیەشدا ئەنجامی کۆتایی دیالۆگو دانوستاندنی نێوان لیست‌و قەوارەکان دەردەکەوێت بۆ ئەنجامدانی هاوپەیمانێتیی بۆ خولی داهاتووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.

ئەمجارە کورد لەکوێی هاوکێشە سیاسییەکاندا دەبێت؟

ل ٤-٥-٦

کورد لە بەغدا تەنیا ماوەتەوە

کەس لە دەرگا والاکانی هاوپەیمانی نادات

هەردی مەهدی میکە

گەڕان بەدوای برایەکی چاوڕەشدا

گەرچی هێزە عێراقییەکان لە بەغدا سەرگەرمی پێکهێنانی قەوارەو لیستو هاوپەیمانێتی نوێن، بە جۆرێک کە سنووری تەوافوق ودابەشکاریی مەزهەبی تێپەڕێنێتو چیتر لە بری (شیعە) یان (سوننە)، (عێراق) کۆیانبکاتەوە، بەلام لەو نێوەندەدا سەرانی (لیستی هاوپەیمانی کوردستان) هێشتا بێ دۆست ماونەتەوەو بەدوای هاوپەیمانێکدا دەگەڕێن کە بەرژەوەندییە نەتەوەییو ئاسۆفراوانەکانی کورد رەچاو بکات، بەلام هێشتا هەر نائومێدنو دۆستێکی عەرەب نەدۆزراوەتەوە تا لەبەرامبەر هاوپەیمانێتییە نوێکانی بەغدا، کوردەکانیش لە هاوکێشەیەکی بەرامبەردا خۆیان ببینەوە.

لە هەڵبژاردنی پارێزگاکانی عێراقەوە دەرکەوت کە چیتر لە عێراقی نوێدا پێگەی ئەو نەخشە کۆنە سیاسییەی کە لەسەر بنەمای تایەفیو مەزهەبی دارێژراربوو، ئیتر سیماکانی بەرەو کاڵبوونەوە دەچن. بردنەوەی لیستی (دەولەتی قانون)ی نوری مالیکیش لە هەڵبژاردنی پارێزگاکاندا وەک کاردانەوەیەکی روون بوو بەرامبەر ئەو نەخشە تەوافوقییە مەزهەبییەی کە عێراقییەکانی ماندووکردبوو.

لەسەروبەندی دروستکردنی هاوپەیمانێتییە نوێکانی نێوان هێزە عێراقییەکاندا، چەند مانگێک بەر لە ئێستا مەسعود بارزانی، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان بە فەرمی رۆژ نوری شاوەیسی ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حیزبەکەی بە مەبەستی پێکهێنانی هاوپەیمانی نوێ لەگەڵ لایەنە عێراقییەکاندا رەوانەی بەغدا کرد، بەلام تا ئێستاش هەوڵەکانی لیستی هاوپەیمانی بێسوود ماونەتەوە، چونکە لایەنە عێراقییەکان زیاتر لە خاڵگەلێک کۆدەبنەوە لەگەڵ هاوپەیمانەکانیاندا کە کەمترین خاڵی هاوبەشییان لەگەڵ ئەجێنداکانی لیستی هاوپەیمانیی کوردستانیدا هەیە، ئەمەش لە نموونەی روانگەکان بۆ مەسەلەی فیدراڵییەتو سەروەتو سامانی عێراقو پۆستە سیادییەکانو لەسەروو هەمووشیانەوە کەرکوکو ١٤٠و دۆسێ هەڵواسراوەکانی دیکە.

بێئومێدیی ئێستای لیستی هاوپەیمانی بەرووونی لە لێدوانی ماوەیەک لەمەوبەر سەعدی بەرزنجی، جێگری سەرۆکی لیستی هاوپەیمانیدا خۆی دەرخستو ئەمڕۆش زیاتر لە هەر کاتێک نائومێدیی لە هێزە عێراقییەکان بەو لیستەوە دیارە، بەرزنجی رایگەیاند «لیستی هاوپەیمانی دەرگای کراوەیە بۆ بەستنی هاوپەیمانێتی نوێ بۆ هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی عێراق»، بەلام هیچ هێزێک وەلامی ئەو لێداونەی نەدایەوەو بە پێچەوانەشەوە تائێستاش هێزە عێراقییەکان زۆر بەزەقی نزیکبوونەوە لە جەمسەرەکانیاندا بەدیدەکرێت، بەلام دەرکەوتووە هیچ نزیکبوونەوەو هاوپەیمانێتییەکی نوێ لەگەڵ لیستی کوردستانیدا لە ئارادا نییە، ئەمە جگە لەوەی لەناوخۆی هەرێمی کوردستانیشدا شەقامی کوردی زیاتر لە جاران پەرتترەو پێدەچێت لە ململانێکانی ئەمجارەی پەرلەمانی عێراق، لیستی هاوپەیمانی کێبڕکێکەرێکی بەهێزی بۆ دروست بێت، ئەو سەردەمەش چیتر ئاوابووبێت کە تەنیا مەرجەعو جەمسەری ئەجێندای کوردی هاوپەیمانی بێت، چونکە بە شیکاریی چاودێران وا دیارە لە هەڵبژاردنە عێراقییەکاندا کورد بە دوو لیستی کێبڕکێکارەوە دەچنە ناو ململانێکانی عێراقەوە، کە بالێکیان نەوشیروان مستەفای سەرۆکی لیستی گۆڕانو کۆنە دارێژەری سیاسەتی کوردی لە بەغدا سەرۆکایەتی دەکات.

قاڵبە کۆنەکان هەڵدەوەشێنەوە..

لە چوار ساڵی رابردوودا کورد لە پێگەیەکی بەهێزەوە داشەکانی خۆی لە گۆڕەپانی پرۆسەی سیاسیی عێراقدا دەجوڵاند، بەجۆرێک یەکێک بوو لە جەمسەرە هەرە گرنگەکانی ناوەندی بڕیار لە عێراقی نوێدا، هۆکاری ئەمەش دەگەڕایەوە بۆ ئەو هاوپەیمانێتییە چوارقۆلییەی کە لەگەڵ هەریەک لە حیزبی دەعوەی ئیسلامییو ئەنجومەنی باڵای ئیسلامییو حیزبی ئیسلامیی عێراقیدا پێکیهێنابوو.

بەلام پێدەچێت نە هیچ یەک لەو هێزانە بیانەوێت بەو کلێشە کۆنەوە درێژە بە سیاسەتی نوێ بدەن، نە هاوڵاتییانی عێراقیش، ئیتر دەیانەوێت درێژە بە سیاسەتی تەوافوق بدەن لەسەر حسابی بەرجەستەنەکردنی دەستوورو دەوڵەتی یاسا لە عێراقدا، ئەمە جگە لەوەی کە هەر ئەو تەوافوقە بووە کە سێبەرێکی بەرینی بۆ گەندەڵیی دروستکردووەو کەمتەرخەمیو ئیفلیجکردنی پەرلەمانیشی بە دوای خۆیدا هێناوە.

لەلایەکی دیکەوە هۆکاری نەبوونی دەسپێشخەرییو نزیکبوونەوەی عێراقییەکان لە لیستی هاوپەیمانی کوردستان، رەنگە بەشێکی سەرەکی خوێندنەوەی شەقامی عەرەبیو عێراقی بێت لەلایەن ئەوانەوە، چونکە هەڵبژاردنی پارێزگاکان دەریخست کە خواستی شەقامی عێراقی «ناوەندێکی بەهێزو لانی زۆر هەرێمێکی کوردستانییە بە دەسەلاتێکی سنووردارەوە، قبووڵە». ئەو سێ هێزە سەرەکییەی عێراقیش نایانەوێت جەماوەری بەرفراوانی خۆیان بکەنە قوربانیی هاوپەیمانێتی کوردەکان.

خودی جیابوونەوەی نوری مالیکیو حیزبەکەیو هاوپەیمانەکانی لە لیستی ئیئتیلافی یەکگرتووش دەگەڕێتەوە بۆ خوێندنەوەی شەقامی عێراقیو هەر ئەمەش بوو سەرکەوتنی ئەو لیستە یاخییەی بەسەر عەباکەی ئیئتیلافدا مسۆگەرتر کرد.

سەرەڕای ئەوەی هەموو ئەو لایەنانەی کە نزیکبوون لە لیستی هاوپەیمانی کوردییەوە باجی خۆیانداو پێگەی خۆیان کزکرد لە نێوان جەماوەرەکەیاندا، باشترین بەلگەش بۆ ئەمە شکستو کورتهێنانی کورسییەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکانی لیستەکانی حیزبی ئیسلامیی سوننیو ئەنجومەنی باڵای ئیسلامیی شیعی کە بەردەوام داکۆکیکاری خواستەکانی پارتیو یەکێتی بەتایبەتیو لیستی هاوپەیمانی بوون لە کێشە چارەنووسسازەکاندا.

مەرکەزخوازەکان لە پێشڕەویدان

ئەمە لە کاتێکدا لیستی دەوڵەتی قانونی نوری مالیکیو لیستی عێراقییەی ئەیاد عەلاویو بەرەی دیالۆگی ساڵح موتلەگ، هەلکشانێکی بەرچاویان لەناو دەنگی شەقامی عەرەبیدا بە شیعەو سوننەوە دەستخست، نەک لەبەرئەوەی کە شیعە یان سوننە مەزهەبن، بەلکو لەبەرئەوەی کە هەریەک لەم لیستانە خاوەنی دروشمەگەلێکو ئەجێندای ناوەندێکی بەهێزو عێراقێکی دوور لە تەوافوقو مەزهەبگەران.

سیاسەتەکانیان بەتوندو نەیاری سیاسەتی ئەجێندای لیستی هاوپەیمانی کوردی دەناسرێنەوە، هەموو ئەو لیستانە پێکەوە کۆکن لەسەر سنووردارکردنی دەسەلاتی هەرێمو جێبەجێ نەکردنی مادەی ١٤٠ وەک دوا ئومێدی کورد بۆ گێرانەوەی کەرکوک.

لێرەوەیە هاوپەیمانە عێراقییەکان بە خۆیاندا دەچنەوە تا زیاتر لەوە شەقامەکانیان لەدەست نەدەن، هەمانکات سەرگەرمی هاوپەیمانێتی نوێترو گونجاوترن، تا لەگەڵ دۆخی نوێی دوای تەوافوقەکاندا بگونجێت، لە بەرامبەردا کورد هێشتا ئەو دۆخەی جێنەهێشتووەو سەرەڕای ئەوەش هەڵگری ئەجێندایەکی نەتەوەییە، هەر ئەمەشە وایکردووە ئەستەم بێت بتوانێت لەگەڵ هێزێکی عەرەبیو عێراقیدا کۆببێتەوە، تا بتوانێت پێگەی خۆی لە هاوکێشە سیاسییە عێراقییەکاندا بەدەستبهێنێتەوە، بەلام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا مەترسی گەورە بۆ کورد ئەوەیە کە چاوەڕێدەکرێت عێراقی ئایندەی دوای هەڵبژاردنەکانی کانوونی دووەمی پەرلەمانی، ئیتر سەردەمی ئاوابوونی بەڕێوەبردنی عێراق بێت لەسەر خوانی تەوافوقی چەند لایەنە، بەمەش خۆبەخۆ کێشە هەڵواسراوەکانی ١٤٠و دەستوورو فیدراڵییەتو بودجەو پێشمەرگەو سامانەکان قوڵتر دەبنەوە.

Hardi_mahdi@yahoo.com

هەڵبژاردن سەرکردەکان کۆدەکاتەوە؟

عێراق و تورکیا گەڕانەوە بۆ سەرەتای ناکۆکییەکان

ئارام شێخ وەسانی

لـەمـاوەی رابـــردوودا چەندین کۆبوونەوەو دیدار لەنێوان بەرپرسانی عێراق و تورکیا بەڕێوەچووە سەبارەت بە پرسی چەکدارانی پەکەکە لە خاکی عێراقدا، لەدوا پەیوەندی دیبلۆماسی نێوان تورکیاو عێراق، سەردانی وتەبێژی حکومەتی بەغدایە بۆ ئەنقەرەو کۆبوونەوەیەتی لەگەڵ بەرپرسە باڵاکانی وڵاتی تورکیا، لە تازەترین هەواڵیاندا میدیاکانی تورکیا ئاماژە بـەوەدەکـەن، کە عێراق هەموو هەوڵێکی تورکیای ڕەتـکـردووەتـەوە سەبارەت بە ڕادەستکردنەوەی پەنابەرە سیاسییەکان بۆ تورکیا، هەروەک چۆن وەڵامـی ئێرانی داوەتـەوە سەبارەت بە پرسی چەکدارانی موجاهیدینی خەلق، بەهەمانشێوە وەڵامی تورکیا دراوەتەوە سەبارەت بە ڕادەستکردنەوەی چەکدارانی پەکەکە، لەو بارەیەوە عەلی دەبـاغ، بە کاربەدەستانی تورکیای ڕاگەیاندووە، کە بەهیچ جۆرێک ڕێگە نادرێت هیچ وڵاتێک ئۆپەراسیۆن لەناو خاکی عێراقدا بکات بۆ لەناوبردنی نەیارەکانی، هەروەها دەبـاغ ئاماژەی بـەوەداوە «ڕێکەوتنی ستراتیژیی نێوان تورکیاو عێراق مانای ئـەوە ناگەیەنێت کە تورکیا لە خاکی عێراق ئۆپەراسیۆن ئەنجامبدات، هەروەها هیچ لەشکرکێشییەکیش قبووڵناکەین، هەروەها سەبارەت بە پەیوەندیمان لەگەڵ تورکیا، ڕێکەوتنی سێ قۆڵیی تەنیا ئەوە لەخۆدەگرێت کە عێراق هەوڵبدات ڕێگریی لەوە بکات کە نەیەڵێت هێرش بکرێتە سەر هیچ وڵاتێک لە خاکی عێراقەوە، جا چ بۆ ئێران بێت یان بۆ تورکیا».

عێراق لەژێر ویستی ئەمریکادا

یەکێک لـەو بابەتانەی کـە وەک کێشەیەک دەمێنێتەوە هەم بۆ عێراق و هەم بۆ دراوسێکانی، کێشەی چەکدارانی پەکەکەو کەمپی ئەشرەفە، کەمپی ئەشرەف بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەلایەن ئەمریکا پشتگیریی لە مانەوەیان دەکرێت، هەرچەندە بەرپرسانی عێراق لەگەڵ سەرکردەکانی ئەمریکا لەسەر ئەم بابەتە ناکۆکن، بەڵام کێشەی چەکدارانی پەکەکە جیاوازە، لەم کێشەیەدا هەموو لایەنەکان یەک بۆچوونیان هەیەو هاوڕان، ئەوەی جێگەی سەرنجە تورکیا کەوتووەتە ئەنجامدانی دوا هەوڵی خۆی بۆ یەکلاییکردنەوەی ئەو بابەتە، بۆ ئەم مەبەستەش لەماوەی ڕابردوودا بەرپرسی یەکە سەربازییەکانی ئەمریکا لە عێراق و ئەفغانستان دوای کشانەوەی سەربازەکانیان لە سەنتەری شارەکانی عێراق سەردانی تورکیای کردو لەگەڵ هەریەک لە سەرۆک ئەرکانی سوپای تورکیاو وەزیری دەرەوە کۆبووەتەوە، ئامانجی سەرەکی سەردانەکەی ژەنەرال دێڤد پترایۆس تەنیا بۆ یەکلاییکردنەوەی پرسی چەکدارانی پەکەکە بوو، سایتی تـودەی زەمانی تورکی لە ڕاپۆرتێکدا سـەبـارەت بـەم تـەوەرە بەشێوەیەکی فراوان ئەم بابەتەی شیکردووەتەوە، لە ڕاپۆرتەکەدا ئاماژە بەوەکراوە «هەریەک لـە سـەرکـردە عێراقییەکان لەکاتی جیاوازدا پاڵپشتیی خۆیان دەربڕیوە بۆ دەرکردنو هێنانە خوارەوەی چەکدارانی پەکەکە لە شاخەکانی باکووری عێراق، هەریەک لە سەرۆک وەزیرانو سەرۆک کـۆمـارو جێگرانیان ئـەو بابەتەیان دووپاتکردووەتەوە».

لە بەشێکی ڕاپۆرتەکەدا هاتووە «بەپێی لێدوانی سەرچاوەیەک لە کۆبوونەوەکانی نێوان دێڤد پترایۆسو ئیکەر باشبیوغ، تەوەری سەرەکیی کۆبوونەوەکان بریتیبووە لە پرسی دووڕخستنەوەو دەرکردنی چەکدارانی پەکەکە لە شاخەکانی باکووری عێراق، باشبیوغ ڕایگەیاندووە، کە ئەگەر ئەوان خۆیان تەسلیم بکەنەوە، ڕێگەیەکی باشە، یان تورکیا بـەردەوام دەبێت لە ئۆپەراسیۆن لەکاتی هەر دەستدرێژییەکی گەریلاکان بۆ سەر سەربازانی تورکیا لە ناوچە سنوورییەکان، هەروەها پترایۆس لە کۆبوونەوەکەدا ڕایگەیاندووە، کە عێراق و ئەمریکا هاریکاریی تەواوی تورکیا دەکەن بۆ ئەوەی چەکدارانی پەکەکە لە باکووری عێراق دەربکرێن، لە بەرامبەریشدا تورکیا وەک کـاردانـەوەیـەک ئامادەیی خۆی نیشانداوە بۆ بەکارهێنانی خاکی تورکیا بۆ کشانەوەی سەربازانی ئەمریکا لە عێراق».

تورکیاو عێراق، ناکۆکییەکان بەرەوکوێ دەبەن؟ فۆتۆ: AP

هەرێم لەنێوان تورکیاو عێراق

بـەپـێی سـەرچـاوەیـەکـی تـودەی زەمـان، ئەمریکاو تورکیا هۆشدارییان داوەتـە هەرێمی کوردستان کە دەبێت هەرێمی کوردستان هاوکاری سەرەکی بێت لە پرۆسەی دەرکردنی چەکدارانی پەکەکە لە چیاکانی باکوور، هەنگاوی یەکەمیش دەرکردنو گواستنەوەی کەمپی مەخمور، کە بۆ ماوەیەکی درێژە ئەو ئەو کەمپە لەلایەن نەتەوەیەکگرتووەکانەوە چاودێریی دەکرێت، هەنگاوەکە بەردەوام بێت بۆ گەڕاندنەوەی هەموو دانیشتووانی ئەو کەمپە بۆ تورکیا لەژێر چاودێریی نەتەوەیەکگرتووەکانو دروستکردنی ناوچەیەک لە نزیک شەرناخو هەکاری بـۆیـان، هـەر خێزانێکیش نەیەوێت بگەڕێتەوە ئەوا بابمێنێتەوە، هەروەها پلانی دەرکـردنـی چەکدارانی پەکەکە بەهەنگاوی گواستنەوەی کەمپی مەخمور دەستپێدەکات، ئەوەی لایەنگریی پەکەکە بێت یان سەر بەپەکەکە بێت یان خۆی تەسلیم بکاتەوە یان لە درێژەی ئۆپەراسیۆنەکاندا دەستگیردەکرێن، دەگوازرێنەوە بۆ تورکیا، لە بەشێکی دیکەی ڕاپۆرتەکەدا ئاماژە بەوە کراوە «تورکیا پێشتر ڕازی نەدەبوو کە سەرکردەو گەریلاکان ڕەوانەی هیچ شوێنێک بکرێن، جگە لە تەسلیمکردنەوەیان بە تورکیا لەکاتی دەرکردنیان لە باکووری عێراق، بەڵام بەپێی سەرچاوەکەی تودەی زەمان سەرۆک ئەرکانی سوپای تورکیا ڕازیبووە کە سەرکردەکانی گەریلاکان بچن بۆ وڵاتێکی دیکە، ئەگەر ئەو سەرکردانە تەسلیم بە تورکیا بکرێنەوە، وەک سەرکردە تیرۆریستییەکان هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا دەکرێت».

ئەمە لەکاتێکدایە کە لە سەردانی ئەمجارەیدا عەلی دەبـاغ بە ئەردۆغانی ڕاگـەیـانـدووە، کە پرۆسەکە وا ئاسان نییەو ڕادەسـتـکـردنـەوەی لایەنگرانو پەنابەرە سیاسییەکانی تورکیا لە عێراق ئەنجامنادرێت، پێدەچێت دوای ئەو سەردانەی وتەبێژی حکومەتی بەغدا بۆ تورکیا جارێکی دیکە پەیوەندییەکانی نێوان تورکیاو عێراق بەرەو ئاڵۆزیی بڕوات، بێگومان لـەم کـارەشـدا جارێکی دیکە هەرێمی کوردستان دەکەوێتەوە بەردەم ناکۆکییەکان.

دەتەپە سنوورەکان دەشکێنێت

ئارام شێخ وەسانی
نیان مەجید

دەتەپە وەک تاقە پارتی سیاسیی کوردی تورکیا لە پرۆسەی سیاسیی سەرکەوتنی گەورەی بەدەستهێناوە، تائێستا تاکە پارتی کوردییە کە بەمجۆرە لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسیی تورکیادا کەوتبێتە درێژەدان بە سیاسەت لەپێناو مافەکانی گەلی کوردا.

بەپێی سایتی تورکیش دەیلی نیوس، ئەمریکا ڕێگەی داوە بە پارتی کۆمەڵگەی دیموکرات کە نووسینگەیەکی پارتەکەی لە واشنتۆن بکاتەوە، ئەمەش یەکەمین هەڵوێستی ئاشکرای ئەمریکایە سەبارەت بەم پارتە کوردییە، ئەم بابەتە کاتێک باسی لێوەکرا کە باڵیۆزی ئەمریکا لە تورکیا لەگەڵ چەندین لایەنی سیاسیی تورکیا کۆبووەوە، یەکێک لەوانە ئەحمەد تورکە، کە سەرۆکی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتە، ئەگەرچی کۆبوونەوەکە زیـاد لە دوو کاتژمێری خایاندووە، بەڵام ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکە ئاشکرا نەکراوە.

ڕۆژنـامـەی حـوڕیـیـەت لـە زاری سەرچاوەیەکەوە ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکەی ئاشکراکردووە، لەسەرچاوەکەی ڕۆژنامەی حوڕییەتدا هاتووە: «ئامانجی سەرەکی کۆبوونەوەکە کردنەوەی نووسینگەیەکی دیبلۆماسی پارتی دەتەپەیە لە ئەمریکا»، ئەم نووسینگەیە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە بەرەوپێشبردنی پەیوەندییە سیاسییەکانی کوردی تورکیاو حکومەتی ئەمریکا.

سـەبـارەت بـەم بابەتە چاودێرانی سیاسیی ئاماژە بەوە دەدەن، کە کردنەوەی ئەم نووسینگەیە ئاماژەیەکی ڕوونـە بۆ قبووڵکردنی دەتەپە وەک لایەنێکی پرۆسەی سیاسیی تورکیاو گرنگیپێدانێکی ئاشکراشە بە کوردەکانی تورکیا لەلایەن ئەمریکاوە، ئەم بابەتە لە میدیاکانی تورکیا بە گرنگییەکی زۆرەوە وەرگیراوەو پێشبینی ئەوە دەکرێت بەجۆرێکی ڕاستەوخۆ تورکیا لەگەڵ ئەوەدا نەبێت کە ئەم نووسینگەیە بکرێتەوە، چونکە تائێستاش تورکیا لایەنگرانی ئەو پارتە زیندانییو دادگایی دەکات بەتۆمەتی جیا جیا، بۆیە بۆ تورکیا مەترسییەکی ڕوونە کە نوێنەرایەتی دەتەپە ببێتە پردێکی ئاگاداركردنەوەی کێشەو ناکۆکییەکانی نێوان کوردی تورکیاو حکومەتی ئەمریکا.

دەتەپە لە دیدی ئەردۆغاندا

پـاش ئـــەوەی جـــەمـــاوەری پارتی کۆمەڵگەی دیموکرات لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکاندا ئەوەیان بۆ ڕای سیاسیی تورکیا دووپاتکردەوە، کە دەتەپە تاکە پارتی متمانەپێکراوی جەماوەری کوردی تورکیایە، دەسـەڵاتـی سیاسیی تورکیا بە ناچاریی کەوتنە گفتوگۆو ڕێکەوتنو لێدوانی جۆراوجۆر، ئەگەرچی بۆ تورکیا ئاسان نییە ئەو پارتە بەشێوەیەکی فەرمیی وەک نوێنەری کوردی تورکیا قبووڵبکات، هـەروەهـا بـــەردەوام تورکیا خـۆی لەو ڕاستییە لادەدات کە قـەوارەی سیاسیی کوردی تورکیا قەوارەی یەکگرتوو و یەک پەیام بێت، بەڵام بە کۆبوونەوەی ئەردۆغان لەگەڵ ئەحمەد تورکدا ئەو تەلیسمە شکێنرا، ئەردۆغان بۆ چارەسەری پرسی کورد گەڕایەوە لای دەتەپە، دوای چەندین هەوڵی جۆراوجۆر بۆ چارەسەری پرسی کورد، هەروەها تورکیا بەشێوەیەکی ئاشکرا دانی بەوەدانا کە پارتی کۆمەڵگەی دیموکرات نوێنەری جەماوەری کـوردی تورکیایە، بۆیە دانیشتنو کۆبوونەوەکەی ئەردۆغان هەم لەناو تورکیاو هەم لە دەرەوە بە چەندین شێوەی جۆراوجۆر شرۆڤەی بۆ کراو بەپێی زۆرینەی شرۆڤەکانیش دەتەپە هەنگاوێکی دیکەی گەورەی بڕی بە ڕووی تورکیاو جیهاندا، سایتی تودەی زەمان لە ڕاپۆرتێکدا ئاماژە بەوە دەکات، کوردەکان لە ڕێگەی ئەم دیدارەی نێوان ئەردۆغانو ئەحمەد تورکەوە زۆر خۆشحاڵبوونو هیوای زۆر زیاتریان بۆ دروستبووە سەبارەت بە ویستی ڕاستەقینەی ئەردۆغان بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە تورکیا، ئەمەش لە چەندین لێدوانی جۆراوجۆری ناو ڕاپۆرتەکەدا دووپاتکراوەتەوە، سەرۆکی دەزگای لێکۆڵینەوەی ستراتیژیی تورکیا، سیدات لینچەر، لە ڕاپۆرتەکەدا ئاماژە بەو گرێ سایکۆلۆژییانە دەدات کە تورکیا بۆ کێشەی کوردی دروستکردووە، بۆ نموونە یەکتر نەبینینی سەرکردەکانی دەتەپەو ئەردۆغان، لەلایەکی دیکەوە ڕەتکردنەوەی دیدار لەگەڵ سەرۆکی دەتەپە لە پێشوودا خەڵکی کـوردی خستبووە ناو گێژاوی گومان، زۆرێک لە کەسایەتییە کوردەکان بە تەواوی لەگەڵ ئەوەدان کە کێشەی کورد بە تەواوی لێرەوە چارەسەردەکرێت کە پێگەی ڕاستەقینەی دەتەپەو هەڵوێستەکانی سەبارەت بە پەکەکە بەهەند وەربگیرێن.

دەتەپە لە دیدی پەکەکەوە

ئەحمەد دەنیز کردنەوەی نووسینگەی دبلۆماسی لە ئەمریکا باش دەنرخێنێتو پێیوایە، هەنگاوێکی گرنگە لەبەرئەوەی تائێستا ئەمریکا بە ناڕاستەوخۆ ڕاپۆرتی دەربارەی کورد وەردەگرت، بەڵام ئێستا خۆی نزیکی کێشەی کـورد دەکاتەوەو ئەو دەرفـەتـەش زیاتر بـووە بۆ کوردو نزیکبوونەوەی لەگەڵ وڵاتانی دەرەوەدا.

ئـەحـمـەد دەنـیـز، بـەرپـرسـی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پەکەکە، لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامە ئاماژەی بەوەشدا، کە بۆچوونەکانی ئەمریکا دەربارەی کورد بابەتیی نەبوون، خودیی بوون، ڕاستەوخۆ کوردی وەرنەگرتووە، ئەگەر بەم شێوەیەی بکردایە کێشەکان زووتر چارسەر دەبوون.

پارتی کۆمەڵگای دیموکراتی (دەتەپە) لە (٢٠٠٨) نووسینگەی دیبلۆماتی خۆی لە بڕۆکسل کـردەوەو بڕیاریشیدا بۆ پێشخستنی پەیوەندییەکانی لە ئەمریکاش نووسینگەیەک بکاتەوە، لەکاتی دانیشتنی ئەحمەد تورک لەگەڵ کونسوڵی ئەمریکا لە دوو ڕۆژی ڕابـردوودا، ئەحمەد تورک ئەو پێشنیازەی خستە بەردەم کۆنسوڵی ئەمریکاو ئـەویـش بـە خۆشحاڵییەوە پێشوازی لە پێشنیازەکەیان کردو بڕیاریدا کە لەکۆتایی مانگی ئـابو سەرەتای مانگی ئەیلولدا نووسینگەی دیبلۆماسی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی لە واشنتۆن بکرێتەوە.

کێشەی کورد بەکوێ دەگات؟ فۆتۆ: ڕۆیتەرز

دەنگدانەوەی میدیایی

ئەگەری یەکگرتنی مالیکی‌و کوردەکان لەئارادایە

شالاو فەتاح

هەڵبژاردنەکانی کانوونی دووەمی ساڵی داهاتووی عێراق جێی سەرنجی زۆرێک لە بڵاوکراوە جیهانییەکانە، ئەوەی میدیای جیهان بەدوایدا دەگەڕێت بریتییە لە ئاشکراکردنی ئیئتیلافە نوێیەکانی عێراق، لەم نێوانەشدا پرسیاری ئایا مالیکی لەگەڵ کوردەکان هاوپەیمانی پێکدەهێنێت بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتوو؟ یەکێکە لە پرسیارەکان، هەرچەندە تائێستاش میدیای جیهان وەڵامێکی روونـــی دەســـتـــەکـــەوتـــووە، بـــەڵام هەندێک باس لە «زەرورەتی پێکهێنانی هاوپەیمانی» شیعەو کـورد دەکـەن، هۆکارەکانی ئەو «زەرورەتە»ش بریتییە لە گرەنتی پاراستنی ئاسایش لە عێراقدا لەدوای کشانەوەی هێزە ئەمریکییەکان‌و بەرژەوەندی دوولایەنەی شیعەو کورد لە عێراقدا، ئەم پێویستییەش زیاتر دەبێت لەدوای ئەگەری هەڵوەشانەوەی ئیئتیلافی بنکە فراوانی شیعە لەعێراقدا.

REUTERS

مالیکی‌و سیستانی هیچیان رازینین ببنە هێزی دووەم لە عێراقدا

ئـاژانـسـی هـــەواڵـــی رۆیـــتـــەرز لە راپۆرتێکدا باس لە ئەگەری کەرتبوونی ئیئتلافی شیعەکان دەکات‌و دەنووسێت: نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق‌و هاوپەیمانەکانی بۆ هەڵبژاردنی ئەمجارە پێدەچێت تووشی جیابوونەوەببن، حیزبی دەعوە بە سەرۆکایەتی نوری مالیکی‌و ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی عێراق ئیئتلافێکی بنکە فراوانیان بۆ هەڵبژادنەکانی ساڵی (٢٠٠٥) پێکهێناو توانییان دەنگێکی زۆر بەدەستبهێنن، بەڵام بۆ هەڵبژاردنەکانی کانوونی یەکەمی ساڵی داهاتوو ئەم ئیئتیلافە پێناچێت بمێنێتەوە. ئاکامی ئەم جیابوونەوەیەش دەبێتە هـۆی دروستبوونی ململانێ لەنێوان پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق‌و پێدەچێت کوتلە شیعەکان ناچار بە ئیئتیلافکردن لەگەڵ کەمینە سوننی‌و کوردەکان ببن.

چاودێرانی سیاسی پێیانوایە هۆکاری سەرەکی جیابوونەوەی دەعوەو لیژنەی باڵا ئەوەیە کە هیچیان بە بینینی رۆڵی دووەم لە عێراقدا رازینین، وەک رۆیتەرز لە زاری موستەفا عانی لێکۆڵەری سەنتەری دوبەی-خلیج دەڵێت: «کەسیان نایانەوێت تاری دووەم بژەنن». سامی عەسکەری، پەرلەمانتاری عێراقی، نزیک لە مالیکی تەئکید لـەوە دەکاتەوە کە ناکۆکی لەگەڵ ئەنجومەنی باڵا هەیەو پێناچێت دووبارە ئیئتیلاف پێکبهێننەوە. عەسکەری دەڵێت: «یەکێک لە خیارەکان ئەوەیە کە ئەگەر شکستمان هێنا لە ئیئتیلاف پێکهێنان لەگەڵ ئەنجومەنی بـاڵا، ئـەوا ئیئتیلافی دەوڵـەتـی یاسا پێکدەهێنین لە حیزبەکەی سەرۆک وەزیران‌و هاوپەیمانەکانی».

لەلایەکی دیکەوە جەلالەدین سەغیر لە کاتی نوێژی هەینیدا باسی لەوە کرد کە ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی شەعبیەتی خۆی لەدەستنەداوەو هەفتەی داهاتووش ئیئتیلاف پێکدەهێنن کە گروپی سوننی‌و مەسیحیشی تێدادەبێت، لەغیابی ئیئتیلافی بنکە فراوانی شیعەدا باس لە ئیئتیلافی کوردو شیعە دەکرێت، رۆیتەرز باس لە یەکەم گەشتی مالیکی دەکات بۆ هەرێمو بۆ کۆتاییهێنان بە کێشەکان.

لە راپۆرتێکی دیـکـەدا ئاژانسی هەواڵی رۆیتەرز، بە درێژیی باس لە پەیوەندییەکانی کوردو مالیکی دەکات بەتایبەت لەدوای سەردانەکەی مالیکی بـۆ هەرێمی کـوردسـتـان. رۆیـتـەرز دەنووسێت: «فشاری بەردەوامی ئەمریکا بۆ سەر عێراقییەکان تا مەترسییەکان لەناوببەن پێش کشانەوەی تەواوەتی، وای لە عێراقییەکان کردووە کە بیر لە چارەسەربکەنەوە، هەر ئەمەشە وای لە نـوری مالیکی کـردووە کە دوای لەدەستدانی ئیئتیلافی بنکەفراوانی لەگەڵ ئەنجومەنی بـاڵای ئیسلامیی عێراق، پەیوەندییەکانی لەگەڵ کـوردەکـان بەهێزبکات»، چونکە وەک رۆیتەرز دەڵێت: «پێدەچێت پێویستی بە دوو حیزبەکەی کـوردسـتـان بێت بـۆ هاوپەیمانی»، وەک جەعفەر زایری، سەرنووسەری ئاژانسی ئەسوات عێراق، دەڵێت: «مالیکی بەڕاستی پێویستی بـەوەیـە لەگەڵ کوردەکاندا دۆخەکە هێمن بکاتەوە پێش هەڵبژاردنەکە، چونکە رەنگە پێویستی بە دوو حیزبەکە هەبێت».

سـەربـاری هەموو ناکۆکییەکانی نێوان حکومەتی ناوەند بە سەرۆکایەتی مالیکی‌و حکومەتی هەرێم، هێشتا دوو هۆکار هەیە کە وادەکـەن ئیئتیلاف پێکبێت، یەکەم فشاری زۆری ئەمریکا بۆ دەستکەوتنی دڵنیاییەک بۆ پاراستنی ئاسایشی عێراق کە ئەمەش لەوانەیە لە حاڵەتی ئیئتیلافی کوردەکان لەگەڵ مالیکی بەدەستبێت. دووەمیش بەرژەوەندی دوولایەنە لەپاش لە دەستدانی دەنگێکی زۆر لەلایەن هەردوولاوە.

السومرية
Alsumaria

بەرەی تەوافوق بە نیازی پێکهێنانی گەورەترین هاوپەیمانیە

سایتی سۆمەرییە لە هەواڵێکدا باس لە ئیئتیلافەکانی نێو عێراق دەکات‌و لەو چوارچێوەیەدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە ئەنجومەنی باڵای ئیسلامیی عێراق هیچ خیارێکی نییە جگە لە پێکهێنانی ئیئتیلاف لەگەڵ چەند کوتلەیەکی بچووکی دیکە، سەرچاوەیەکی نەناسراو لە حیزبی دەعوە بە رۆژنامەی حەیاتی راگەیاند، لە هەوڵی پێکهێنانی ئیئتلافێکی بەهێزدان لەگەڵ چەند لایەنێکی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا. پارتی فەزیلەش راگەیاندنی پێکهێنانی هەر ئیئتیلافێکی رەتکردەوە تا یاسای نوێی هەڵبژاردنەکان دەردەچێت، دوای دەرچـوونـی یاساکە بابەتی پێکهێنانی ئیئتیلاف تاووتوێ دەکەن.

سۆمەرییە لەسەر زاری مەحمود عوسمان، پەرلەمانتاری عێراق، دەڵێت: «سەرکردە کوردەکانی هەرێمو بەغدا لە هەوڵی پێکهێنانی ئیئتیلافێکی بەهێزدان بۆ هەڵبژاردنەکانی کانوونی دووەمی (٢٠١٠).

عەبدولکەریم سامەرایی لە بەرەی تەوافوق رایگەیاند: «بەرەکەیان بەنیازی ئیئتیلافە لـەگـەڵ چەند کوتلەیەک لـە دەرەوەو نـــاوەوەی پـرۆسـەی سیاسی عێراق‌و چەند تەکنۆکرات‌و ئەکادیمییەکیش بانگهێشتدەکەن بۆ پێکهێنانی «گەورەترین» هاوپەیمانی سیاسی لە عێراقدا».

IPS

سیاسەتی دووفاقییانەی مالیکی بۆ کۆنترۆڵکردنی پرۆسەی سیاسی عێراق

ئاژانسی هەواڵی ئینتەرپرێس سێرڤس لە راپۆرتێکدا باس لە ئیئتیلافە نوێیەکانی عـێـراق دەکـات بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتوو، لەوبارەیەوە نووسیویەتی: «یەکگرتنی مالیکی لەگەڵ گروپی شیعەی (عصائب أهل الحق) کۆتایی بە بەرگریی چەکدارانەی ئەو گروپە هێناو بوونە گروپێکی مەدەنی». ئای.پی.ئێس دەڵێت: «ئەمریکا گومانی لە گروپە چەکدارەکانی شیعە هەیەو پێیوایە «داردەست»ی ئێرانن لە عێراقدا، بەڵام ئەم گروپانە بە رێگەی سیاسی‌و چەکداری لەلایەن مالیکییەوە تێکشکێنراون، دواین هەوڵیش هەوڵی مالیکی بـوو بـۆ بـە مەدەنیکردنی گروپی چەکداری شیعەی «عصائب أهل الحق». ئەم گروپە پێشتر بالێکی شاراوەی هێزەکانی مەهدی بوون، بەڵام پارادۆکس ئەوەیە کە مالیکی سوودی لە عەریفەکانی گروپی سەدر وەردەگرت بۆ لێدانیان. ئەم سیاسەتە دووفاقیەی مالیکی وایکردووە کە زۆرێک لە گروپە چەکدارییە بچووکەکان بتوێنەوە».

دواتر راپۆرتەکە باس لە سیاسەتی دووفـاقـیـی مالیکی دەکـات لەگەڵ ئەمریکییەکانداو دەڵێت: «مالیکی لەلایەک هـاوکـاریـی ئەمریکییەکانی دەکـرد لەدژی سەدرییەکان، لەلایەکی دیکەوە لەگەڵ سەدرییەکاندا هاوکاریی دەکرد دژی ئەمریکا، لەلایەکی دیکەشەوەو بە هاندانی ئـێـران کـاری دەکـرد بۆ کشانەوەی تەواوەتی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقدا». پێکهێنانی ئیئتیلافیش لەگەڵ ئەو گروپەدا یەکێکی دیکەیە لە دووفاقییەکانی سیاسەتی مالیکی بەوەی «لەسەر پرەنسیپی دەرکردنی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقدا» یەکیان گرتووە. دواتـر راپۆرتەکە بە درێژیی باس لە رفاندنەکانی گروپی «عصائب أهل الحق» دەکـات، وەک رفاندنی دوو سەربازی بەریتانی.

Xinhua
中国新闻

بان کی مۆن داوا لە سەرکردە عێراقییەکان دەکات گرنگی بە ژیانی رۆژانەی عێراقییەکان بدەن

ئاژانسی هەواڵی شینخوای چینی راپۆرتێک دەربـارەی هەڵبژاردنەکانی داهاتووی عێراق بڵاودەکاتەوەو تێیدا باس لە هەڵوێستی نەتەوەیەکگرتووەکان بەرامبەر هەڵبژاردنەکان دەکات، لەسەر زاری بانکیمۆنی سکرتێری گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە شینخوا دەڵێت: «عێراق دەچێتە قۆناغێکی گواستنەوەی گرنگەوە بەهۆی هەڵبژاردنەکانی کانوونی دووەمـــەوەو هیواخوازە کە عێراقییەکان بەرپرسیارێتی زیاتر لە ئەستۆبگرن‌و کۆمەڵێک بەرژەوەندیی تەسکی شەخسی لەبیربکەن». لە دواین راپۆرتی خۆیدا نەتەوەیەکگرتووەکان پاش باسکردنی مەترسیی دروستبوونی توندوتیژیی لەنێوان عێراقییەکانداو هیواخواستن بە داهاتوویەکی باش بۆ عێراق، بانکیمۆن وتی: « بایەخێکی زۆر بە پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتی ناوەندو هەرێمی کوردستان دەدات‌و هیواخوازە پێشکەوتنێکی سیاسی گرنگ لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا لە عێراقدا رووبدات وەک دەڵێت ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە بۆ عێراقییەکانی بسەلمێنن گرنگی بە کاروباری رۆژانەیان دەدەن».



ـــــیـــکـــرو زانـــســـت رووخـــاوە

دەکات‌و روبینایەکی خۆی هەیە.

بـە نیسبەت تـیـۆرەی ئـابـووریـی ئیسلامییەوە، دەتوانین بڵێین وەک ئابووریی وەزعیی کە ئێستا زۆر پێشکەوتووە رەنگە تیۆرەی زۆری تێدا نەبێت، بەڵام ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ بنەماو بناغە ئەوا تەماشا دەکەین ئاینی ئیسلام بوارمان دەدات کە ئینتیلاق بکەین لەو بنەمایانە بۆ چەندین گریمانەی زانستیی ئابووری.

زانایانی پێشووی خۆمان وەک ئەبو حەنیفە، بیرۆکەیەکیان داناوە کە بریتییە لە گریمانەو سیناریۆکان، کەوابوو زانایانی ئیسلام بە حوکمی ئەوەی ئیجتیهاد شتێکی پێویستە ئیسلام زۆر هانی ئەو بوارە دەدات، بۆیە زانایان لە ئێستادا چەندین تیۆرەی باشیان دروستکردووەو توانیویانە چارەسەری بکەن. من وا دەزانم ئەم قەیرانە ئابوورییەی کە ئێستا هەیەو جیهان هەمووی بەگشتیی دەیەوێت کەڵک لە ئابووریی ئیسلامیی وەربگرێت، بەڵگەیەکی زۆر بەهێزە لەوەی ئاینی ئیسلام ئابوورییەکی هەیە کە دەتوانێت پێشکەشی جیهانی بکات.

دواتـریـن شـت ئـەوەیـە کـە گۆڤاری وتەبێژی فەرمیی حکومەتی ڤاتیکتان دەڵێت، هیچ بوارێک نییە بۆ دەبازبوون لەم قەیرانە دارایییە، بە بێ گەڕانەوە بۆ ئەخلاقیاتی ئابووریی ئیسلامیی‌و بانکی ئیسلامیی، چونکە ئەم قەیرانە لە واقیعدا قەیرانێکی ئەخلاقییە، بە ئابوورییەکی ئەخلاقی چارەسەر دەکرێت کە ئەویش ئابووریی ئیسلامییە.

رۆژنامە: بۆچی قەیرانی ئابووری وڵاتانی ئیسلامیی دەگرێتەوە، لە کاتێکدا زۆرێک لەشارەزایانی ئابووریی ئیسلامیی پێیانوایە کە (سـوود)و ریبا هۆکاری سەرەکی ئەو قەیرانەن کە ئابووریی خۆرئاوا گیرۆدەی بووە؟

* دیارە سیستمی ئابووریی جیهانی (سـەرمـایـەداریـی) لە هەموو وڵاتێکدا جێبەجێدەکرێت، تەنانەت سعودیە زۆربەی بانکەکانی لەسەر بنەمای سەرمایەداریو ریبەوی دامەزراوە، جا لەبەرئەوە شتێکی زۆر سروشتییە کـە ئـەو وڵاتـانـەش بگرێتەوە، جگە لەو بانکە ئیسلامییانە نەبێت کەوا دروستکراونو تائێستاش دوورن لە قەیرانە دارایییەکە، بەڵام دوور نین لە قەیرانە ئابوورییەکە، ئێستا جیهان لە سێ قەیراندایە، قەیرانێکی دارایی هەبوو کە لە بانکو بۆرسەکانەوە دەستیپێکردو چەندین بانک بەهۆیەوە مایەپوچبوونی خۆیان راگەیاند، کە لە دەرەنجامی ئەوەدا کاریکردە سەر سیولە لە بۆرسەو پێیدەوترێت قەیرانی دارایی.

دەرئەنجامی ئەوە گۆڕا بۆ قەیرانێکی ئابووری، وەک متبوون (رکود) بە جۆرێک کە بێکارییەکی زۆر بڵاوبووەوە، بە جۆرێک کە دوو تا سێ ملیۆن کەس بە بێکاریی ماونەتەوە، ئێستا لە جیهاندا بیست ملیۆن کەس بێکارە، کەواتە قەیرانی ئابووری بریتییە لە متبوون‌و بێکاریی‌و هەڵاوسان، لەم قەیرانە ئابوورییەوە قەیرانی بازرگانی دروستدەبێت، واتە بەکاربردن کەمدەبێتەوە، چونکە تـوانـای کڕین کەمدەبێتەوە، لەبەرئەوەی وڵاتە گەورەکان پێویستیان بە بـازارە، بەڵام کاتێک بەکاربەر پارەی کەمدەبێتەوە ئەوا توانای کڕینی نامێنێت.

گـۆردن بـراون، سـەرۆک وەزیرانی بەریتانیا، وتی: «ئێمە لە لوتکەی بیستی یەکەم‌و دووەمدا، هەوڵماندا چارەسەری کێشەی سەرمایەداریی خۆمان بکەین، ئێستا دەزانین قەیرانەکە قوڵتربووەتەوە، چونکە ئەگەر چارەسەری بەرهەمهێنان بکەین، ئەی چۆن چارەسەری بەکاربردن بکەین».

بۆیە خوای گەورە لە قورئاندا دەفەرموێت «والارض وضعها للانام»، ئەم زەوییەمان دروستکردووە بۆ هەموو بەشەر، نەک تەنیا بۆ سەرمایەدارو دەوڵەمەند، ئەگەر بەشێک بەباشی کاری تێدا نەکرد دوایی زیانەکە بۆخۆی دەگەڕێتەوە، ئێستا سەرمایەداریی لە لوتکەی بیستی یەکەم‌و دووهەمدا سەدەها ملیاریان دانـا بۆ چارەسەری کێشەکە، تاڕادەیەک پێشکەوتن، بەڵام دواتر قەیرانەکە زیاتر پەرەیسەندو بڵاوەیکرد.

ئێستا جیهان کە نزیکەی شەش ملیارو پێنجسەد ملیۆن کەسە، ئەوروپای خۆرئاوا لەگەڵ یابان‌و چین (چینیش هەمووی نا) دەچێتە یەک ملیارو پێنجسەد ملیۆن دەوڵەمەند، کەواتە نزیکەی پێنج ملیار کەس هەمووی کە موحتاجەو بەکاربەرە، جا ئەگەر توانای کڕینی نەبێت چۆن دەبێت؟

بۆیە ئەو قەیرانە قەیرانێکی جیهانییە، چونکە قەیرانێکی سەرمایەداریییە، سەرمایەدارێتیش لە هەموو جیهاندا جێبەجێدەکرێت، لە لایەکی دیکەشەوە زۆربەی ئەو دەوڵەتانەی کە هەن لە جیهانی خۆماندا، زۆرینەی ئەو بانکانەی لە جیهانی عەرەبی‌و ئیسلامیی‌و ئەفریقیدا ئیشدەکەن، هەمووی تەقریبەن مامەڵە لەگەڵ سیستمی سوودا دەکەن، زۆربەیان مامەڵەیان کرد لەگەڵ ئەو سەنەداتانەی کـەوا ئەمریکا دەریکرد بەهۆی قـەرزی خانووبەرەوە کە نزیکەی (١٩)تریلیۆن دۆلار بوو کە خرابووەڕوو بۆ هەموو جیهان، جیهانیش هـەمـووی پیشوازی لـەو سەنەداتانە کرد، چونکە یەک بانکو سێ کۆمپانیای گەورە، بەدوای ئەو سەنەداتانەوە بوون، لە رووکـەشـدا گەورەترین پشت‌و پەنا هەبوو بۆ ئەو سەنەداتانە، چونکە بانکی لیمان بـرازەرزی چـوارەم گەورەترین بانکی جیهانی دروستیکردبوو کە تەمەنی زیاتر لە (١٥٠)ساڵە، لەدوای ئەوەشەوە ئەو بانکە سێ کۆمپانیای دیکەی کرد بە گرەنتی بۆ خۆی، گەورەترین کۆمپانیایان کە (١٩٣٨)دروستبوو کە یەکێک بوو لە گەورەترین کۆمپانیاکانی خانووبەرە، دوای ئەوە (فریدیماک)، دواتر یەکێک لەگەورەترین کۆمپانیاکانی بیمە (ئەی ئای جی)، ئەمانە هەموویان گرەنتی ئەوەیان دەکرد، کاتێک پێشبینییانکردو پێشنیازیانکرد بۆ ئێمەو بۆ بانکی ئسلامیی، ئێمە وتمان مەجالی تێدا نییەو ئەوە لەسەر سوود بنیادنراوە، بەو گرەنتییە گەورەوە ئەو کێشەیە روویدا، بۆ نموونە وڵاتانی کەنداو زیانێکی زۆریان لێکەوتووە. لە راستیدا ئابووری وەک زنجیرێک وایە کە حەلقەیەکی پچڕا ئیتر ئەوانی دیکەش بەدوایدا دێن، بۆیە ئەو بانکو کۆمپانیایانە بەدوای یەکدا رووخان‌و هەرەسیانهێنا.

رۆژنامە: ئێوەوەک زانایەکی ئابووریی ئیسلامیی، هیچ پێشنیازێک خراوەتە بەردەمتان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە تا قسەتان هەبێت لەسەر قەیرانەکە؟

* ئێمە لەم ماوەیەدا لەچەندین شوێنەوە داوامانلێکراوە، لە بەریتانیاوە کە دەیەوێت لەندەن بکاتە سەنتەری ئابووریی ئیسلامیی، ئێستا قەبارەی مامەڵەی ئیسلامیی بەهۆی ئەو بانکانەی کە لەبەریتانیادا کاردەکەن دەچێتە (٢٥)ملیار جونەیهی ئیستەرلینی، تەنانەت یەکێک لە بانکە گەورەکان کە(ئێچ ئێس بی سی)یە، لقی زۆری بانکی ئیسلامیی هەیەو بانکێکی ئیسلامیی بەناوی(الامانە)ەوە کردووەتەوە، ئەو بانکە شانازی دەکات بـەوەی کە ئـەو لقانەی هەیە، چونکە توانیویەتی لەم قەیرانە رزگاری بێت.

دووهەم شوێن کە زۆر جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، سوود ببینێت لە ئابووریی ئیسلامیی فەرەنسایە بە تایبەت وەزارەتی ئابووری، وەزیـری ئابووری ئەو وڵاتە وتویەتی: «ئێمە دەمانەوێت ئابوورییەک دروستبکەین بۆ فەرەنساو سـوود لە ئابووریی ئێوە وەربگرین کە ئابوورییەکی ئیسلامییە، بۆئەوەی بگەینە ئابوورییەک کە نە قومارو نە ئەگەریشی تێدا بێت، ئەوەش شتێکی زۆر واقیعییەو پێدەوترێت ئابووریی حەقیقی».

لە دەرئەنجامی ئەوەدا کۆنگرەیەکمان بەست لە فەرەنساو دامەزراوەیەکی گەورە دروستکرا کە من یەکێکم لە دامەزرێنەرەکان بە نـاوی(دامـەزراوی دارایـی فەرەنسی)، ئێستا یەک دوو بانکێک دروستبووە، بەڵام هیوا وایە کە پاریس ببێتە یەکێک لە پایتەختەکانی سەیرەفەی ئیسلامیی، هەروەها کۆنگرەیەکمان لە ئیتاڵیا بەست ئەوانیش بە نیازن، هەروەها ئەڵمانیاش بەهەمانشێوە.

رۆژنامە: بەم دۆخەوە، ئایا پێتانوایە سەرمایەداریی رووخاوە یان نا؟

* ئێمە دەڵێین بنەمای سەرمایەداریی وەک فیکرو زانست رووخاوە، بەڵام مانای وانییە سیستمی دراوی جیهانی رووخاوە، هەموو فیکرێک کۆمەڵێک بنەمای هەیە، بۆیە بنەمای فیکریی سیستمی سەرمایەداریی بەتەواوی رووخـاوە، چونکە بنەمای ئەو فیکرە ئـازادی خاوەندارێتی تاکە، بەهیچ شێوەیەک دەوڵەت ناتوانێت دەستوەربداتە کـاروبـارەکـانـەوە، ئەمڕۆ لـەو بـوارەدا وڵاتانی ئەوروپی نەک دەستوەردەداتە کاروبارەکانەوە، بەڵکو بیمەشیان دەکات، بە دانپێدانانی هەرچی جیهان هەیە بیمە سەدو هەشتا نمرە دژی سیستمی سەرمایەداریە، بیمەو دڵنیایی شیوعیەتە، بیمە ئیسلامە لە هەندێک حالەتدا.

رۆژنامە: ئەوە لەکاتێکدایە کە پێشتر بارودۆخەکە بەو جۆرە نەبوو؟

*بەپێی یاسا نەخێر نەیاندەتوانی، بەڵام کە قەیرانەکە روویدا خەرقی هەموو یاسایەکیان کرد، ئەوە لە لایەک، لە لایەکی دیکەشەوە دوو یاسا هەیە لە سیستمی سەرمایەداریدا کە یەکێکیان یاسای خواست‌و خستنەڕووە بۆ کاڵاو خزمەتگوزاریی، ئەو یاسایە دەتوانێت تەحەکوم بکات، بەڵام لەم قەیرانەدا نەیتوانی، یاسای دووهەمیان بۆ مەسەلەی سوود کە سەنگی تەحەکومە بۆ ئاراستەکردنی دراو، دیسانەوە ئەویش نەیتوانی، بەڵکو رێژەی سوود هاتە سەر سفر.

شتێک هەیە لە سەرمایەداریدا پێیدەوترێت (دەستی شاراوە)، گوایا وازی لێبهێنە ئەو دەستە مەسەلەکە چارەسەر دەکات، ئەوە سیستمی بازاڕە بەجۆرێک کە خۆی حوکم دەکات، قەبارەی ئالوگۆری رۆژانە پێش قەیرانەکە گەیشتە (٦٥٥)تریلیۆن دۆلار بۆ هەموو رۆژێـک، بەڵام قەبارەی حەقیقی خۆی (٥٪)بوو، ئێستا جیهان ئاگاداری لەوەی کە دەبێت بازاڕەکان رێکبخرێن‌و دیسپلین بکرێن، بۆیە نابێت ئەو بوارە بدرێت، چونکە دەستی شاراوە تێکیداوە.

- **گۆڤاری وتەبێژی فەرمیی حکومەتی ڤاتیکان دەڵێت:**

«هیچ بوارێک نییە بۆ دەربازبوون لەم قەیرانە دارایییە، بە بێ گەڕانەوە بۆ ئەخلاقیاتی ئابووریی ئیسلامیی، چونکە ئەم قەیرانە لە واقیعدا قەیرانێکی ئەخلاقییە، بە ئابوورییەکی ئەخلاقی چارەسەر دەکرێت کە ئەویش ئابووریی ئیسلامییە»

- **(سەرمایەداریی) لە هەموو وڵاتێکدا جێبەجێدەکرێت، تەنانەت سعودیە زۆربەی بانکەکانی لەسەر بنەمای سەرمایەداری‌و ریبەوی دامەزراوە، جا لەبەرئەوە شتێکی سروشتییە کە قەیرانی ئابووری ئەو وڵاتانەش بگرێتەوە**

- **بە نیسبەت سیستم‌و ئایدیۆلۆژیاوە، ئیسلام خۆی عەقیدەیەو ئایدیۆلۆژییەتێکی جیاوازە، ئەمە زۆر شتێکی سروشتییە کە تێڕوانینی بۆ ژیان جیاوازبێت لەگەڵ تیۆرییەکی ئیشتیراکی یان سەرمایەداریی، لە واقیعیشدا زۆر جیاوازە**

پرۆفیسۆر عەلی قەرەداغی:

بنەمای سەرمایەداریی وەک فـــ

سازدانی:
فازڵ نەجیب، محەمەد شێخ فاتح

پرۆفیسۆر عەلی قەرەداغی، لە دیدارێکی تایبەت بە ڕۆژنامەدا، ئاماژە بە سیستمی ئابووریی ئیسلامیی دەکات و پێیوایە ئێستا ئابووریی ئیسلامیی یەکێکە لەو کایە بەرفراوانانەی کە وڵاتانی جیهان چاویان تێبڕیوەو وەک یەکێک لە فریادڕەسەکان بۆچارەسەری قەیرانی دارایی و ئابووریی تەماشای دەکەن.

بەڕوای قەرەداغی، ئابووریی ئیسلامیی مێژوویەکی کۆنی هەیەو پێش سەدان ساڵ لەمەوبەر توانیویەتی تێزو پێشنیازەکانی تەرح بکات و ئیدارەی دەوڵەتی پێبکات و لەو بوارەشدا سەرکەوتوو بووە.

(١-٢)

ڕۆژنامە: شتێک هەیە لە ئێستادا بەناوی ئابووریی ئیسلامییەوە؟

* ئابووریی پێکهاتووە لە سێ بەش، بەشێکی ئایدۆلۆژی کە پێیدەوترێت سیستمی ئابووریی، بەشێکی زانستی کە پێیدەوترێت زانستی ئابووریی، بەشی سێهەم کە بریتییە لە تیۆرەو چارەسەرو گریمانە.

بە نیسبەت بەشی یەکەم کە زانستی ئابوورییە، وەک ئـادەم سمیس و ئەوانی دیکەش باسیانکردووە، دەڵێن زانستی ئابووریی باس لەوە دەکات کە چۆن ئیدارەی سەروەتی ئەو خەڵکە دەکرێت.

ئەگەر لـەم بـوارەوە بڵێین ئوممەی ئیسلامییش ئوممەیەک بووە، تەمەنی نزیکەی (١٤٣٠)ساڵە، حوکمی دنیاشی کردووە، وەک خەلافەتی ڕاشیدینو ئەمەوی و عەباسی و دواتر عوسمانییەکان، دیارە لە ناویشیاندا ئەیوبییەکان هەیە، ئەوانەش نزیکەی (١٢٠٠-١٣٠٠)ساڵ حوکمی ئەم دنیایەیان کردووە، هیچ مەعقول نییە لە ڕووی زانستییەوە چۆن ئەم ئوممەتەی خۆی ئیدارە بکات. لەواقیعیشدا توانیویەتی ئیدارەی بکات، تەنانەت لـە ڕووی جێبەجێکردنەوە لەسەردەمی عومەری کوڕی عەبدولعەزیزدا توانیویەتی سیاسەتێک دابنێت لەماوەی دووســاڵو شەش مانگو حەڤدە ڕۆژدا هـەژار نەهێڵێتو چارەسەری کێشەکە بکات، ئەویش لە ڕێگەی چەند بەرنامەیەکی ڕێکوپێکەوە، وەک زەکاتو بەیتولمالو ئەو سەروەتانەی لەو کاتەدا دەستیانکەوتووە، لە ڕووی فیکریشەوە دەتوانین بڵێین، زۆرێـک لە ئیمامەکان بە تایبەت ئیمامی شافیعی باسی ئەوەیانکردووە، پێویستە لەسەر حکومەت بەرنامەیەک دابنێت بۆ دابەشکردنی سـەروەت بەسەر ئوممەتدا کە لەسەر سێبەش وەستاوە، بەشێکیان بۆ زۆر هەژارەکان کە پێیوتووە (حد الکفاف)، ئاستی پێویست، قۆناغی دووەم پێویستە خاوەندارێتی کەرەستەکانی وەبەرهێنان بکات بۆ بەشی دووەم کە بیانگەیەنێتە (حد الکفایة) ئاستی تێریی بۆ ساڵێک یان بۆ هەموو تەمەن، ئیمامی شافیعی کە لە (٢٠٤)دا وەفاتی کردووە، دەڵێت لەگەڵ ئەم دوو بەرنامەیدا دروست نییە ئوممەت بیر نەکاتەوە کە قۆناغێکی هەبێت پێیدەوترێت (تمام الکفایة) واتە حاڵەتی خۆشگوزەرانی.

لە واقیعیشدا تەماشا دەکەین کە قورئانی پیرۆز زیاتر لە (٣٠٠)ئایەت کە چەمکی ئابووریی زۆر باشی تیا باسکراوە، جگە لەوەی کە زیاتر لە (٦٠٠)ئایەتی مامەڵەو ئیشی دارایی تێدایە.

یەکێک لەوانە مامۆستا د.محێدین عەتییە، ئەوەی لە کتێبێکدا کۆکردووەتەوە بەناوی (المصطلحات الاقتصادیة فی القران)، سوننەتی پێغەمبەریش (درودی خوای لەسەر بێت) وردەکاریی زۆری لەوبارەیەوە داوە.

ئەگەر بێیتە سەر بوارێکی دیکەش زانستی ئابووری هەمیشە پێنج شت ڕێکدەخات، یەکێکیان چالاکی وەبەرهێنان ڕێکدەخات کە زەویو ئیشو سەرمایەیە، دووەم بەکاربردن چۆن ئەو شتە خەرجدەکرێت، سێهەم، بریتییە لە کاڵاو خزمەتگوزارییەکان، چوارەم، دابەشکردن، پێنجەمیش دووبارەی دابەشکردنەوە، بەجۆرێک کە حکومەت چۆن چەند ماڵێک وەربگرێت لەدەوڵەمەندو کۆمپانیاکانو جارێکی دیکە بیگەڕێنێتەوە بۆسەر چینی هـەژار، بۆ ئـەوەی جۆرە هاوسەنگییەک دروستبکات، یـان ئەو سامانانە خەرجبکات بۆ بەرژەوەندیی گشتیی، قورئانی پیرۆز بەشێوەیەکی گشتیی باسی لەم پێنج چالاکییە کردووە، هەروەها سوننەتیش ئاماژەی پێکردووە.

ڕۆژنـامـە: زانایانی ئیسلام چۆن دەڕوانننە ئەو باسە؟

* هـەنـدێـکـیـان بەکتێبی گشتیی، بەشێکیشیان بەکتێبی تایبەت باسیان لێوەکردووە، ئەوانەی کتێبی تایبەت بێت زیاتر لە سێسەد کتێب گەیشتووەتە ئێمە، وەک کتێبی خەراجو ئەموال.

ڕۆژنامە: لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە ئیسلام چ پانتاییەکی لـەو بـوارەدا داگیرکردووە؟

* بە نیسبەت سیستمو ئایدیۆلۆژیاوە، ئیسلام خۆی عەقیدەیەو ئایدیۆلۆژییەتێکی جیاوازە، ئەمە زۆرزۆر شتێکی سروشتییە کە تێڕوانینی بۆ ژیان جیاوازبێت لەگەڵ تێوروییەکی ئیشتیراکی یان سەرمایەداریی، لە واقیعیشدا زۆر جـیـاوازە، بۆنموونە گرنگترین بنەما لەو بوردا خاوەندارێتییە، هەمیشە ئایدۆلۆژییەت ئابووری دەگۆڕێت بەهۆی تەماشاکردنی بۆ خاوەندارێتی، سەرمایەدارێتی وا تەماشای خاوەندارێتی دەکات کە دەبێت ئازاد بێتو کەس، تەنانەت دەوڵەتیش دەستوەرنەداتە ناوی، مەگەر ڕێنماییەکی کەمی هەبێت، ئیشتیراکیش وا تەماشا دەکات کە ڕەگەزەکانی وەبەرهێنان مولکی دەوڵەتن، بەڵام ئیسلام سوود لە هەردووکیان وەردەگـرێـت. چەند کۆتو بەندێکی دانـاوە لەسەر خاوەندارێتی، بـەجـۆرێـک کـە هـەر پێنج بـوارەکـەی گرتووتەوە کە لەوانی دیکەدا نییە، لە سەرمایەداریدا خاوەندارێتی دەوڵەت نییە، بەڵام لە ئیسلامدا سێ جۆر خاوەندارێتی هەیە، یەکێکیان خاوەندارێتی تاکە، بەڵام چەند کۆتێکی دەخرێتە سەر بۆ ئەوەی ڕۆڵی خۆی ببینێت بۆ وەزیفەیەکی کۆمەڵایەتی، دووەم خاوەندارێتی دەوڵەت، ئەویش بۆ ئەوەی دەوڵەت بتوانێت ئاراستەی ئابووری وڵات بکات بەو جۆرەی کە خۆی دەیەوێت، چونکە ئەگەر دەوڵەت ماڵو حاڵی نەبوو ئەوا ناتوانێت ئاراستە بکات.

بۆ نموونە هارونە ڕەشید، کاری وا بووە لە هاویندا هەرچی بەرهەمی جوتیار هەبوو بە پارەیەکی زۆر باش دەیکڕی، چەندەها ئەمباری دروستدەکرد کە زستان دەهات لە عێراقو غەیری عێراق ئەوەی کە ئەمباری کـردووە دەیفرۆشتەوە، ئەوە سیاسەتی هاوسەنگیگردنە لەنێوان خواستو خستنەڕوودا، ئەوەش پێیدەوترێت تەحەکوم.

جگە لەوەش دەوڵەت خاوەندارێتییەکی سێهەمی هەیە کە پێیدەوترێت خاوەندارێتی گشتیی، کە چاودێرییە لەسەر پرۆژەی گەورە، وەک نەوتو ئاوو شاخەکان، کە ئەمانە مولکی خۆی نییەو مولکی دەوڵەتە، بەڵام کێ نوێنەری خەڵکە؟ دیارە حکومەت.

کەوابوو وەک فەلسەفەو سیستم زۆر زۆر بەجوانی مامەڵە لەگەڵ ئەو بوارانەدا

پرۆفیسۆر عەلی قەرەداغی، یەکێکە لە کەسایەتییە بەناوبانگەکانی جیهانی عەرەبیو ئیسلامیی، کەسایەتییەکی ناسراوی ئەکادیمی ئابووری ئیسلامییە، دامەزرێنەرو ڕاوێژکاری دەیان لیژنەو بانکی بەناوبانگە، بە بۆچوونو تێزەکانی ڕۆڵێکی کارای گێڕاوە لە بڵاوکردنەوەی ئابووریی ئیسلامییەکی تۆکمەی ئیسلامیی، هاوکات بەیەکێک لەو کەسانە دەژمێردرێت کە لەبواری خێرخوازیدا ڕۆڵێکی کارای بینیوەو جێدەستی دیارە.

*** بەریتانیا دەیەوێت لەندەن بکاتە سەنتەری ئابووریی ئیسلامیی**

*** فەڕەنسا زۆر جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، سوود ببینێت لە ئابووریی ئیسلامیی**

پێشنیازێکی ئارام بۆ سەردەمێکی تووڕە!

ئەکرەمی میهرداد

پێشنیازی هێمن لەم سەردەمە هەستیارو دردۆنگ و نائاساییەدا دەبێت بە چوار ئاراستە بێت: یەکەم، ئاراستەی گشتیی نیشتمان، ماف و ئازادیی و عەدالەت و بەشداریی سیاسییە بۆ هەمووان، کە بێگومان ئەم پێوەرو دیدگایانە پێوەرو بۆچوونی جیهانی و مۆدێرنەن و مرۆڤایەتی پێشکەوتووش لەم زەمینانەدا زۆر ئەزموون و روانگەی باشی بۆ بەرهەمهێناوین. دووەم، ئاراستەی پلورالیزمی سیاسی و فیکری و جیهانبینییە لەنێوان بکەرو لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی دوای هەڵبژاردنی ئەمسالْ. سێیەم، هەوڵدانە بۆ تێگەیشتن لە هەلومەرجو ڕەوشی ڕاستەقینەی هەر یەکێک لەو بکەرە سیاسییانە لە هەردوو لایەنی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤیاندا. سەرئەنجامو ئاراستەی چوارەم دەبێتە ئەوەی کە ئایا گۆتاری ئامانجدار بۆ نیشتمان و ئازادیی و دادپەروەریی و بەشداریی لەلای هەریەکێک لەو بکەرانە چۆن بیناده کرێت یان من چۆن دەخوازم کە بینابکرێت!

ئامانجی سەرەکی ئەم وتارەی من ئەوەیە کە پێشنیازێکی هێمن بۆ سەردەمێکی تووڕە بۆ هێزە سیاسییە سەرەکییەکانی کوردستان بنووسمو باسی نەخشی هەریەکێک لەو هێزانە لە ئایندەدا پێشنیاز بکەم. زەمینەی بۆچوون و ڕەوشی ئێستای هەریەکێک لەو بکەرانەش لە وتارو دیدگاو ڕاگەیاندنی ئاشکراوە وەرمنەگرتووە، بەڵکو بەو شێوەیەی کە خۆم بیردەکەمەوە لە هەلومەرجی ڕاستەقینە (ڕانەگەیەنراو!)ی هەریەکێک لەو هێزانە وەرگیراوە.

١ ـ ڕەوشی پارتی لەنێوان براوەی یەکەم یان غەدرلێکراوی یەکەم:

لەلای پارتی و لەلای زۆربەی خەڵکی کوردستان و هێزە سیاسییەکانیش پارتی بە براوەی یەکەم ئەژمار دەکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا سەرۆکایەتیی پارتی و کادیران و ئەندامانی بڕوایانوایە کە پارتی لەلایەن خەڵکی پارێزگای سلێمانی و گۆڕان و هەندێک لە یەکێتییەکانەوە غەدری لێکراوە یان لە ڕاستیدا متمانەی خوازراوی پێنەدراوەو کاردانەوەی توندی پارتی لە هەولێر ئاماژەی ئەم بڕوایەیدا بە گوێی هەموواندا، بەڵام داوای لێبوردنی پارتی لە گۆڕان و لە لیستی چاکسازی سەلماندی کە ئەو کاردانەوەیە (ڕەسمیی یان نارەسمیی) تووڕەبوونێکی کاتی و هەستی غەدرلێکراوی بەیاندەکات. لەدوای هەڵبژاردنی ساڵی (٢٠٠٥) پاش ئەوەی پارتی هەستیکرد کە یەکێتی بە ڕێژەیەکی کەمێک زیاتر لەو دەنگی هێنابوو لە هەڵبژاردنی پارێزگاکاندا، بەخۆیدا چووەوەو سەرەتای هەندێک کارو پڕۆژەی گرنگی لە ناوچەی دەسەڵاتی خۆی ئەنجامدا. هیوادارم زەنگی ئەمجارە کە بێگومان لەهی (٢٠٠٥) بەهێزترە وابکات کە وەڵامی پارتی مەنتقیترو بەهێزتر بێت بۆ چاکسازی و خزمەتی زیاتری خەڵکی کوردستان بە سلێمانیشەوە.

پارتی دەتوانێت و دەبێت لەم ئاراستانەدا مەنتقیبوون و میانڕەویی خۆی وەکوبراوەی یەکەم بۆ هەمووان بسەلمێنێت و بچێتە ژێر باری زۆربەی بەرپرسیارێتی لە کوردستان. پاراستنی ڕێککەوتنی ستراتیژیی نێوان پارتی و یەکێتی، خوێندنەوەو بە ڕەسمیی ناسینی پارتی بۆ ئۆپۆزسیۆن و دیداری هاوبەشی نێوان کاک مەسعودو کاک نەوشیروان دەکرێت سەرەتایەکی باش بێت بۆ ئەم پرسە.

من پێشنیاز دەکەم پارتی لە ڕەوشی سیاسی و دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی هەرێمدا ئەم سێ کارە بکات، یەکەم، سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران بۆ یەکێتی بێت.

دووەم، سەرۆکایەتیی هەرێم لە دامەزراوەیەکی ڕەمزی و نیشتمانی و گشتییەوە بکرێتە دامەزراوەیەکی بەهێزو کارا لەپاڵ ئەوەی کە ڕەمزی گشتیی نیشتمانیشە.

سێیەم، سەرۆکایەتیی پەرلەمان بدرێتە لیستی گۆڕان، بەڵام بە مەرجی ئەوەی کە خودی نەوشیروان مستەفا ئەو پۆستە وەربگرێت. بەم کارانە کوردو هێزە سیاسییەکانی دەتوانن پایەکانی ئاشتی و بەشداری و جیاوازی نیشتمانی و گشتیی بۆ هەرێم پەیدا بکەن.

٢ ـ (ی.ن.ک) لەنێوان دۆڕاندن و میانڕەوییدا:

یەکێتی و جەماوەرەکەی و لایەنە سیاسییەکان بڕوایانوایە کە دۆڕانی یەکەم لە هەڵبژاردندا بەر یەکێتی کەوتووەو کاردانەوەی توندی هەندێک لە بەرپرسانیش ئەوە نیشاندەدەن و تەنانەت گوتاری نەرم و واقیعیی هەندێکی دیکە لە بەرپرسانیان هەر بەیانکەری ئەو ڕەوشەن. هەندێک کەس لە یاران و نەیارانی یەکێتی بڕوایانوایە کە سەرەتای کۆتایی ئەو هێزە سیاسییە دەرکەوتووە، یان بڕوایانوایە کە هێدی هێدی یەکێتی بەرەو پارتی دەچێت. ئەگەرچی هەموو ئەگەرەکان لە ژیان و لە سیاسەتدا چاوەڕوانکراون، بەڵام من بڕوام بەوەیە کە یەکێتی هێشتا زەمینەی بەردەوامی و هۆکاری دەستپێشخەرغی لەم سەردەمەدا لەدەستدایە. زەمینەی بەردەوامی (ی.ن.ک) لەوەدایە کە بتوانێت ئاڵوگۆڕێکی باش لە پێکهاتەو ڕەوشی ڕێکخراوەیی و حکومەتداریدا بکات و بۆ ئەم مەبەستە دەبێت خۆی سنووردار نەکات بە پەرپرس و کادیرەکانی ناو یەکێتی، بەڵکو دەبێت کرانەوە بکات بەڕووی کەسانی نوخبەو شارەزا لە دەرەوەی خۆی و نموونەی چۆنێتی دانانی لیستی پەرلەمانیی بکاتە نموونەیەک بۆ هەموو کارەکانی ئایندەی. هۆکاری دەستپێشخەری (مبادرە) لەوەدایە کە (ی.ن.ک) دەتوانێت و دەبێت هۆکارو زەمینەی پەیوەندی و میانڕەویی بێت لەنێوان هێزەکانی دیکەداو بە تایبەتی لە نێوان گۆڕان و پارتیدا. یەکێتی دەتوانێت میانڕەوبێت و مێژووی چەند ساڵی دوای شەڕی ناوخۆ، تەساهول و میانڕەوی یەکێتی بە هەمووان ڕاگەیاندو لە لایەکی دیکەش پێویستی ژیانی و هەنووکەیی بەو میانڕەوییە هەیە. یەکێتی دەتوانێت کرانەوەی ئایندە بەڕووی ئەو تەڵاقە سیاسییەدا بکات کە گۆڕان کردی و بە هەمووان بڵێت وێڕای جیابوونەوەی گۆڕان (کە بێگومان مافی سروشتییە بۆ گۆڕان لە جیابوونەوەدا) هێشتا دەتوانین پردی پەیوەندی دروستبکەین و پیرۆزبایی ئاراستەوخۆی مام جەلال لە گۆڕان و لە کاک نەوشیروان دەکرێت پەیامی ئەم کارە بێت.

یەکێتی نە پێویستی بە دابڕان و دژایەتی هەیە لەگەڵ گۆڕان و نە لەوەش زیاتر دەبێت لە پارتی نزیک بێتەوە. سەربەخۆیی و کاریگەریی یەکێتی لە ڕەوشی سیاسیی ئێستای کوردستاندا لە گرەوی ئەم کارەدایە. موبادەرەی میانڕەویی لە نێوان هێزە سیاسییەکاندا بە پلەی یەکەم لە دەستی یەکێتیدایەو هەموو زەمینە مێژوویی و ناوچەیی و بیروباوەڕییەکان ئەو هێزو توانایە بە یەکێتی دەدات بۆ دەستپێشخەری ئایندە لە تابلۆی سیاسیی کوردستاندا.

٣ ـ گۆڕان لەنێوان ئامانجخوازی و واقیعییەتدا:

لیستی گۆڕان بە سەرەتایەکی بەهێزی ئامانجخوازەوە بووە بەشێک لە هێزە سیاسییەکانی کوردستان و ئێستا لە ئاستی هەردوو هێزی یەکەمدا بووەتە ڕەوتێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی. پرسی یەکەمی دوای هەڵبژاردن، یان هەڵبژاردنی سیاسی و پەیڕەوی یەکەم لەلای گۆڕان لەم سەردەمەدا دەبێتە ئەوەی لە نێوان ئامانجخوازی و واقیعیبووندا چۆن ڕەفتار دەکات؟ مرۆڤ یان هێزێکی سیاسی زۆر باش دەکات کە خاوەنی ئامانجی ڕوون بێت و ئامانجخواز بێت، بەڵام زۆر خراپ دەکات کە وابزانێت ئامانجەکەی خۆی باشترین یان نایابترینە، یان بڕوای بەوە بێت کە ئامانجە باش و نایابەکان تەنیا بەخۆی دێتەدی و حەقیقەتی تەواو لەلای ئەوە. ڕەنگ بێت زۆر کەس بڵێن، باشە گۆڕان کوا وای وتووە، منیش دەڵێم بۆ ئەوەی ئەم قسەیە ڕاست بێت دەبێت گۆڕان دەستبکات بە کرانەوە بەڕووی هەردوو هێزی (پارتی و یەکێتی)و لەم ئامانجخوازییەوە بەرەو واقیعییەتی سیاسی بچێت. باشترین واقیعییەتی سیاسی بۆ ئێستای گۆڕان ئەم پرسانەیە: یەکەم، فشاری گۆڕان بۆ سەر (ی.ن.ک) گەیشتووەتە ڕادەی مەترسی و مەترسیی یەکەمیش ئەوەیە کە نابێت یەکێتی لەوە زیاتر لە پارتی نزیکبێتەوە. گۆڕان دەتوانێت و دەبێت یارمەتیدەربێت لەم زەمینەیەداو هەموو هۆکارە مێژوویی و ناوچەیی و بیروباوەڕەکان یارمەتی گۆڕان دەدەن بۆ ئەم کارە.

دووەم، گۆڕان دەبێت ئەوە بزانێت کە هەموو ئامانجە باشەکان بە خۆی بەدی نایەت و کێ دەزانێت ئۆپۆزسیۆن لە ئایندەی کوردستاندا چەند کارا دەبێت یان خودی گۆڕان لەم زەمینەیەدا چۆن ڕەفتار دەکات. تەنانەت دەبێت گۆڕان کارێک بکات کە بەشێک لە بەرنامەی لیستی گۆڕان بە هاوکاری لەگەڵ لیستی کوردستانی و چاکسازیدا بەدیبهێنێت. واتە گۆڕان دەبێت بڕوا بەو مەسەلەیە بهێنێت تەنانەت بۆ هێنانەدی خودی ئامانجەکانی لیستەکەی، دەشێت و دەکرێت هێزەکانی دیکە یارمەتیدەر بن، تەنانەت لەلایەن هەردوو هێزی دەسەڵاتداریشەوە.

دەمەوێت بۆ ئەم پرسە سەرنجی گۆڕان و لایەنەکانی دیکەو کۆمەڵگە بۆ یەکێک لە پرس و سەردەمە گرنگەکانی وڵاتی ئەڵمانیا ڕابکێشم. لە ساڵی (١٨٧٨)دا حکومەتی (ئۆتۆ فان بسمارک) یاسای ئاسنینی لە دژی سۆسیالیستەکان ڕاگەیاندو بەوهۆیەوە زۆرێک لە هەڵسوڕاوان و ڕابەرانی سۆسیالیستی و کرێکاریی کەوتنە بەر هەڕەشەی گرتن و ڕاوەدونان و تەنانەت زۆربەشیان یان خرانە زیندانەوە یان ئاوارەی وڵاتان بوون، بەڵام لە ساڵی (١٨٨٠) هەمان حکومەت یاسایەکی دەرکرد کە چەند بڕگەو بڕیاری گرنگی تێدابوو بۆ خۆشکردن و چاککردنی ژیانی کرێکاران و زەحمەتکێشان وەکو یاسای کار، خزمەتگوزاری نیشتەجێبوون و تەندروستی و زیادکردنی مووچە بەرامبەر بەم ڕەوشە بزووتنەوەی سۆسیالیستی و کرێکاریی دوو ڕوانگەیان هەبوو، لاساییەکان دەیانوت کە ئەم یاساو کارانە لە دژی بزووتنەوەی سۆسیالیستییەو حکومەت دەیەوێت بەمکارە کرێکاران لە ئامێزی سۆسیالیستەکان دەربهێنێت و بیانخاتە ژێر سێبەری خۆی و دروشمی خۆیان لەم قۆناغەدا ئەوەی کە هەرچی ژیانی کرێکاران و زەحمەتکێشان خراپتر بێت بۆ بزاڤی سۆسیالیستی باشترە، بەڵام مارکس و مارکسییەکان تەواو دژی ئەو دروشمە بوون و ڕایانگەیاند لە بەرنامەی خۆیاندا کە هەرچی ژیانی کرێکاران و زەحمەتکێشان باشتر بێت بۆ خودی بزووتنەوەی سۆسیالیستیش چاکترەو لەم قۆناغەدا دیدگاو پەیڕەوێکی مرۆڤدۆستانەیان گرتەبەرو وتیان هەر هێزو لایەنێک ژیانی خەڵکی باشتر بکات دەبێت ئێمە پێشوازی لێبکەین.

هیوادارم گۆڕان و هێزەکانی دیکە ئەم پەیامەی مارکس بەهەند بگرن و بەو ئاراستەیەدا کاربکەن.

٤ ـ ڕەوش و هەڵوێستی ئایندەی لیستی چاکسازیی:

گەورەترین کێشەو ڕەخنە لە بەرامبەر ئەو حیزبانەدا کە لیستی چاکسازییان دروستکردووە ئەوە بووە کە لە ڕابردوودا بەهەر نرخێک بووبێت بەشداربن لە دەسەڵات و کورسیی وەزارەتەکان. بەمکارەش سیفەتی نوێنەرایەتی و ئۆپۆزسیۆنیان لە خۆیان سەندووەتەوە، هەربۆیەش لە ڕابردووی دوای ڕاپەڕین هەتا ئەمسالْ لە کوردستان ئۆپۆزسیۆن نەبووەو ئەو حیزبانەش هەمیشە لە کەنارو سێبەری دەسەڵاتدابوون، بەڵام ئێستا هەلومەرجەکە گۆڕاوەو ڕەوشی کوردستان پێویستی بە نەیارانی واقیعی و ئیجابییەو هیوادارم حیزبەکانی ناو لیستی چاکسازیی ئەمجارە بگەنە بەو ڕاستی و بڕوایەو چیتر لە نازو سایەی دەسەڵاتدا نەبن و هەنگاوێک یان چەند هەنگاوێک بەرەو ئۆپۆزسیۆن بچن!

لە کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەوە بیرلێدان دەستپێکردووەتەوە

کۆتاییهاتنی هەڵمەتی هەڵبژاردن، کۆتایی بە مۆڵەتی بیرلێدان دەهێنێت

سیروان عەول

لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکانەوە بیرهەڵکەندن لە شارەکانی کوردستاندا سەریهەڵداوەتەوە، هەرچەندە سەرۆکی شارەوانیی سلێمانی پاساوی ئەوە دەهێنێتەوە کە هێزەکانیان سەرقاڵی پرۆسەکەبوون، بەڵام ڕێگری نەکردن لەو دیاردەیە وەک کۆکردنەوەی دەنگو ڕاکێشانی هاوڵاتییان لێکدەدرێتەوە لەلایەن دەسەڵاتەوە. سەرۆکی شارەوانی سلێمانیش دەڵێت: «لە ماوەی هەڵبژاردندا پۆلیسو ئاسایش سەرقاڵبوونو (٧/٢٧)ەوە هەوڵماندواوە کۆنترۆڵی ئەوکارە بکەینەوە».

لەچەند ساڵی ڕابردوودا کەمئاوییو وشکەساڵی زۆرێک لە دانیشتووانی کوردستانی ناچارکرد لەسەر گیرفانی خۆیان لەماڵەکانیاندا بیرهەڵبکەنن‌و خۆیان ئاو بۆ پێداویستییەکانیان دابینبکەن، لە کاردانەوەیەکداو بۆ پاراستنی ئاوی ژێرزەوی، حکومەت ئەوکارەی قەدەغەکرد، بەڵام ماوەیەکە سەریهەڵداوەتەوەو لێپێچینەوەیەکی ئەوتۆ ناکرێت.

مستەفا گۆزان، هاوڵاتییەکی سووریەو خاوەنی مەکینەیەکی بیرهەڵکەندنە، ئەو باسی لەوەکرد کە دوای ماوەیەک بێکاریی‌و قەدەغەکردنی بیرهەڵکەندن لە ماڵەکاندا، مانگێک بەر لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان‌و سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان، دەستیانکردووەتەوە بە بیرهەڵکەندن لەناو گەڕەکو ماڵەکانی شاری سلێمانیدا، وتی: «پێشتر دەبوو ڕەزامەندی شارەوانیمان هەبوایە، بەڵام ئێستا بەبێ مۆڵەت کاردەکەین‌و کەسیش لێماننا‌پرسێتەوە».

هەرچەندە هەڵکەندنی بیری ئیرتیوازی لەماڵەکاندا بڕەپارەیەکی زۆری تێدەچێت، بەڵام ئەو لێپێچینەوەیە بۆ پاراستنی ئاوی ژێرزەوی بووە کە ئێستاش هەمان مەترسی هەیە، بەڵام ڕێپێدراوە.

باباڕەسوڵ محەمەد، بەڕێوەبەری ئاوی ژێرزەوی لە سلێمانی، باسی لەوەکرد کە لەساڵی (٢٠٠٧)وە لەناوچەکانی دەرەوەی شار بیریان بۆ هاوڵاتییان لێداوەو وتی: «بەرنامەی ئێستاشمان هەمان بەرنامەی ساڵی (٢٠٠٧)ە بۆ هەڵکەندنی بیر بۆ ئەو ناوچانەی کە کەمئاون، بەڵام سنووری شاری سلێمانی پەیوەندی بەشارەوانیی سلێمانییەوە هەیەو ئەوان بە فەرمانێکی ڕەسمیی داوامان لێدەکەن، بۆئەوەی بیر لەناو سنووری شارەوانی لێبدەین بۆ ئەوشوێنەی کە مەبەستیانەو ئێمەش مۆڵەتیان دەدەینێ».

باباڕەسوڵ ئەوەشی خستەڕوو کە لەماوەی چەندمانگی ڕابردوودا هیچ فەرمانێکیان لە شارەوانییەوە بۆ نەهاتووە تا مۆڵەتیان پێبدەن بیر هەڵبکەنن‌و بێئاگایی خۆشی لە ژمارەی ئەو بیرانە دەربڕی کە لەماوەی بانگەشەی هەڵبژاردندا لەناو شاردا لێدراون‌و وتی: «ئەوە پەیوەندی بەشارەوانییەوە هەیە».

لەماوەی‌مانگێکدابەبێ‌ئەوەی‌شارەوانی‌و بەڕێوەبەرێتی ئاوی ژێرزەوی ئاگاداری هەڵکەندنی بیر بن، زۆربەی هاوڵاتیان دەرفەتی بانگەشەی هەڵبژاردنیان بەهەل زانیوەو لەماوەی ئەو بانگەشەیەدا لەزۆربەی کۆڵانەکانی شاری سلێمانیدا چەندین بیر هەڵکەنراوەو سەرۆکی شارەوانیش ئەمەی گەڕاندەوە بۆئەوەی کە سەرقاڵی پرۆسەی هەڵبژاردن بون‌و دەرفەتی ئەوەمان نەبووە لەهاوڵاتییان بپرسنەوە.

هەرچەندە لای خۆیەوە عومەر مەحوی، سەرۆکی شارەوانیی سلێمانی ئاماژە بەوە دەکات کە ڕێگەیان نەداوە «کەس بیر هەڵبکەنێت، چونکە بیرهەڵکەندن ڕێنمایی خۆی هەیە لەسەرچاوەئاوییەکان‌و بەڕێوبەرێتی ئاوی ژێرزەوییەوە مۆڵەت بەهاوڵاتییان دەدرێت»، بەڵام لەماوەی پرۆسەی بانگەشەی هەڵبژاردن‌و تائێستاش لە چەند گەڕەکێکی ناوشاردا بیرهەڵکەندراوە کە بە کامێرای ڕۆژنامە وێنەیان گیراوە.

لەوباڕەیەشەوە عومەر مەحوی وتی: «لەماوەی پرۆسەی هەڵبژاردنەکاندا هێزەکانی ئاسایش‌و شارەوانی سەرقاڵی ئەوپرۆسەیە بوون‌و ئاگادار نەبوون لەوەی کە هاوڵاتیان زیادەڕۆیی دەکەن، بەڵام ئێمە لە (٧/٢٧)ەوە هەوڵماندواوە کۆنترۆڵی ئەوە بکەینەوەو تەنیا ڕێگەماندواوە کە ئەو هاوڵاتییانەی بیرەکانیان لەنیوەدایە تەواوی بکەن‌و دواتریش بریاری تەواومان لەسەر ڕاگرتنی بیر هەڵکەندن داوە».

بەڕێوەبەری ئاوی شارۆچکەکە: ئەگەر کێشەی کەمئاویی چارەسەر نەکرێت، دەستلەکاردەکێشمەوە

پیرەمەگروون تینووە

فاخیر تەلانی

بەشێکی زۆری دانیشتووانی پیرەمەگروون ساڵانێکە بەدەست گرفتی کەمئاوییەوە دەناڵێنن، ئەوەی هاوڵاتیانی سنوورەکەشی نیگەرانکردووە، نەکەوتنەکاری ئەو پرۆژەی ئاوەیە کە (٦)ساڵە کاری تێدادەکرێت‌و بە تەواونەکراوی جێهێڵراوە.

شارۆچکەی پیرەمەگروون (٢٥)کم لە شاری سلێمانییەوە دوورەو (٥)هەزار ماڵی تێدا نیشتەجێیە کە (٣٠)هەزار کەس لەخۆدەگرێت، دوای شاڵاوی ئەنفال وەک کۆمەڵگایەکی زۆرەملێ دروستکراوە.

ڕەفیق محەمەد، کاسبکارێکی دانیشتووی گەڕەکی پێشەوای شارۆچکەی پیرەمەگروونە، باس لەوە دەکات، لەوکاتەوە کە شارۆچکەکە دروستکراوە تائێستا تۆڕی ئاوی سەرەکی نەبووەو دانیشتوانەکەی بە تەنکەر یان بە بیری خۆیان ئاویان دابینکردووەو وتی: «لە دوای ڕاپەڕینەوە تا پێش چەند مانگێک بەر لە ئێستا حکومەتی هەرێم نەیتوانیوە ئاومان بۆ دابین بکات‌و ئەو پرۆژەی ئاوەش کە لە دوای پرۆسەی ئازادیی عێراقەوە بۆمانکراوە تائێستا کەمترین کەس سوودی لێبینیوەو بە نیوەناچلی جێهێڵراوە».

دانیشتوانی سنوورەکە ڕەخنەی ئەوە دەگرن کە سوودیان لەو پرۆژەیە وەرنەگرتووەو حکومەتیش هیچ لێپێچینەوەیەکی یاسایی لەگەڵ کۆمپانیای جێبەجێکاریدا نەکردووە.

ڕەفیق وتی: «ئێستا چەند ئینجێک ئاومان بۆبەردراوەتەوە لە پرۆژەی ئاوی دوکان- سلێمانی، بەڵام بە هۆی خراپی پرۆژەی ئاوی شارۆچکەکەوە نەتوانراوە وەک پێویست سوودی لێببینرێت، لەبەرئەوەی لە زۆربەی کۆڵانەکاندا بۆرییەکان نەگەیشتوونەتە یەک، یان شکاون».

دلێر حەمە سەلیم، لێپرسراوی ئاوی پیرەمەگروون، نکوولی لە گرفتی کەمئاویی شارۆچکەکە نەکردو وتی: «پێشتر تۆڕێکی ئاوی کۆنمان هەبوو، بەهۆی زۆری ژمارەی دانیشتوانەوە نەتوانراوە ئاو بۆ هاوڵاتیان دابین بکەین».

هەروەک نەیشاردەوە، کە ئەو پرۆژەیەش‌کە(٦)ساڵە دەستبەکارکردن کراوە تێیدا «کەموکوڕیی زۆری تێدایەو نەتوانراوە سوودی تەواوی لێوەربگیرێت‌و لە چەندین شوێن بۆرییەکان نەگەیشتوونەتە یەک، یان شکاون‌و لە هەندێک کۆڵاندا بۆری دانەنراوە». بەرپرسی فەرمانگەی ئاوی شارۆچکەکە وتیشی: بەڵام ئێستا لە سەر فەرمان‌و بودجەی پارێزگای سلێمانی بڕی (٤٠٠)ملیۆن دینار تەرخانکراوە بۆ ئەوەی لە پرۆژەی ئاوی دوکان- سلێمانی (٦) ئینج ئاومان بۆ بەربدرێتەوە، ئەوەش کراوەو ئێستا ئاو لەناو شارۆچکەکەدا هەیەو کێشەی ئاومان نامێنێت».

دلێر لەگەڵ ئەوەی پێیوایە کە نەدەبوو ڕێگە بە کۆمپانیای جێبەجێکار بدرایە کارەکانی بە ناتەواوی جێبهێڵێت «کە لە دەسەڵاتی ئێمەدانەبووە لێپێچنەوە بکەین»، ئەوەشی خستەڕوو کە لیژنەیەک دروستکراوە بۆئەوەی بە کەموکوڕییەکانی پرۆژەی ئاوی پیرەمەگرووندا بچنەوەو بڕیار لە چاککردنیان بدەن‌و وتیشی: «بەڵێندەدەم ئەگەر ئەم کێشانە چارەسەر نەکرێن دەستلەکاردەکێشمەوە، لەبەر ئەوەی داوای هاوڵاتیان ڕەوایەو منیش لەگەڵ داوای ئەواندام».

بێدەنگی؟ قۆناغی پاش حەماسەتو بە عەقڵانیکردنی داهاتوو

دارا محەمەد

١-٢١

کەواتە «گۆڕان» پاش ئەوەی بە (٢٥) کورسییەوە دەچێتە پەرلەمانەوە ئەگەر وەک هێزێکی ئۆپۆزسیۆنی عەقڵانیو لێپرسراو لەبەردەم دەنگدەرەکانیاندا کار بکەن ئەوا توانای کاریگەرییەکی باشیان لەسەر دارشتنی سیاسەت دەبێت. بێگومان ئێمە دەبێت هەمیشە بە چاوێکی ڕەخنەگرانەو گومانکارانە (واتە مەبەستم لە دروستکردنی پرسیارە لەسەر ڕووداوەکـان) لە هەر هێزێکی سیاسی بڕوانین، چونکە تەنیا ئەو کاتە ئەم هێزە بەخۆیدا دەچێتەوەو دان بە هەڵەکانی خۆیدا دەنێت. تائێستاش یەکێتیو پارتی بەشێوەیەکی ئاشکراو لێپرسراوانە دان بە هەڵەکانی خۆیاندا نانێنو هەر سوورن لەسەر ئەوەی کە ئەوان دەبێت دەسەڵات بەڕێوەبەرن. جەلال تالەبانی لە وەڵامی پرسیارێکی پەیامنێری (BBC) دا لە کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکەدا دەڵێ: ئەندامانی مەکتەبی سیاسیش وەکو هەموو کەسێکی ئاسایی هەڵە دەکەن. وەکو ئەوە وابێت هەڵەکە لەسەر شانی یەک کەسو دوو کەس بێتو قسەکە لەسەر ئەوەبێت کە چەند هەڵەیەکی بچوک لێرەو لەوێ کرابێت. لێرەدا باس لە هەڵە ناکرێ، بەڵکو باس لە ئیفلیجیو گەندەڵیی سیستمێک دەکرێ کە بە تـەواوی پەلی بۆ سەرجەم کۆمەڵگە کێشاوە. باس لە مافیابوونی کۆمەڵێک سیاسی دەکـرێ کە ئەمانە بەتەواوی بوونەتە بازرگانو بازرگانییەکی ناشیرینو ناڕەوا بەڕێوەدەبەن. هەر لێرەوەیە کە دەبـێ بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم دۆخە نوێیەدا بکەینو چاوەڕوانییەکانمان هێندە گەورە نەبن کە دواجـار تووشی نائومێدیمان بکەن. چونکە «گـۆڕان» وەک ئۆپۆزسیۆن خاوەنی گۆچانێکی سیحراویی نییە، کە توانای چاککردنی سەرجەم ناتەواوییەکانی هەبێت، ئەمە بەدەر لەوەی کە خودی «گۆڕان» خۆی دەبێت بەم تاقیکردنەوە گرنگەدا بڕوات تا توانای حوکمدانمان لەسەری هەبێت.

٣. لێرەوە «گۆڕان» دەبێت کار لەسەر بەرهەمهێنانی مۆدێلێک لە سیاسەت بکات کە بە تەواوی جیاواز بێت لە رابردوو. لە کاتێکدا کە یەکێتیو پارتی «گۆڕان» بە هێزێکی خیانەتکارو تێکدەر دادەنێن، هەڵەیەکی گەورەیە ئەگەر «گـۆڕان» لە بەرامبەردا هەمان سیاسەتی ناشیرینکردنی بەرامبەر بەرهەم بهێنێتەوە. واتە مۆدێلێک لە سیاسەت دەبێت لە دایـک ببێت کە دەرگا لەبەردەم بەشداریەکی بەرفراوانی کۆمەڵگەدا بکاتەوە. ئۆپۆزسیۆن ئەو کاتە بوونو مانەوەو بەخۆداچوونەوە بەدەستدەهێنێ، کە بەشێک لە هاوڵاتیان ناکات بە دۆسـتو بەشێکی دیکە بە نەیاری خۆی. کارەساتی سیاسی گەورەی یەکێتیو پارتی ئەوەیە کە کار لەسەر سزادانی هەموو ئەو کەسانە دەکەن کە دەنگیان بە لیستی گۆڕان یان بە لیستێکی دیکەی دەرەوەی لیستی کوردستانی داوە. ئەمە سزادانێکی جەماعییە کە لوتکەی نامرۆڤدۆستیو دیکتاتۆرییەتە، کە تەنیا دەولـەتـی پۆلیسی بـەم کارە هەڵدەستێت لەڕێگەی لێکۆڵینەوەو دانانی جاسووس بەسەر خەڵکەوە تا بزانن «چـۆن» بیردەکەنەوە. کاتێک باس لەم مۆدێلە نوێیەی سیاسەت دەکەین ئەمە بەو مانایە نایەت کە «گۆڕان» وەک هێزێکی سیاسی توانای بەرهەمهێنانی ئەم جۆرە لە سیاسەتی هەیە، ئەمە لە ڕاستیدا ئەو ئەگەرانەن، کە ڕەنگە دەرکەوتنی ئەم هێزە وەک ئۆپۆزسیۆنێکی دیموکراسی توانای بە واقیعیکردنی هەبێت. گرنگی ئەم دۆخەی ئێستا هاتووەتە کایەوە بەشداربوونێکی بەرفراوانە لەسەر ئاستی کۆمەڵگەدا بۆ ناو بواری سیاسی. هەرچەندە کەسەکانو تـەنـانـەت گروپەکانیش بـە خـەونو بەرژەوەندیی جیاوازەوە لە دەوەری ئەم هێزە ئۆپۆزسیۆنە کۆبوونەتەوە، بەڵام تا ڕادەیەکی گەورە چاو لەسەر گۆڕینی شێـوازی حوکمکردنە لە کوردستان. بەڵام لەمە گرنگتر ئەوەیە کە جۆرێک لە بەشداریی سیاسی بێتە کایەوە، کە بە تەنیا لەسەر ئاستی پەرلەمان نەبێت، بەڵکو بێتە خوارەوەو لەسەر ئاستی شارەوانییەکانو قەزاو شارۆچکەو گوندەکاندا ببینرێ، کە ئەنجومەنەکانی ئەم کۆمیونیتیانە دەنگی خۆیان بە پەرلەمان بگەیەننو لە هەمانکاتیشدا توانای بڕیاردانیشیان هەبێت. کەواتە بۆ ئەوەی گۆڕان لانیکەم لە بواری سیاسیدا ڕووبـدات، ئەم مۆدێلە نوێیەی سیاسەت دەمانخاتە بـەردەم کۆمەڵێک هەڵبژاردن کە یەکێک لەوانە تیشک خستنە سەر ژوورە تاریکەکانو کردنەوەی دەرگا داخراوەکانی سیاسەتکردنە لەلایەن دوو سەرکردەو دوو مەکتەبی سیاسییەوە وەک دوو بنکەی بڕیاردان لە کوردستاندا، کە ئەمە جگە لە بێ نرخکردنو سوکایەتیکردن بە دەزگایەکی یاسایی هەڵبژێردراوی وەک پەرلەمان نەبێت هیچی دیکە نییە. لێرەوە ئەو شەفافیەتەی کە سالانێکە جەختی لەسەر دەکرێ دەبێ پتر لە مانا سیاسیو فەلسەفییەکانی تێبگەینو هەر پێمان وانەبێت، کە تەنیا جەختکردنە لەسەر خستنەڕووی بودجەی حکومەت. لێرەدا باس لە ڕووە سیاسییەکانی چەمکی شەفافییەت لە شێوازی حوکمکردندا دەکـەمو پاشان لەو مانا فەلسەفییانە دەدوێم، کە شەفافییەت بۆ خۆی بەشێکە لە چەمکێکی فراوانترو گرنگتر.

شەفافییەت (transparency) لە بواری سیاسیدا ئەوەمان لێ دەخوازێ کـە سـەرجـەمـی کـارەکـانـی حکومەت وەک دەسەڵاتێکی جێبەجێکار لەبەردەم دەسەڵاتی یاسادانانو پاشان لەبەردەم دەسەڵاتێکی باڵاتردا کە خۆی لە دەسەڵاتی دادوەریـدا دەبینێتەوە لێپرسراو بێت. یاسا ئەو چوارچێوەیە بێت کە کارەکانی حکومەت لێیدەرنەچێتو ئەرکی یاسادانان دەکەوێتە سەر ئەستۆی پەرلەمان کە ئەویش دەبـێ لەڕێگەی گفتوگۆیەکی شەفافانەو ئاشکرایانە بکرێ، کە هەمووان لێی ئاگادار بن. واتە ئەم گفتوگۆیانە پێویستە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەڕێگەی تەلەفزیۆنەوە پەخشبکرێو لە هەمانکاتدا ئەم گفتوگۆیانە بە شێوەیەکی گشتی لەناو هاوڵاتیاندا سازبدرێو لە هەندێ باردا ڕا وەرگرتن یان ڕیفراندۆم هۆیەکە بۆ هێنانە ناوەوەی هاوڵاتیان بۆ ناو ئەم گفتوگۆیانە، ئەمە لە ڕاستیدا گرنگییەکی تایبەتی هەیە بۆ بـەشـداری سیاسی هاوڵاتیان لە پرۆسەی وەرگرتنی بڕیاردا. بێگومان هەر لە ئاشکراکردنی بودجەی حکومەتەوەو شێوازی خەرجکردنیو دانـانـی کۆمیتەکانی لێپرسینەوەی پەرلەمانی تا دەگاتە بڕیارە ناوخۆییو دەرەکییەکانی حکومەت کە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە مافـو ژیانی هاوڵاتیانەوە هەیە ئەو کارانەن کە لە ئەستۆی هەر ئۆپۆزسیۆنێکی ڕاستەقینەدایە، کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا دێتە کایەوە. سەبارەت بە پێکهێنانی «کۆمیتەکانی لێپرسینەوەی پەرلەمان»، پێموابێت گرنگترین خاڵێکە کە «گۆڕان» وەک هێزێکی ئۆپۆزسیۆن کـار لـەسـەر دروسـتـکـردنـیـان بکات. ئەم کۆمیتانە، بە کورتی، لە کۆمەڵێک بواری گرنگو هەستیاردا کۆدەبێتەوە کـە ڕەنـگـە دیارترینیان بریتیبن لە کۆمیتەی لێپرسینەوەی دارایی، مەسەلە ناوخۆییەکان، پەیوەندییە دەرەکییەکانی هەرێم بە عێراقو دەرەوەی عێراقەوە، سیاسەتی ئابووری حکومەت، لایەنی سـەربـازیو ئاسایشی هـەرێـم. واتـە بانگهێشتکردنی وەزیرەکانی پەیوەندیدار بەم لایەنانەوە تا دەگاتە سەرۆک وەزیران بۆ بەردەم ئەم کۆمیتانەو پرسیارکردن لەسەر بڕیارەکانیانو لێکۆڵینەوە لەسەر یاساییبوونی کارەکانیان. لە ڕاستیدا سەرۆکی هەرێمیش دەبـێ لێپرسراو بێت لەبەردەم پەرلەماندا و بۆ هەندێک لەم کێشانە بانگ بکرێ بۆ بەردەم ئەم کۆمیتانە. ئەم خاڵە بێگومان پێویستیی بە گفتوگۆی زیاتر هەیە بۆ چاککردنی ئەو دەستوورەی کە لەڕێگەی پەرلەمانی داهاتوو و ڕای گشتیی هاوڵاتیانەوە دەبێ تاووتوێ بکرێت، چونکە ڕەتکردنەوەی ئەم دەستوورە بەم شێوەیەی ئێستای مەترسیدارە. یەکێک لەو خاڵە گرنگانەی کە دەکرێت لە دەستووردا باسبکرێت، ئەوەیە کە ئایا سەرۆک بۆی هەبێت وتار لەبەردەم پەرلەماندا بدات بە شێوەیەکی دەوریی یان ئەمە ڕێگە پێدراو نەبێت؟، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی کارتێکردنی دەزگایەکی یاسایی کە دەبێت دوور بێت لە کارتێکردنی حیزبی و بەرژەوەندی تاکە کەسی.

بۆ نموونە لە وڵاتێکی وەکو فەرەنسادا لە سەردەمی بنیاتنانی کۆمارەوە سەرۆکی وڵات بۆی نییە وتار لەبەردەم پەرلەماندا بخوێنێتەوە، لەبەر ئەوەی پەرلەمان بۆ تێپەڕکردنی یاساکانی نەکەوێتە ژێر هیچ کاریگەرییەکەوە. بەڵام کاتێک بۆ یەکەمجار لە مانگی (٦)ی ئەمساڵدا «سارکۆزی» وتاری سەرۆکایەتی لەبەردەم پارلەماندا خوێندەوە، ڕەخنەیەکی زۆر ئاراستەی ئەم کارە کرا. ئەمە ڕێگەیەکە بۆ گەڕانەوەی دەسـەڵات بۆ ئەو دەزگـا یاساییەی کە پەرلەمانەو کە تەنیا دەزگایەکی یاساییە کە شەرعییەتی خۆی لەڕێگەی پرۆسەیەکی دیموکراسییەوە بەدەستهێنابێو، لێسەندنەوەی دەسەڵاتە لە حیزبەکان لە بەڕێوەبردنی حکومەتداو لەمەش گرنگتر والاکردنی دەرگا داخراوەکانی سیاسەتەو کردنەوەیەتی بەسەر هاوڵاتیاندا بە مەبەستی زانـیـنو بەشداریکردن لە بـڕیـارەکـانـدا. کـەواتـە شەفافییەت لە بواری سیاسیدا لە لایەک داواکردنە بۆ ئاشکراکردنی سیاسەتەکانی حکومەتو سیستمی دارایـــی، لـە لایـەکـی دیکە ئامادەبوونو وەرگرتنی ڕای هاوڵاتیانە لە دانانی یاساکانو پرۆسەی بڕیاردانداا. دیـــارە گرفتی گـــەورەی دەسـەڵاتـی سیاسی لەمڕۆی کوردستاندا ئەوەیە، کە شەفافییەت بوونی نییەو بەشێک نییە لە کلتووری سیاسی حیزبەکان، تا ئەو ڕادەیـەی کە لەناو خودی حیزبێکیشدا بەدی ناکرێت، بەڵکو سەرکردەکانو لە باشترین حاڵەتدا مەکتەبی سیاسییەکان لە ژوورە داخـراوەکـانـیـانـەوە دەبنە سەرچاوەی بڕیارەکان. شەفافییەت مانای نەهێشتنی بەشێکی زۆری ئەو گەندەڵییەیە، کە کۆمەڵگەی کوردی پێوەی دەناڵێنێ. وەک لە سەرەوە ئاماژەم پێدا گرتنەبەری ئەو ڕێوشوێنانەو پێکهێنانی ئەو جۆرە کۆمیتە پەرلەمانیانە دەبنە بنەمای دروستبوونی شەفافییەت لە کاروبارەکانی حکومەتدا. واتـە شەفافییەت تەنیا بە بانگەشە دروستنابێتو بەکارهێنانی وشەی شەفافییەت بە بێزانینو دانانی ئەو ڕێوشوێنانەی کلتووری سیاسیمان ئاشکراو والا دەکـەن بۆ کۆمەڵگە، لە بەکارهێنانێکی بەتاڵو بێ ناوەڕۆک هیچی دیکە نابێت. دەبێ ئەوەشمان لە یاد نەچێت، کە ئۆپۆزسیۆن لە یەکەم چرکەساتی بوون بە ئۆپۆزسیۆنەوە خۆی دەبێ شەفافییەت پراکتیزە بکات بۆ هێنانە کایەی جۆرێک لەم کلتوورە نوێیەی سیاسەت کە بە پلەی یەک بەرپرسە بەرامبەر بە هاوڵاتیان.

٤. هـــــەروەک لـــە ســـــەرەوە ئاماژەمان پێدا، مانا فەلسەفییەکانی چەمکی شەفافییەت خۆی لە چەمکێکی فراوانترو گرنگتردا دەبینێتەوە، کە بریتییە لە چەمکی ماف یان مافی گشتی. یەکێک لە تیۆریزە هەرە گرنگەکانی ئەم چەمکە لەسەر دەستی «ئیمانوێل کانت» دا دەکرێ کە زۆر ئەستەمە لێرەدا بە چەند دێڕێک ئـەوەی «کانت» بەرهەمیهێناوە کورتی بکەمەوە. بەڵام ئەوەی لێرەدا بۆمان گرنگە باسکردنی ئەم چەمکەیە لە بەدیهێنانی ڕێککەوتنێک لە نێوان سیاسەتو ئەخلاق یان ئاکاردا لە دیدی کانتەوە بە تایبەتی لە تیۆریزەکردنەکەیدا بۆ تێزی «ئاشتییەکی هەمیشەیی». بەلای کانتەوە چەمکی ماف کە جیاناکرێتەوە لە سیستمی یاساکان لەسەر بنەمای مەرجی ئاشکراکردنو بە گشتیکردنی هەموو ئـەو کـردارو پرەنسیپانە دامـەزراوە کە ڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر مافەکانی هاوڵاتیان هەیە. لێرەوە کانت دەگاتە دارشتنی ئەو پرەنسیپە گشتییەی کە ناتوانین لێی لابدەین کە ئەویش ئەوەیە، «هەر کردارێک کە کاریگەریی لەسەر مافەکانی هاوڵاتیان هەبێتو توانای ئاشکراکردنو خستنەڕوویمان نەبێت بۆ بـەردەم هەمووان، ئەوا کردارێکی هەڵەیە». لێرەوە دەگەینە ئەوەی کە بڵێین: سیاسەت کارێکی بەرەڵڵاییانەی سیاسییەکان نییە، کە نەچێتە ژێر هیچ مەرجو پرەنسیپێکەوە. کەواتە سیاسەت لە ئاکار جیا ناکرێتەوەو، کانت دەڵێ، ئەو سیاسییەی کە بە ئارەزووی خۆی پرەنسیپە ئەخلاقییەکان لەگەڵ سیاسەتدا دەگونجێنێ ئەو سیاسییەیە کە خاوەنی هیچ جۆرە ئاکارێک نییە. بەڵکو دەبێت بە پێچەوانەی ئەمەوە بکرێ، واتە دەبێت سیاسەت لەگەڵ پرەنسیپە ئەخلاقییەکاندا بگونجێنرێت، کە ئەمەش کاری سیاسی بە ئاکارە. بەمجۆرە یاساو دامەزراوە یاساییەکان دەبێ سەروەر بنو بەکاربن بۆ ڕێکخستنی ئەو سیاسەتانەی دەگیرێتە بەر کە بەپێی مەرجی چەمکی مافی گشتی بەڕێوە دەچن.

لە یەکێک لە پەیامەکانی لیستی گۆڕاندا باس لەوە کرا، کە ئەخلاق دەگەڕێنەوە بۆ سیاسەت. بێگومان ئەمە خاڵێکی گرنگە کە دەبێ لەسەری ڕاوەستین. ئاشتکردنەوەی ئاکارو سیاسەت لە کوردستاندا کە دەمێکە کەلێنێکی گەورە لە نێوانیاندا هەیە، یەکێکە لەو مەسەلە گرنگانەی دەکەوێتە سەر شانی ئۆپۆزسیۆن کە دەخـوازێ مۆدێلێکی نوێی سیاسەت بەرهەمبهێنێ. دەمێکە سیاسییەکانی ئێمە سیاسەتێک بەڕێوەدەبەن، کە تەواو دوورە لە ئاکاری لێپرسراوبوون بەرامبەر بە کۆمەڵگەو دواجـار ئەوانە هێندە بێباکن تەنانەت لـەوەش تێناگەن، کە شتێک هەیە لە سیاسەتدا بەناوی ئەخلاقەوە. بێ باکیو بێ ئاکاری سیاسەتی حکومەت لەوەوە دێت، کە ڕازینین هیچ بەرپرسیارێتیەک بخەنە سـەر شانی خۆیان بەرامبەر ئـەو هەڵەو خراپەکارییانەی کـراون. شەفافییەت کە بەشێکە لە چەمکی مافی گشتی لەناو دۆخێکدا گەشە دەکات، کە ئاکارو سیاسەت پێکەوە بژینو لێک جیا نەکرابێتەوە. ئەوە ئەرکی ئۆپۆزسیۆنە کە کار بۆ هێنانەکایەی دۆخێکی سیاسی تەندروست بکات (بێگومان قسە لەو بەربەستانە ناکەین کە دەسەڵاتی سیاسی لەبەردەمیدا دروستی دەکات) کە لەناویدا سیاسی بە ئاکارو هاوڵاتی بە ئاکار دروسـت ببێت. بێگومان مەبەستمان لەوە نییە کە ئەم هەموو ئەرکە گەورەو گرنگانە بە تەنیا لەسەر شانی ئۆپۆزسیۆن دابنێینو کۆمەڵگەو هاوڵاتیانی لێ دەربکەین، چونکە ئۆپۆزسیۆنیش بۆ خۆی ئەو هێزە سەروو سروشتییە نییە کە ئەم هەموو شتانە بەرهەمبهێنێ. بەڵکو ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە ئەوەیە کە هەر هێزێکی ئۆپۆزسیۆن دەبێت بەردەوام بێت لەسەر ڕەخنەگرتنی سیاسەتی ڕابردوو دەرخستنی ئەو هەڵە جومگەییانەی ئەم سیاسەتە ئیفلیجەی دروستکردووەو دواجـار دووبـــارە نەکردنەوەیەتی. ئۆپۆزسیۆن لەم قۆناغەدا تەنیا دەتوانێت ئەو زەمینانە بخوڵقێنێ بۆ لە دایکبوونی کلتوورێکی سیاسی کە تیایدا مافەکانی هاوڵاتی بە یاسایی بکرێنو شەفافییەت بوونی هەبێتو ئاکارو سیاسەت لێک جودانەبن.

کارەساتی سیاسی گەورەی یەکێتیو پارتی ئەوەیە کە کار لەسەر سزادانی هەموو ئەو کەسانە دەکەن کە دەنگیان بە لیستی گۆڕان یان بە لیستێکی دیکەی دەرەوەی لیستی کوردستانی داوە، ئەمە سزادانێکی جەماعییە لوتکەی نامرۆڤدۆستیو دیکتاتۆرییەتە، کە تەنیا دەولـەتـی پۆلیسی بـەم کارە هەڵدەستێت لەڕێگەی لێکۆڵینەوەو دانانی جاسووس بەسەر خەڵکەوە تا بزانن «چۆن» بیردەکەنەوە

لەبارەی (دیکتاموکراتییەت)ەوە

«ئێمە بەترس گۆشکراوین، تۆوی کام سەروەریی بچێنین» *

ڤینۆس فایەق

١-١٢

بەبێ ئەوەی بەخۆمان بزانین ئێمە یەکێکین لەو میللەتانەی گەورەترین عاشقی دیموکراتینو زۆرترین قسەی لەبارەوە دەکەین، کەچی کەمترین بڕو تەسکترین سنوورمان لێی بۆ دابین بووە، رەنگە ئەوەش بۆخۆی ئەو حاڵەتە لۆژیکییەبێت کە هەمیشە زیاترین قسە لەو شتانە دەکرێت کە بەرجەستەنینو دەستەبەرنەبوون.. لەگەڵ ئەوەی مێژووی چەمکی دیموکراتییەت وەکو تیۆرەیی بۆ سەدەی پێنجی پێش زاین دەگەڕێتەوە لە یۆنانی کۆن، بەڵام وەکو پراکتیکو باوەڕو بەرجەستەبوون دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی سەدەی بیست، لەگەڵ ئەوەشدا لە کوردستانی ئێمەدا هێشتا هیچ ئاماژەیەک بەدیناکرێت بۆ ئەوەی دیموکراتییەت وەکو سیستمێک بۆ بەڕێوەبردن پەیڕەو بکرێت، چونکە ئەوەی بە تیۆری لەبارەی ئەو چەمکەوە لەلایەن دەسەڵاتەوە بانگەشەی بۆ دەکرێتو وەکو دروشم دەوترێت، بە بەراورد لەگەڵ ئەوەی لەسەر ئەرزی واقیعو لەکاتی پرۆسەی هەڵبژاردنەکاندا کە هەرە گرنگترین دیاردەکانی دیموکمراتییەتی تێدا تاقی دەبێتەوە، زۆر زۆر جیاوازە..

تەنانەت زۆرکەسیش وای بۆ دەچن کە لە کوردستاندا پەراوێز هەیە بۆ مومارەسەی دیموکراسی، لەو کاتەی باوەڕم وایە پەراوێز هەیە بۆ بۆڵەبۆڵو قسەکردنو وێناندنی دیموکراتییەت، نەک بۆ بەرجەستەکردن، چونکە ویستن شتێکەو بانگەشەبۆکردن شتێکی دیکەیە، ئەم دوانەش هیچیان مانای ئەوە ناگەیەنن ئایا لەسەر ئەرز وەکو مومارەسە بەرجەستەیە یان نا؟.. ئەمە دەمانباتەوە بۆ ساڵی (١٩٩١) بۆ ئەوەی پرسیارێکی زۆر گێڵانە بکەین، ئایا کێ راپەڕینی کرد؟ ئایا ئەو حیزبانە ئەو هەموو ساڵە بۆ چ مەبەستێک خەباتیان کرد؟ ئایا هاتنە سەر خەراباتی چی؟ ئایا دەستکەوتیان بۆ تاکی کورد هەتا ئەمڕۆکە چی بووە؟ (بێگومان کە دەڵێم (تاک) مەبەستم لە پرۆژەو بیناسازییەو درزپڕکردنەوەی دیواری خوێندنگاکانو راکێشانی جادەو بانەکان نییە، مەسەلەکە زۆر لەوانەوە دوورە). ئەگەر میللەت کەمێک هۆشیاریی شک ببردایە، بۆ نموونە بە بڕی سەد دۆلارو ماکسی ژنانەو مەنجەڵی بوخار هەڵنەدەخەڵەتا بۆ ئەوەی بچێت دەنگ بۆ لیستێک بدات.. یان ئەسلەن لیستێکی پاڵپوراو بۆ نوێنەرایەتیی گەل لە پەرلەماندا، ئەگەر مەبەستی بێت وانەیەکی راستەقینە لە دیموکراتیو ئازادیی بیروڕاو ئازادیی بڕیاردان بداتە تاک میللەتی بە دەمانچەو سەیارەو سەرە مانگا نەدەکردە کۆیلەو دەنگی لێبکرێتەوە.

ئەگەر میللەتێکت لەسەر پرەنسیپو نۆرمەکانی دیموکراسییەت پەروەردە کرد، تەحسیل حاسڵ فێری دەکەیت لە بڕیاردانداسەربەخۆبێت، ئەوە دیکتاتۆرەکانن لە میللەتە هۆشیارەکان دەترسن، نەوەکو کورسییەکەی ژێریان نەمێنێت.. «کاتێک کۆ دەگاتە ئاستی دیکتاتۆریی، گشت دەنگەکانی تاک دەخنکێنێت، کاتێک کە تاک لەو هاوکێشەیەی دەسەڵات هۆشیار دەبێتەوە، هەوڵدەدات ئەو ئاراستەیە بگۆڕێت.. دەسەڵات خۆی لەسەر چەند توخمێک رادەگرێت، تا بتوانێت مومارەسەی کارەکانی بکات، ئەویش ناهۆشیاریی‌و لاوازی تاکەکانە، جگە لە فاکتەرەکانی وەکو مێژوو، کلتوور، ئاینو ئابووری»(١). ئەمە ئەوەمان پێدەڵێت هەموو دەسەڵاتێک کە باوەڕی بە پراکتیزەکردنی دیموکراسییەت نەبێت، دەبێت تاک بە ناهۆشیاریی بمێنێتەوە.

ئەگەر بەهەموو قۆناغو هەنگاوو وردەکاریی پرۆسەی بانگەشەکردنەکەی هەڵبژاردنی کوردستاندا بچینەوە لەوە تێدەگەین تا چ ئاستێک ئەم دەسەڵاتە دژ بە هەموو ماناو پرەنسیپەکانی دیموکراتییەتە. بڕوانە دەرکردنو لەسەر کار لابردنو نانبڕین بەبێ هیچ هۆیەک، دیوێکی ئەوەیە کە ئەو کەسە وەکو تاک مومارەسەی ئازادییەکی خۆی کردوەو دەنگی بەخشیوەتە ئەو لیستەی باوڕەی پێیەتی، ئەوەش سزاکەیەتی.. دیوەکەی دیکەی ئەوەیە ئەو حیزبە خۆی بە خاوەنی هەموو سەروەتو سامانو پارەو پووڵو داهاتو موقەدەراتی ئەو وڵاتە دەزانێتو بۆی هەیە لەهەموو لەحزەیەکدا تەواوی میللەتێک رەوانەی ماڵەوە بکات، تەواوی میللەتێک ترۆ بکات، تەواوی میللەتێک لەیەکتر بخاتە گومانەوەو بیکاتە دوو کەرتەوەو لەیەکتریان بکاتە دوژمنو بە یەکتریشیان بەشەڕ بدات.. بڕوانە سوکایەتیپێکردن هەتا ئاستی سوێندپێخواردنو تەڵاق پێخواردن، بۆ ئەوەی دانیپیانێن دەنگیان بە چ لیستێک داوە، ئەی داخوا چەند کەسیش بە نهێنیو بە درۆ سوێندی تەڵاقیشی خواردووە؟ داخوا ئێستا بەپێی شەرع چەند ژنو مێرد تەڵاقیان کەوتووە؟ ئەی داخوا ناچن بزانن کێ چووە بەدزییەوە تەڵاق چاکبکاتەوە، تا بزانن بەدرۆ سوێندی خواردووە؟ ئەمە ئەگەر لە سەردەمی سەدامی دیکتاتۆردا رووویدابێت، لە دژی ئەوانە رووویدا بێت کە شکیان لێکردبێتن پەیوەندی بەخودی ئەو حیزبانەوە بووبێتو هەتا زۆرجاریش گەیشتووەتە ئاستی تەعەدای شەرەفیش لە ژنو خوشکو دایکیشیان.. دەسەڵاتێک بێباکانە بەهێزبوونو مانەوەی خۆی لە لاوازکردنو بێ ئیرادەکردنو کوێرکردنی عەقڵی تاکەکانی کۆمەڵدا ببینێتەوە، ئەوە ترسناکترین پلەکانی دیکتاتۆریەتی دەسەڵاتێکە.

هەر لەسەرەتای راپەڕینەوە بەردەوام چ بە قسەی ئاسایی، چ وەکو خیتاب‌و دروشم، چ بە وتارو لێکۆڵینەوەو توێژینەوە ...هتد قسەوباسێکی زۆر لەبارەی دیموکراتییەتەوە کراوە، هاوزەمانو هاوتەریب بە هەمانشێوەو بڕیش لەبارەی دیکتاتۆرییەتەوە وتراوە. لەگەڵ ئەوەشی تێگەیشتنێکی ئەوتۆ نەبووە، بەڵام ویستو خواستێکی زۆر هەبووە بۆ بەرجەستەبوونی دیموکراتییەت، هەروەها پێشینەو ئەزموونیشمان نەبووە، بەڵام زانیومانە دیموکراتییەت دژ بە دیکتاتۆرییەتە، هەر نەبێت زانیومانە دیموکراتییەت پۆزەتیڤەکەیەو دیکتاتۆرییەت نێگەتیڤەکەیە.. تەنانەت زۆرجاریش بەتایبەت لەلایەن سیاسیو دەسەڵاتدارەکانەوە کە باوەڕیشیان پێی نەبووە، قسەکانیان پێڕازاندووەتەوە، بەڵام هەتا ئەو جێگەیەی بەرژەوەندییەکانیان پارێزراوبووە قسەیان لە دیموکراتییەت کردووە.

لە وتارێکمدا پێش هەڵبژاردنەکان، وتم ئەم هەڵبژاردنانە تێگەیشتنمان بۆ چەمکی دیموکراتیو پرسی ئەخلاقمان دەخاتە بەردەم بەرپرسیارێتییەکی مێژوویی. هەڵبەتە مەبەستم لەم قسەیە ئەوەبوو کە ئەو هەڵژاردنانە تەنانەت پرۆسەی بیرکردنەوەشمان دەگۆڕێت، گۆشەنیگاکانیشمانی پێگۆڕین. بەشبەحاڵی خۆم ئێستا سەرگەرمی فۆرمەلەکردنەوەی پرۆسەی بیرکردنەوەی خۆمم، ئەگەرچی ئێستا باوی ئەوەیە کەسێک قسە لە گۆڕانو چاکسازیی بکات، تەحسیڵ حاسڵ لایەنگری لایەنو بزووتنەوەیەکەو ئەمەش تۆمەتێکە دەکرێتە ملی، لە کاتێکدا من هێندەی پشتگیریی لە پرەنسیپو باوەڕو قەناعەتەکانی خۆم لەو لیستو بزووتنەوەیەدا دەکەم، پشتگیریی لە کەسایەتییەکان ناکەم..

ئەم نەریتە لە بەڕێوەبردنو حوکمڕانی لە کوردستان هەر لەدوای راپەڕینەوە زۆر خوێندنەوەو لێکدانەوەو تێڕوانینی جۆراوجۆر بۆ رووداو گۆڕانکارییەکان هاتووەتەگۆڕێ، هەتا دواجار نەدەتوانین بڵێین ئەوەی لە کوردستان دەگوزەرێت سەد دەر سەد دیکاتۆرییەتە، نەدەشتوانین ناوی دیموکراتییەتی لێبنێین، دەبوو بیر لە ناوێکی دیکە بکەمەوە.. لەبەینی دیکتاتۆرییەتو دیموکراتییەتدا بێگومان شتێکی دیکە هەیە کە نە دیموکراتییەتەو نە دیکتاتۆرییەتە، ماوەیەکی زۆر بەدوای ناوێک یان وەسفێکدا گەڕام بۆ ئەو حاڵەتە یان ئەو دۆخە کە وا لەو بەینەدا، ئەم هەلومەرجەی ئێستای دەسەڵاتی سیاسیو حیزبی بەتایبەت دوو حیزبی دەسەڵاتداری تیا نقووم بووە، نەگەیشتمە هیچ وەسفێک، هەتا دواجار دەستەواژەی (دیکتاموکراتی)م بەخەیاڵدا هات. نازانم ئەم وشەیە پێشتر بەکارهاتووە یان نا؟، بەڵام لای من لە ئاکامی بیرکردنەوەیەکی زۆر قووڵ لە هەلومەرجی ئێستای کوردستانو بەتایبەت ئەو هەلومەرجە ئەخلاقیو مەعنەویو سایکۆلۆژییەی بانگەشەی هەڵبژاردنەکان لەگەڵ خۆی هێنای، ئەو تەوقیتەی کە جارێکی دیکە جوگرافیا فیکریو حیزبیو سیاسیی کوردستانی سەرلەنوێ بە ئاقاری گرژیو رووبەڕووبوونەوە بردەوە.. بەتایبەت ئەو هەلومەرجەی تاکی کوردی خستە بەردەم کۆمەڵێک پرسیاری سادەی نەزۆکەوە. ئاخر ناکرێت ئەو تاکەی لە ئەنجامی ئەزمونی لەگەڵ سیستمی حوکمڕانی دیکتاتۆریدا، تاکێکی پاسیڤو بێ ئیرادەو دەستەپاچەی لێدەرچووە، دەسەڵاتێکیش کە خەباتی لەدژی ئەو دیکتاتۆرییەتە دەکرد کەچی هیچ پرۆژەیەکی وای بەدەستەوە نییە بۆ دروستکردنەوەو دارشتنەوەو بینناکردنەوەی دەروونیو سایکۆلۆژیو مەعنەویی ئەو تاکە رووخاوە، بگرە کاری سەختتری لەسەر قووڵکردنەوەو تۆخکردنەوەی حاڵەتی پاسیڤیو دەستەپاچەییو ناهۆیشیاریی تاکی کورد کردووەو ئێستا تۆوی جەهالەتی پێ دەچنێتەوەو دیواری ئیمپراتۆرییەتی مانەوەی خۆی پێ پتەودەکات، دەسەڵاتێک قسە لە دیموکراتییەت دەکات، بەڵام لە جەهالەتی میللەتەکەی سوودمەندە.. قسە لە دیموکراتییەت دەکاتو خۆی لێ بەدوور دەگرێت، بە قسە دژ بە دیکتاتۆرییەتە، کەچی بە کردار پێی ناوترێت دیموکراتی، ئەمە لای من تەنیا ناوی (دیکتاموکراتییەت)ە..

> **قسە لە دیموکراتییەت دەکاتو خۆی لێ بەدوور دەگرێت، بە قسە دژ بە دیکتاتۆرییەتە، کەچی بە کردار پێی ناوترێت دیموکراتی، ئەمە لای من تەنیا ناوی (دیکتاموکراتییەت)ە**

* چەند دێڕێک لە گۆرانییەکی دیاری قەرەداغی

(١) ئازاد قەزاز، کتێبی (مرۆڤو دەسەڵات)، لاپەڕە (٧٠)

kurdish@venusfaiq.com

لیستی گۆڕان راستییەکانی سەلماند

ئەمین جاف

لەدوای شکستی رێکەوتننامەکەی (١)ی ئازار، دڵسۆزانی گەلەکەمان توانییان شۆڕشێکی نوێ لە گۆڕەپانی کوردستاندا بەگوڕوتینێکی بێوێنە هەڵگیرسێننەوە، سەرئەنجامی ئەو شۆڕشە راپەڕینە مەزنەکەی بەهاری (١٩٩١) گەلی کوردستان بوو.

سەرکردایەتی کورد بەهەردوو حیزبەکەی دەسەڵاتەوە نەیانتوانی ئەو هەلە مەزنە بقۆزنەوە، هەرچۆن نەیانتوانی رووخاندنی رژێمی بەعسیش بقۆزنەوە، ئەو نائومێدییەی کە لەلای کۆمەڵانی خەڵک دروستبووبوو، بەهەمانشێوە لەناو حیزبەکانی دەسەڵاتدا رەنگیدایەوە، بەتایبەت لەناو باڵەکانی یەکێتی نیشتمانیدا، نەوشیروان مستەفا، هەڵگری دروشمی چاکسازیی ناو یەکێتیو کەسایەتی دووەمی ئەو حیزبە، پاش ئەو هەموو هەوڵو تێکۆشانەی لە سەرەتای راپەڕینەوە هەتا سەرەتای ساڵی (٢٠٠٩) هەموو تواناکانی خستەکار بۆ چاکسازیی لەناو حیزبەکەیدا بۆئەوەی کە بتوانێت جۆرێک لە چاکسازیش لە سیستمی حوکمڕانی کوردستاندا بەدەسبهێنێت، بەڵام هەموو ئەو هەوڵانە نەگەیشتن بە ئاکام.

نەوشیروان مستەفا کە تەمەنی سیاسی زیاد لە (٤٠) ساڵە، وەک سەرکردەیەکی کوردو سیاسەتمەدارێکی بلیمەت بەهۆی ئەو هەموو خەسڵەتە کەم وێنانەی کە لەو کەسایەتیەدا کۆبوونەتەوە، بەدرێژایی تەمەنی سیاسیی توانی وەک سەرکردەو ئەندازیارێک سێ سەرکەوتنی مەزن بۆ کورد بەدەسبهێنێت ئەویش:

* سەرهەڵدانی شۆڕشی کوردستان لەدوای رێکەوتننامەکی جەزائیر.
* دارشتنی بەرنامەی راپەڕینەکەی کوردستان لە بەهاری (١٩٩١).
* رێکخستنەوەی مالی کورد لە لیستی گۆڕاندا.

سەرهەڵدانی گۆڕان وەک بزووتنەوەیەکی گۆڕانخواز وەرچەرخانێکی سیاسیی مێژوویی هێنایەکایەوە لەسەر ئاستی ناوچەکەو عێراقو کوردستاندا.

بەشداریکردنی لیستی گۆڕان بەو تەمەنە کورتەوە کە لە دوو سێ مانگ تێنەدەپەڕی، ئەمە خۆی لەخۆیدا سەرسوڕمانێکی گەورەی لەلای هەموو چاودێرە سیاسییەکان دروستکردبوو، نارەزاییەکانی کۆمەڵانی خەڵک بەهەموو چینو توێژەکانیەوە گوژمێکی ئەوەندە بەهێزی بەخشی بە لیستی گۆڕان کە ئاکامەکانی زیاتربوون لەوەی کە ئەو لیستە خۆی بۆ ئامادەکردبوو.

کەواتە لیستی گۆڕان کام راستیانەی سەلماند؟

* لیستی گۆڕان رۆڵێکی کاریگەریی دەبێت لە پەرلەماندا، جا ئەگەر بەشداریی لە حکومەتدا بکات یاخو نەیکات، کەواتە گۆڕانکاریی دروستبوو، ئاواتەکانیش بەشێکی هاتەدی.
* ئەو راستییەی سەلماند کە زۆر دەمێک بوو کۆمەڵانی خەڵک نارازیبوون لە ئەداو کارەکانی حکومەتی کوردیو حیزبەکانی دەسەڵات.
* ئەو راستییەی سەلماند کە ئیتر جەماوەر باوەڕی بە هیچ حیزبێک نەماوە، نەک لە کوردستاندا تەنانەت لە ناوچەکەو عێراقیشدا.
* بەرنامەکانی ئەو لیستە هیوایەکی ئەوتۆی بەخشی بە خەڵک کە ببێت بە سەرەتایەک بۆ بەدیهێنانی ئاواتەکانی گەلەکەمان دوور لە رەفتارەکانی رابردوو.
* ئەو پشتگیرییە بەرفراوانەی جەماوەر لەم هەڵبژاردنەدا لە لیستی گۆڕان، بڕوایەکی وای لەلای خەڵک دروستکرد، سەلماندی کە ئەو لیستە بووە بە سەرقافلەی زۆربەی لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان لە کوردستاندا.
* ئەم هەڵبژاردنە ئەو راستییەشی سەلماند کە لیستی گۆڕان لە داهاتوودا لەژێر هەر چەترو ناونیشانێکدا بەشداریی لە هەڵبژاردنەکانی عێراقو کەرکوکو پارێزگاکانی هەرێمدا دەکاتو گەورەترین سەرکەوتن بەدەسدەهێنێت.

ـ إعلان ـ

عن شركة البلاغ للأستثمار «ش.م.ل»

ـ مزايدة ـ

إشارةً الى العقد الموقع مع الهيئة العامة للسياحة و شركتنا «شركة البلاغ الأستثمار ش.م.ل ـ اللبنانية» المسجلة تحت الرقم سجل التجاري (٨٠٠٨٢٣٢) ـ بعبدا ـ لبنان و على ضوءه جئنا لندعي كل من له الرغبة و الخبرة بايجار المرافق الخاصة بمشروع سرجنار السياحي المتكون من عديد (الكوشكات و المطاعم المختلفة و ريستورانت متنوعة)..

التي سوف تطرح للمزايدة العلنية بالحضور يوم ٢٠٠٩/٨/١٦ لأستلام و ملء أولاً: ـ

إستمارة إستعداداً للمشاركة و ذلك في مقر مشروع سرجنار السياحي و الأطلاع على المرافق و العقد التي تؤجر و تكون المزايدة يوم ٢٠٠٩/٨/٢٠ التي تجري في الساعة (١٠) صباحاً في مقر المشروع في سرجنار أيضاً.

وعذراً لعدم قبول المشاركين اللذين لم يملؤا الأستمارة المطلوبة. و من المطلوب جلب التأمينات اللازمة ليوم المزايدة و شكراً.

الملاحظة: ـ لمزيد من المعلومات الأتصال بالسادة: ـ

ـ المحامي سؤران محوي ٠٧٧٠١٥٦٦٤٨٤

ـ السيد رعد عبدالله ٠٧٥٠٤٦٠٣٧٣٣

ـ السيد مهندس دفاع كتاب ٠٧٧٠٢٢١٣٤٨٩

المقرالرئيسي: ـ

ـ لبنان ٠٩٦١٠٤٧٢٣٥٠٢

فاكس ٠٩٦١٠٤٧٢٣٥٠١

دادگای کەتن سلێمانی/ ١ — ژمارە: ٢١٣٧/ج/٢٠٠٩ — بەروار: ٢٠٠٩/٦/٢٤

«ئاگاداری»

بۆ تۆمەتباری راکردوو لقمان عبدالوهاب محمد

لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (ژمارە ٦) لە یاسای (پەرلەمان) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (بەختیاری) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بڕیارماندا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە رۆژی ٢٠٠٩/٨/١٧ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادە بیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادوەر/ عادل محمد توفیق

دادگای کەتن سلێمانی/ ١ — ژمارە: ٦٢٧/ج/٢٠٠٩ — بەروار: ٢٠٠٩/٧/١٣

«ئاگاداری»

بۆ تۆمەتباری راکردوو شیرکۆ رووف پیروەیس

لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٣١) لە یاسای (سزادان) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (ساردا) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بڕیارماندا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە رۆژی ٢٠٠٩/٩/٨ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادە بیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادوەر/ عادل محمد توفیق

دادگای کەتن سلێمانی/ ١ — ژمارە: ١٦٥٥/ج/٢٠٠٩ — بەروار: ٢٠٠٩/٧/٩

«ئاگاداری»

بۆ تۆمەتباری راکردوو مصطفى عبدالحميد محمد

لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٢١) لە یاسای (هاتوچۆ) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (ئازادی) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بڕیارماندا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە رۆژی ٢٠٠٩/٨/٣١ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادە بیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادوەر/ عادل محمد توفیق

هەرێمی کوردستان / عێراق — ژمارە: ٣٤٧/ ش /٢٠٠٩
ئەنجومەنی دادوەری — بەروار: ٦ / ٨ / ٢٠٠٩
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی کەرکوک لە سلێمانی
دادگای باری کەسێتی چەمچەماڵ — ئاگاداری
داواکار / مینا عزیز محمد صالح
داوالێکراو / سامان مجید محمد صالح — کە ئێستا ناونیشانت نادیارە

داواکار (مینا عزیز محمد صالح) داوایەکی بە ژمارە (٣٤٧ / ش /٢٠٠٩) لەم دادگایە تۆمار کردووە لە سەرت لەم دادگایە، وە دادگا بریاری خۆی دەرکرد لەبەرواری (٦ / ٨ / ٢٠٠٩) بە (جیابوونەوەت) لە بەر نادیاری شوێنی نیشتەجێ بوونت . دادگا بریاری دا ئاگادارت بکاتەوە بە هۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆی رۆژانەوە ، ئەگەر لەماوەیی یاسایی هەڵنەسیت بە تانە لێدانی یان پێداچوونەوەی بڕیارەکە ، ئەوا بڕیارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت بە حەقت بەپێی یاسا .

دادوەر / شوان حبیب صالح

هەرێمی کوردستان /عیراق — ژمارە /١٩٧ /ش/٢٠٠٩
ئەنجومەنی دادوەری — بەروار /٢٠٠٩/٨/٤
دادگایباری کەسێتی لەهەلەبجە — ئاگانامە
داواکار : سەردار سالار عبدالرحیم
داوالێکراوی شوین نادیار /سالار عبدالرحیم حمه امین

داواکار (سەردار سالارعبدالرحیم) داوایەکی بە ژمارە (١٩٧/ش/٢٠٠٩) لەم دادگایە تۆمارکردوە لەسەرت بەمەبەستی سەلماندنی رەجەلەکی خۆی وبرا وخوشکەکەی (سامان وسەرحەد) لەجێی هاوسەریەتی نیوان تۆ و هاوسەرەکەت (حبسه نادر اخەوەیس) وەلەبەر ئەوەی شوینی نیشتەجێ بونت نادیارە دادگابریاری دا لەریگەی دوروژنامەی ناوخۆی رۆژانەوە کەئەگەر رۆژی دیاری کراوی دادبینی کەدەکەویتە رۆژی ٢٠٠٩/٩/٢٧ خۆتان یان بریکریکتان ئامادەنەبیت ئەوا دادگاداواکە دەبینیت بەنائامادەی وبەگویرەی یاسا.

دادوەر/ قادر محمد نوری

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی

کارگیری خۆجێیەتی / بەرێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
بانگەوازی ئاشکرا ٤٥ – R١

پرۆژە: نۆژەنکردنەوەی مزگەوتی (بەهەشت + ئیمان) لە سلێمانی.

* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێریو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (١) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.

* وەرگرتنی تەندەر لە رۆژی ٢٠٠٩/٨/١٢ دەست پێ دەکات تا رۆژی ٢٠٠٩/٨/١٧ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.

* دواروژی گەڕانەوەی تەندەر رۆژی ٢٠٠٩/٨/٢٥ کاتژمێر ٩¬ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی

* رۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر رۆژی ٢٠٠٩/٨/٢٥ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.

مەرجەکانی بەشداری کردن:

١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ١٠) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.

٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەرێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).

٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.

٤- بڕی تەئمینات بەپێی یاساو رێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٢٠٠٠٠٠٠) دوو ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ رۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.

٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.

٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆسالی نوێ و پێناسەیان پێبێت.

٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (٨٠٠٠) هەشت هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.

٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.

٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.

١٠- نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.

١١- بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.

١٢- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیاکان نرخی یەکەی دەرخستەکە جگە لە ژمارە بە نووسینیش بنووسێت وە بە پێچەوانەوە تەندەرەکەی ناکرێتەوە.

عمر احمد امین
پارێزگاری سلێمانی بە وەکالەت

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی

کارگیری خۆجێیەتی / بەرێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
بانگەوازی ئاشکرا ٨ – R٣

پرۆژە: دابینکردنی یاری منداڵان بۆ سەرقەڵا.

* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێریو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (١) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.

* وەرگرتنی تەندەر لە رۆژی ٢٠٠٩/٨/١٢ دەست پێ دەکات تا رۆژی ٢٠٠٩/٨/١٧ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.

* دواروژی گەڕانەوەی تەندەر رۆژی ٢٠٠٩/٨/٢٥ کاتژمێر ٩¬ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی

* رۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر رۆژی ٢٠٠٩/٨/٢٥ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.

مەرجەکانی بەشداری کردن:

١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ١٠) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.

٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەرێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).

٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.

٤- بڕی تەئمینات بەپێی یاساو رێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (١٥٠٠٠٠٠٠) یەک ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ رۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.

٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.

٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆسالی نوێ و پێناسەیان پێبێت.

٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (٥٠٠٠) پێنج هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.

٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.

٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.

١٠- نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.

١١- بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.

١٢- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیاکان نرخی یەکەی دەرخستەکە جگە لە ژمارە بە نووسینیش بنووسێت وە بە پێچەوانەوە تەندەرەکەی ناکرێتەوە.

عمر احمد امین
پارێزگاری سلێمانی بە وەکالەت

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی

کارگیری خۆجێیەتی / بەرێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
بانگەوازی ئاشکرا ٦٧٧ – R٣

پرۆژە: تەواوکاری ئاوەڕۆی سندوقی لە رزگاری.

* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێریو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (١) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.

* وەرگرتنی تەندەر لە رۆژی ٢٠٠٩/٨/١٢ دەست پێ دەکات تا رۆژی ٢٠٠٩/٨/١٧ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.

* دواروژی گەڕانەوەی تەندەر رۆژی ٢٠٠٩/٨/٢٥ کاتژمێر ٩¬ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی

* رۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر رۆژی ٢٠٠٩/٨/٢٥ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.

مەرجەکانی بەشداری کردن:

١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ١٠) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.

٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەرێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).

٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.

٤- بڕی تەئمینات بەپێی یاساو رێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٧٥٠٠٠٠٠) سەدو پەنجا ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ رۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.

٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.

٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆسالی نوێ و پێناسەیان پێبێت.

٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (٧٥٠٠٠٠) حەوت سەدو پەنجا هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.

٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.

٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.

١٠- نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.

١١- بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.

١٢- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیاکان نرخی یەکەی دەرخستەکە جگە لە ژمارە بە نووسینیش بنووسێت وە بە پێچەوانەوە تەندەرەکەی ناکرێتەوە.

عومەر أحمد امین
پارێزگاری سلێمانی بە وەکالەت

خاوەنی ئیمتیاز:
کۆمپانیای وشە

سەرنووسەر:
عەدنان عوسمان
ednan.rozhnama@yahoo.com – adnan@rozhnama.com

بەرێوەبەری نووسین
ئاودێر شێخ عومەر
awder.sh.omer@gmail.com

دەستـــەی نووســـەران

سیروان رەشید ٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ serwan_rm@yahoo.com
فازڵ نەجیب ٠٧٧٠١٥٢٦٥٨٣ fazil988@yahoo.com
هیوا جەمال ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦ hiwa.jamal@yahoo.com
فرمان عەبدولڕەحمان ٠٧٧٠٢٢٣٣٣٠٤ frman802001@yahoo.com

ب. ئۆفیسی هەولێر
ئیبراهیم عەلی ٠٧٥٠٤٤٤٧١٠٩

کارگێریو ریکلامو ئاگاداری
٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩ – ٠٧٤٨٠١٢١١٤٤
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com

دابەشکردن:
کۆمپانیای نێوەند ٠٧٧٠١٥١٧٥٣٣ – ٠٧٧٠١٥٤٤٧٨٠

ئۆفیسی سەرەکیی:
سلێمانی – بەختیاری – پشت بەرێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی سلێمانی

ئۆفیسی هەولێر:
شەقامی زانکۆ ٩٤ نزیک چواڕیانی حەمرین، تەنیشت بەرێوەبەرایەتی ژینگەی هەولێر

ئاگادارییەکانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان
اعلانات المفوضية العليا المستقلة للأنتخابات

اعلان

اصدر مجلس المفوضين قراره المرقم (٥) قراره للمحضرالاستثنائي رقم (٥٠) والمؤرخ في ٢٠٠٩/٧/١٨ الاتي :
الموافقة على رد الشكوى المقدمة من قبل قائمة الخدمات والاصلاح/لجنة دهوك لعدم تحديد جهة المشكو منه .
قراراً قابلاً للاستئناف امام الهيئة القضائية للانتخابات خلال ثلاثة ايام تبدأ من اليوم التالي للنشر .
مجلس المفوضين

ئاگاداری

دەستەی کۆمیسەران بریاری ژمارە (٥)ی لەسەر کۆنووسی نائاسایی ژمارە (٥٠)ی لە ڕێکەوتی ٢٠٠٩/٧/١٨ بەم جۆرە دەرکرد :
ڕەزامەندی لەسەر ڕەتکردنەوەی ئەو سکاڵایە کە لەلایەن لیستی (خزمەتگوزاری و چاکسازی) لێژنەی دهۆک پێشکەشکرابوو ئەوەش لەبەرئەوەی چونکە لایەنی سکالالێکراوی تیا دیارنەکراوە.
ئەم بریارە قابیلی تیاهەڵچوونەوەیە بەرامبەر دەشتەی دادوەرانی هەڵبژاردنەکان ئەوەش لەماوەی سێ ڕۆژدا لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەیدا دەست پێدەکات.
دەستەی کۆمیسەران

اعلان

اصدر مجلس المفوضين قراره المرقم (٦) قراره للمحضرالاستثنائي رقم (٥٠) والمؤرخ في ٢٠٠٩/٧/١٨ الاتي :
الموافقة على رد الشكوى المقدمة من قبل قائمة التغيير ضد الحزب الديمقراطي الكردستاني في السليمانية كون الموقع الالكتروني غير تابع للمشكو منه ولعدم تقديم الادلة الكافية لاثبات عائدية الموقع للحزب الديمقراطي
قراراً قابلاً للاستئناف امام الهيئة القضائية للانتخابات خلال ثلاثة ايام تبدأ من اليوم التالي للنشر .
مجلس المفوضين

ئاگاداری

دەستەی کۆمیسەران بریاری ژمارە (٦)ی لەسەر بریاری کۆنووسی نائاسایی ژمارە (٥٠)ی لە ڕێکەوتی ٢٠٠٩/٧/١٨ دا دەرکرد :
ڕەزامەندی لەسەر ڕەتکردنەوەی ئەو سکالایە کە لەلایەن لیستی (گۆران)ەوە پێشکەشکرابوو لە دژی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو لە سلێمانی چونکە بوونی شوێنی ئەلیکترۆنی سەر بەلایەنی سکالالێکراو نییە و بەڵگەی دڵنیاکاری وەهاش نەبوو کە ئەو بسەلمێنی کە ئەو شوێنە سەر بەحیزبی ناوبراو بێ.
ئەم بریارە قابیلی تیاهەڵچوونەوەیە بەرامبەر بە دادوەری هەڵبژاردنەکان، ئەمەش لەماوەی سێ ڕۆژدا لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی بریارەکەدا.
دەستەی کۆمیسەران

اعلان

اصدر مجلس المفوضين قراره المرقم (٧) قراره للمحضرالاستثنائي رقم (٥٠) والمؤرخ في ٢٠٠٩/٧/١٨ الاتي :
الموافقة على رد الشكوى المقدمة من قبل القائمة الكردستانية في السليمانية في ٢٠٠٩/٧/٢ ضد قائمة التغيير لعدم وجود دليل على ان المجموعة التي قامت بالهجوم على احد اعضاء البيشمركة القدامى المدعو (عزت حسن عزيز) ينتمون لقائمة التغيير
قراراً قابلاً للاستئناف امام الهيئة القضائية للانتخابات خلال ثلاثة ايام تبدأ من اليوم التالي للنشر .
مجلس المفوضين

ئاگاداری

دەستەی کۆمیسەران بریاری ژمارە (٧)ی لەسەر کۆنووسی نائاسایی ژمارە (٥٠)ی لە ڕێکەوتی ٢٠٠٩/٧/١٨ بەمجۆرەدا:
ڕەزامەندی لەسەر ڕەتکردنەوەی ئەو سکالایە کە لەلایەن لیستی کوردستانییەوە لە سلێمانی لە ڕێکەوتی (٢٠٠٩/٧/٢) پێشکەشکراوە. ئەوەش دژی لیستی (گۆران) ئەوەش لەبەر نەبوونی بەڵگە کە گوایا ئەو کۆمەڵە پەڵاماری یەکێک لە پێشمرگە دێرینەکانیان داوە کە ناوی (عزت حسن عزیز)ە ، کەسانێکن سەر لیستی (گۆران)ن.
ئەم بریارە قابیلی تیاهەڵچوونەوەیە بەرامبەر بە دەستەی دادوەرانی هەڵبژاردنەکان ، ئەوە لە ماوەی سێ ڕۆژدا لە ڕۆژی یەکەمی بڵاوکردنەوەیدا.
دەستەی کۆمیسەران

اعلان

اصدر مجلس المفوضين قراره المرقم (٨) قراره للمحضرالاستثنائي رقم (٥١) والمؤرخ في ٢٠٠٩/٧/٢٥ الاتي :
رد الشكوتين المقدمة من قبل حزب كادحي كردستان ضد قائمة الخدمات والاصلاح لعدم وجود اي خرق في تصريحات قائمة الخدمات والاصلاح ولتنفيذهم قرار مجلس المفوضين رقم ٢٩ للمحضر الاستثنائي ٥٠ المؤرخ في ٢٠٠٩/٧/١٨ وبأمكان حزب كادحي كردستان تحريك دعوى جزائية ضد السيد قادر عزيز كونه غير معرف لدى المفوضية لانسحابه من الترشيح قبل المصادقة على المرشحين.
قراراً قابلاً للاستئناف امام الهيئة القضائية للانتخابات خلال ثلاثة ايام تبدأ من اليوم التالي للنشر.
مجلس المفوضين

ئاگاداری

ئەنجومەنی کۆمیسیاران بریاری ژمارە (٨)ی کۆنووسی نائاسایی (٥١)ی ڕۆژی ٢٠٠٩/٧/٢٥ بەم شێوەیە دەرکرد:
*ڕەتکردنەوەی هەردوو سکالای پێشکەشکراو لەلایەن حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان دژی لیستی خزمەتگوزاری وچاکسازی لەبەر نەبوونی پێشێلکاری لە لیدوانەکانی لیستی خزمەتگوزاری وچاکسازی ولەبەر ئەوەی ئەوانە بریاری ئەنجومەنی کۆمیسیاران ژمارە (٢٩)ی کۆنووسی (٥٠)ی ڕۆژی ٢٠٠٩/٧/١٨ جێبەجێیانکردوە، وحزبی زەحمەتکێشانی کوردستانی دتوانێ داوایەکی سزایی بجوولێنێ دژی بەڕێز (قادر عەزیز) چونکە لەلایەن کۆمیسیۆنەوە نەناسراوە لەبەر خۆکێشانەوەی لە کاندیدکردن پێش پەسەندکردنی کاندیدکراوان.
بریارێکە شیاوی پێداچوونەوەیە لەبەردەم دەستەی دادوەری هەڵبژاردنەکان لە هەرێمی کوردستان دا لە ماوەی سێ ڕۆژدا کە لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوە دەست پێدەکات.
ئەنجومەنی کۆمیسیاران

اعلان

اصدر مجلس المفوضين قراره المرقم (٩) قراره للمحضرالاستثنائي رقم (٥٠) والمؤرخ في ٢٠٠٩/٧/١٨ الاتي :
الموافقة على رد الشكوى المقدمة من قبل قائمة التغيير ضد الحزب الديمقراطي الكردستاني في السليمانية بخصوص الحادثة التي قام بها احد مؤيدي قائمة التغيير في ليلة ٢٠٠٩/٦/٣٠ على ٢٠٠٩/٧/١ لعدم اختصاص المفوضية وبأمكان المشتكي اللجوء الى القضاء
قراراً قابلاً للاستئناف امام الهيئة القضائية للانتخابات خلال ثلاثة ايام تبدأ من اليوم التالي للنشر .
مجلس المفوضين

ئاگاداری

دەستەی کۆمیسەران بریاری ژمارە (٩) لەسەر بریاری کۆنووسی نائاسایی ژمارە (٥٠) لە ڕێکەوتی ٢٠٠٩/٧/١٨ بەم جۆرە دەرکرد :
ڕەزامەندی لەسەر ڕەتکردنەوەی ئەو سکالایە کە لەلایەن لیستی کوردستانی لە سلێمانی پێشکەشکرابوو دژی لیستی (گۆران) لە ڕێکەوتی ٢٠٠٩/٦/٣٠ و ٢٠٠٩/٧/١دا ئەو کارەی کردبوو ، داواکە ڕەتکرایەوە چونکە داوای وەها تایبەت بە کۆمیسیۆن نییە، سکالاکار دەتوانێ داواکەی بخاتە بەردەم دادوەر .
ئەم بریارە قابیلی تیاهەڵچوونەوەیە لەبەردەم دەستەی دادوەری هەڵبژاردنەکاندا لەماوەی سێ ڕۆژدا لە ڕۆژی یەکەمی بڵاوبوونەوەیدا .
دەستەی کۆمیسەران

اعلان

اصدر مجلس المفوضين قراره المرقم (١٠) قراره للمحضرالاستثنائي رقم (٥٠) والمؤرخ في ٢٠٠٩/٧/١٨ الاتي :
الموافقة على رد الشكوى المقدمة من قبل ممثل القائمة الكردستانية في ٢٠٠٩/٦/٣٠ حول قيام مؤيدي قائمة التغيير في ليلة ٢٨-٢٩ /٢٠٠٩/٦ بسد الطرق على مؤيدي القائمة الكردستانية وسكب الماء عليهم لعدم وجود اي خرق لقواعد الحملة الانتخابية وانما هناك خرق لقواعد المرور العامة
قراراً قابلاً للاستئناف امام الهيئة القضائية للانتخابات خلال ثلاثة ايام تبدأ من اليوم التالي للنشر .
مجلس المفوضين

ئاگاداری

دەستەی کۆمیسەران بریاری ژمارە (١٠)ی لەسەر بریاری کۆنووسی نائاسایی ژمارە (٥٠)ی لە ڕێکەوتی ٢٠٠٩/٧/١٨ بەم جۆرە دەرکرد :
ڕەزامەندی لەسەر ڕەتکردنەوەی ئەو سکالایە کە لەلایەن نوێنەری لیستی کوردستانیەوە لە ڕێکەوتی ٢٠٠٩/٦/٣٠ سەبارەت بەکاری ناڵەباری یەکێک لە هەوادارانی لیستی (گۆران)ەوە پێشکەشکراوە ، کە گوایا لە شەوی ٢٨-٢٠٠٩/٦/٢٩دا کە ڕێگەی لەسەر هەواداراني لیستی کوردستانی گرتووە و ئاوپژینی کردوون ، لەبەر نەبوونی سەرپێچی کردنی یاساکانی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان ، داواکە ڕەتکرایەوە چونکە ئەو جۆرە سەرپێچانە سەر بەیاساکانی هاتووچۆی گشتین.
ئەم بریارە قابیلی تیاهەڵچوونەوەی هەیە بەرامبەر بەدەستەی دادوەرانی هەڵبژاردنەکان لەماوەی سێ ڕۆژدا لە یەکەم ڕۆژی بڵاوکردنەوەی.
دەستەی کۆمیسەران

اعلان

اصدر مجلس المفوضين قراره المرقم (١٠) قراره للمحضرالاعتيادي رقم (٥٩) والمؤرخ في ٢٠٠٩/٧/٢٤ الاتي :
رد الشكاوى اعلاه والمقدمة من قبل القائمة الكردستانية في محافظة دهوك حول قيام بعض الاشخاص بتمزيق الدعاية الانتخابية العائدة لها وكسر زجاج سيارة تحمل صورة السيد مسعود البارازاني لعدم تحديد جهة المشكو منه وبالامكان تحريك الدعوى الجزائية .قراراً قابلاً للاستئناف امام الهيئة القضائية للانتخابات خلال ثلاثة ايام تبدأ من اليوم التالي للنشر .
مجلس المفوضين

ئاگاداری

ئەنجومەنی کۆمیسیاران بریاری ژمارە (١٠)ی کۆنووسی ئاسایی ژمارە (٥٩) لە ڕێکەوتی ٢٠٠٩/٧/٢٤ بەم شێوەیە دەرکرد:
ڕەتکردنەوەی سکالای پێشکەشکراو لەلایەن لیستی کوردستانی لە پارێزگای دهۆک سەبارەت بە دراندنی پرۆپاگەندەی هەڵبژاردنی لیستی کوردستانی لەلایەن هندێک کەسەوە وشکاندنی شووشەی ئەو ئۆتۆمبێلانەی هەڵگری وێنەی بەڕێز مەسعود بارزانی بوون، لەبەر دیاری نەکردنی لایەنی سکالا لێکراو، و دەتوانرێ داوایەکی سزایی بجوولێنێ.
بریارێکە شیاوی پێداچوونەوەیە لەبەردەم دەستەی دادوەری هەڵبژاردنەکان لە هەرێمی کوردستان دا لە ماوەی سێ ڕۆژدا کە لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوە دەست پێدەکات.
ئەنجومەنی کۆمیسیاران

اعلان

اصدر مجلس المفوضين قراره المرقم (١١) قراره للمحضرالاستثنائي رقم (٥٠) والمؤرخ في ٢٠٠٩/٧/١٨ الاتي :
الموافقة على رد الشكوى المقدمة من قبل قائمة التغيير ضد القائمة الكردستانية حول قيام الاخيرة بتعليق ملصقاتها الانتخابية على دائرة التقاعد لعدم ثبوت الواقعة
قراراً قابلاً للاستئناف امام الهيئة القضائية للانتخابات خلال ثلاثة ايام تبدأ من اليوم التالي للنشر .
مجلس المفوضين

ئاگاداری

دەستەی کۆمیسەران بریاری ژمارە (١١)ی لەسەر بریاری کۆنووسی نائاسایی ژمارە (٥٠)ی لە ڕێکەوتی ٢٠٠٩/٧/١٨ بەم جۆرە دەرکرد:
ڕەزامەندی لەسەر ڕەتکردنەوەی ئەو سکالایە کە لەلایەن لیستی گۆڕان دژ بە لیستی کوردستانی پێشکەشی کردبوو سەبارەت بە لیستی کوردستانی کە گوایا هەڵواسراوە دیوارییەکانیان لە فەرمانگەی خانەنشینی هەڵواسیووە ، داواکەی ڕەتکرایەوە چونکە ڕووداوەکەمان لا جێگیر نەبوو .
ئەم بریارە قابیلی تیاهەڵچوونەوەی هەیە بەرامبەر بەدەستەی دادوەرانی هەڵبژاردنەکان لەماوەی سێ ڕۆژدا لە یەکەم ڕۆژی بڵاوکردنەوەی.
دەستەی کۆمیسەران

اعلان

اصدر مجلس المفوضين قراره المرقم (٩) قراره للمحضرالاعتيادي رقم (٦١) والمؤرخ في ٢٠٠٩/٧/٢٥ الاتي :
رد الشكوتين اعلاه والمقدمتين من قبل القائمة الكردستانية حول قيام اشخاص مجهولين بتمزيق بعض ملصقات حملتهم الدعائية بجانب جامع ملا علي وساحة مه زين لعدم تحديد جهة المشكو منه .
قراراً قابلاً للاستئناف امام الهيئة القضائية للانتخابات خلال ثلاثة ايام تبدأ من اليوم التالي للنشر .
مجلس المفوضين

ئاگاداری

ئەنجومەنی کۆمیسیاران بریاری ژمارە (٩)ی کۆنووسی نائاسایی (٥١)ی ڕۆژی ٢٠٠٩/٧/٢٥ بەم شێوەیە دەرکرد:
*ڕەتکردنەوەی سکالای پێشکەشکراو لەلایەن لیستی خزمەتگوزاری وچاکسازی دژی لیستی کوردستانی سەبارەت بە دراندنی پۆستەرەکانی لیستی خزمەتگوزاری وچاکسازی لەلایەن لیستی کوردستانی لەبەر ناسەلماندنی ڕووداوەکە وە لەبەر ئەوەی سکالاکار ئەو بەڵگانە پێشکەش نەکرد کە سکالاکە بسەلمێنێ.
بریارێکە شیاوی پێداچوونەوەیە لەبەردەم دەستەی دادوەری هەڵبژاردنەکان لە هەرێمی کوردستان دا لە ماوەی سێ ڕۆژدا کە لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوە دەست پێدەکات.
ئەنجومەنی کۆمیسیاران

اعلان

اصدر مجلس المفوضين قراره المرقم (٢١) قراره للمحضرالاعتيادي رقم (٥٩) والمؤرخ في ٢٠٠٩/٧/٢٤ الاتي:
رد الشكوى المقدمة من قائمة الخدمات والاصلاح /دهوك ضد القائمة الكردستانية حول قيام الاخيرة باستخدام الدوائر الحكومية في لصق دعايتها الانتخابية لعدم تقديم الادلة الثبوتية.
قراراً قابلاً للاستئناف امام الهيئة القضائية للانتخابات خلال ثلاثة ايام تبدأ من اليوم التالي للنشر .
مجلس المفوضين

ئاگاداری

دەستەی کۆمیسەران بریاری ژمارە (٢١) بریاری کۆنووسی نائاسایی ژماری (٥٠) لە ڕێکەوتی ٢٠٠٩/٧/١٨ وەک لە خوارەوە دەرکرد :
ڕەزامەندی لە سەر ڕەتکردنەوەی سکالای پێشکەشکراو لە لایەن لیستی (خزمەتگوزاری و چاکسازی لە هەولێر) سەبارەت بەکاری ناشایستەی ڕێکخراوێکی سەر بە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ، کە لیستی بە سەر مالانی هاولاتیاندا بڵاوکردووەتەوە ، ئەو لیستە تەنیا بۆ ڕیفۆرم بووە نەک هەڵنانی یان داواکردن بۆ هەڵبژاردنی لیستێکی دیاریکراو.
ئەو بریارە قابیلی پیاهەڵچوونەوەیە لەبەردەم دەستەی دادوەرانی هەڵبژاردنەکاندا لە ماوەی سێ ڕۆژ لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی بریارەکە.
دەستەی کۆمیسەران

اعلان

اصدر مجلس المفوضين قراره المرقم (٢٨) ی کۆمیسیۆنی ئاسایی ژمارە (٥٠) ی بە مێژووی ٢٠٠٩/٧/١٨ بەم شێوەیە دەرکرد:
ڕەزامەندی لەسەر ڕەتکردنەوەی هەردوو سکالای پێشکەشکراو لەلایەن لیستی کوردستانی لە دهۆک لەبارەی دراندنی ژمارەیەک پۆستەراتی سەر بە لیستەکەو زەرب لێدان لەسەر وێنەکانی بەڕێز (مەسعود بارزانی) لەبەر دیارنەکردنی لایەنی سکالالێکراو.
بریارێکە شیاوی پێداچوونەوەیە لەبەردەم دەستەی دادوەری هەڵبژاردنەکان لەماوەی سێ ڕۆژدا کە لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەکەدا دەست پێدەکات.
ئەنجومەنی کۆمیسیاران

ئاگاداری

ئەنجومەنی کۆمیسیاران بریاری ژمارە (٢١)ی بریاری کۆنووسی ئاسایی ژمارە (٦٠)ی ڕۆژی ٢٠٠٩/٧/٢٤ بەم شێوەیە دەرکرد:
*ڕەتکردنەوەی سکالای لیستی خزمەتگوزاری وچاکسازی لە دژ کەسێکی نەناسراو دەربارەی نووسینی وتەی ناشیاو وجنێو نووسین دژی لیستەکەیان لەسەر یەکێک لە دیوارەکان لە گەرەکی (شرگە) لە دهۆک نزیک مزگەوتی (امام حمزە)، لەبەر دیاری نەکردنی لایەنی سکالالێکراو.
بریارێکە شیاوی پێداچوونەوەیە لەبەردەم دەستەی دادوەری هەڵبژاردنەکان لە هەرێمی کوردستان دا لە ماوەی سێ ڕۆژدا کە لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوە دەست پێدەکات.
ئەنجومەنی کۆمیسیاران

ئۆپۆزسیۆنی راستەقینەو کابینەی سێبەر گۆڕان چی دەکات؟

عەدنان عوسمان

دوای ئەو سەرکەوتنە گەورەیە، کە لیستی گۆڕان لە هەڵبژاردنەکانی کوردستاندا بەدەستی هێنا، پێویستە وەڵامی پرسارێکی گرنگ بدەینەوە، کە ئایا گۆڕان بە نیازی چییەو چی دەکات؟

هەڵبژاردن لە ژیانی هەر میللەتێکداو بەتایبەت لە هەر جێگەیەکی ئەم زەمینە کە ڕێز لە عورفو بنەماکانی دیموکراسی بگرێت، ساتەوەختێکی نائاساییە کە سەرجەم هێزەکانی کۆمەڵگە بە حەماسو تەنانەت گرژییەکی زۆرەوە دێنە مەیدان. کە هەڵبژاردن کۆتاییهات دوو شت دەمێنێتەوە: قەبووڵکردنی ئاکامەکانیو کارکردن لەسەر بە دیهێنانی لانیکەمی بەرنامەی هەڵبژاردن.

بۆ لیستی گۆڕان لە ئێستاداو دوای دوا بریار لەسەر ئاکامەکان، خاڵی گرنگ ئەوەیە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم قۆناغە نوێیە دەکاتو بە چ میکانیزمێک بەرنامەکانی خۆی دەباتە پێشەوە؟

پێموایە ئێمە ئیتر قۆناغێکمان بڕیو دەبێت لە ئەمڕۆوە بە چاوێکی وردەوە سەیری ئایندە بکەینو هەنگاوی بۆ بنێین. قسەی چالاکوانو ئەکتیڤەکانی گۆڕان دەبێت رووی لە وەڵامدانەوەی پرسیارە هەستیارەکانی ئەم قۆناغە بێت، کە گۆڕان وەک جووڵانەوەیەک چ شکڵێک لە خۆ دەگرێتو بە چ ئاراستەیەکدا دەڕوات؟، هەروەها فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستاندا گرنگی بە چ خاڵێک دەداتو چۆن هاوپەیمانی دەکات، واتە ئەولەویاتی لیستی ئێمە لەمەودوا چی دەبێت؟. ئەوەش بە دوو خاڵ دەکرێت:

یەکەم_ نەچوونە نێو (وەک پیشەو ڕەوشتی هەمیشەیی وشە) ئەو بازاڕگەرمییەی چەلەحانێو موهاتەرات، کە پاشماوەکانی ڕاگەیاندنی نادیموکراتیو مەدەنی بەرپایان کردووەو دەیانەوێت ڕاپێچی شەڕێکی لاوەکی بێ ناوەڕۆکو نەزۆکمان بکەن. من دەزانم کەسابەتی ئەو بەڕێزانە لەسەر ئەو پیشە نارۆژنامەنووسیو ناشارستانییەیە، پێدەچێت بۆ خۆشیان کارێکی جوانو خوازراو نەبێت، بۆیە پەنا دەبەنە بەر ناوی وەهمیو ڕوویان نایە بە ناوی ئاشکرای خۆیانەوە ئەو موهاتەراتانە بڵاو بکەنەوە، بەڵام ناچارین ئەوانو خوێنەرانیش لەوە دڵنیا بکەینەوە، کە ئێمە بە هیچ شێوەیەک ناکەوینە ئەو داوەوەو ئەوە زمانو شێوازی کارکردنی ئێمە نییە.

دووەم_ دانانی پلانو ئەجیندایە بۆ بەجێگەیاندنی خاڵو دروشمو داخوازییەکانی لیستەکەمان.

لیستی گۆڕان لیستی ئایندەو گۆڕینی واقیعی سیاسییو شێوەی کارکردی دەزگاکانی حکومەتە، لیستی وەرچەرخانە لە بێ بەرنامەییو میزاجییەتو گەندەڵی بەرەو شەفافییەتو بوونی نەخشەو قسەکردن لەسەر سەرجەم جومگەکانی ژیانی سیاسییو ئابووریو کۆمەڵایەتیمان. ئێمە کەمپەینێکی هەڵبژاردنی سەرکەوتوومان بەڕێکردو توانیمان سەرکەوتنێکی گەورە بە هەماهەنگی سەرجەم پێکهاتەکانی بزووتنەوەی گۆڕان بەدەست بهێنین، ئەم سەرکەوتنە تەنیا قۆناغی یەکەمی هەنگاوەکانمانەو پێویستە ئیتر بۆ لەمەودوا باسو خواسی سەرەکیمان، شێوەی بەدیهێنانی خاڵەکانی بەرنامەکەمان بێت. بەرنامەی لیستی گۆڕان بۆ مەبەستێکی ریکلامیو خۆشخەیاڵی نەنووسراوە، بەڵکو بەشێکی سەرەکییە لە قەناعەتو پلاتفۆرمی کارکردنی ئێمەو دەبێت خاڵ بە خاڵو برگە بە برگە هەنگاوی بۆ بنێین. بەرجەستەکردنی ئەو داخوازییانەش دیارە پێش هەموو لایەک ئەرکی فراکسیۆنی گۆڕانە لە پەرلەماندا.

ئۆپۆزسیۆنی ئیجابییو حکومەتی سێبەر

لە دوا لێدوانی برای بەڕێزمان کاک شاهۆ سەعید وتەبێژی لیستی گۆڕان باس لە بوونی ئۆپۆزسیۆنی ئیجابیی دەکرێت، کە ئەوەش بنەماو بەشێکی سەرەکییە لە عەقڵییەتی گۆڕانکارییانەی لیستی گۆڕان. ناکرێت لە وڵاتێکدا باس لە کۆمەڵگەی مەدەنیو دیموکراسی بکەیت بەبێ بوونێکی یاسایی ئۆپۆزسیۆن، کە هەم جیاوازییەکانی دیارو ڕوون بێتو هەمیش مافەکانی پارێزراو بێت. لە هەر وڵاتێکی دیموکراسی جیهاندا ئۆپۆزسیۆن بەشێکە لە سیستمی سیاسیو دامەزراوە سیاسییەکانو شانبەشانی حکومەتی ڕەسمیی، کە خاوەنی کابینەکەیە بەرنامەکانی خۆی دەباتە پێشەوە. ئۆپۆزسیۆن هەم چاودێرێکی وردی کارەکانی حکومەتەو هەمیش لە هەوڵی خۆ ئامادەکردنایە بۆ بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات لە یەکەم هەڵبژاردندا.

لە سەرەتادا دەمەوێت تێبینییەک لەسەر دەستەواژەی ئۆپۆزسیۆنی ئیجابی بدەم، کە پێموایە زۆر ڕوون نییە، چونکە گەر قسە لەسەر کۆمەڵگەی مەدەنییە، ئەوا تەنیا یەک جۆر ئۆپۆزسیۆن هەیەو ناکرێت قسە لەسەر ئیجابییو سلبی بکرێت. پێموایە لە ئێستادا کە نەتوانراوە هیچ سەقامگیرییەک لە سیستمی دەسەڵات لە کوردستاندا بکرێتو تائێستاش نەتوانراوە شکڵ بە ئۆپۆزسیۆنێکی ڕاستەقینە بدرێت، باشتر وایە بڵێین ئۆپۆزسیۆنی ڕاستەقینە نەوەک ئیجابیی. کاری ئۆپۆزسیۆنیش ناکرێت مەعتوف بکرێتە سەر ئیجابیبوونی دەسەڵات، چونکە لەو حاڵەتە لەوانەیە بوونی ئۆپۆزسیۆنو مەشروعییەتیشی بکەوێتە ژێر پرسیارەوە، بەڵام ئەوانە خاڵی لاوەکین لە ئاست ناوەڕۆکی خودی دەستەواژەکە، کە پەیوەندی بە کارنامەی لیستەکەوە هەیە لە پەرلەمانی داهاتوودا: ئێمە دەبینە ئۆپۆزسیۆنێکی ڕاستەقینەو بە وردی چاودێریی دەسەڵات دەکەینو پرۆژەی نوێ پێشنیاز دەکەینو چاو بە یاسا کۆنەکاندا دەخشێنین بە مەبەستی دروستکرنی بنەماکانی دەوڵەتو پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی بە جەماوەری هەرێم.

بەڵام دوو لە ئەرکە گرنگو هەستیارەکانی ئۆپۆزسیۆن بۆ ئەوەی ببێتە ڕکابەرێکی جدییو ڕاستەقینە، کە دەبێت لیستی گۆڕان کاری لەسەر بکات: بوونی مەودایەکی ڕۆشنە لە دەسەڵاتو دروستکردنی حکومەتی وەیا ئەنجومەنی وەزیرانی سێبەرە.

هەر هێزێکی ڕاستەقینەی ئۆپۆزسیۆن، کە بە نیازە ڕکابەرێکی جدی دەسەڵات بێتو خاوەن پرۆژەو پلان بێت، دەبێت جۆرێک لە کابینەی سێبەری هەبێتو بەرامبەر هەر وەزارەتێکی گرنگی دەوڵەت ئەویش وەزیرو ستافێکی کارای هەبێت، کە ڕۆژانە بە وردیی سەرقاڵی ئەو بوارەی خۆیان بنو چاودێریی وەزارەتی دیاریکراوی فیعلی بکەنو نەخشەو پلانو پرۆژە بۆ فراکسیۆنی پەرلەمانی ئامادە بکەن، بۆ ئەوەی کاری لەسەر بکرێت.

دروستکردنی کابینەیەکی سێبەر لەلایەن لیستی گۆڕانەوە دەبێت یەکێک لە هەنگاوەکانی داهاتوومان بێت، کە پێموایە جۆرێک لە هێزو گوڕو تینیش بە فراکسیۆنە پەرلەمانییەکەشمان دەداتو لەلای خەڵکی کوردستانیشەوە بە هەنگاوێک دادەنرێت بۆ حوکمڕانی.

ئۆپۆزسیۆن بوون لەسەر دەستی بزووتنەوەی گۆڕانەوە بوو بە ئەمری واقیعو بۆ یەکەمجار لە کوردستاندا دەبینە خاوەن ئەزموونێکی نوێ لە کاری دەوڵەتداریدا، بۆیە پێویستە هەموو لایەک: دەسەڵات بەدەستو هێزەکانی دیکەش بە جدیی مامەڵە لەگەڵ ئەم پرسە گرنگەدا بکەن. ئێمەش لە سەرمانە چواچێوەو ئەرکو شێوازەکانی کارنامەی ئۆپۆزسیۆنو پێداویستییەکانی ئۆپۆزسیۆنداریی فەراهەمو دیاری بکەین.

چاپ: چاپخانەی زەرگەتە ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٩ – ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٨ – ٣١٩٠٥١٩